

KURDISTAN


Happy International Women's Day
پیرۆز بێ ٨ی مارچ رۆژی نێونەتەوەیی ژنان
8 MARCH
کۆمەڵێک وتوویژی تایبەت
بە بۆنەی ٨ی مارچ رۆژی نێونەتەوەیی ژن
ئامادەکردنی : رەحمان نەقشی

# بەشدارانی وتووێژی ئەم نامیلکەیە



١- بەڕێز هاشم کەریمی



٢- خاتوو شلێر باپیری



٣- بەڕێز مستەفا شڵماشی



٤- خاتوو کوێستان فتوحی



٥- بەڕێز کەماڵ کەریمی



٦- خاتوو ڕۆژە عەزیزی



٧- بەڕێز قادر وریا




٨- خاتوو کویستان عومەرزادە



٩- بەڕێز برایم جەهانگیری




١٠- خاتوو کوێستان گادانی



١١- بەڕێز هەیاس کاردۆ



١٢- بەڕێز سامان فەقی نەبی



١٣- خاتوو کوێستان نستانی



١٤- خاتوو شوعلە قادری



١٥- خاتوو شەونەم هەمزەیی



١٦- بەڕێز کاوە ئاهەنگەری

# چەند وتە

خوێنەری هێژا! پێش هەموو شتێک بە پێویستی دەزانم سپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی هەموو ئەم بەڕێز و ئازیزانە بکەم کە بە وەڵام دانەوەی ئەرینی پەیام، و وەڵام دانەوەی پرسیارەکان کە بەمەبەستی ئامادە کردنی ئەم نامێلکەیە کە بۆ ڕێزگرتن لە ٨ی مارس رۆژی نێونەتەوەیی ژنان رەوانە کرابوون.

هەروەها سپاس بۆ هەڵسەنگاندن و راو بۆچوونی جۆراوجۆر لە زمان کۆمەڵێک ژن و پیاوی تێکۆشەر کە داوایان لێکرا بوو لەسەر پرس و گیرو گرفتە هەنووکەیەکانی ژنانی کۆمەڵی کوردواری زیاتر بدۆین و بە شی کردنەوەی لایەنی ئەرینی و نەرینی خەباتی ژنان بۆ وەدستهێنانی مافی یەکسانی لە گەڵ پیاوان و هەوڵدان بۆ ژیانێکی باشتر و گونجاوتر کە لە گەڵ هەڵ و مەرجی ئێستای دینای پێشکەتوو و کوردستان بگونجی. و هەروەها ئاواتەخوازم نەتەوەکەمان بە مافی دیاری کردنی چارەنووس، و دابین کردنی کۆمەڵگەیەکی بە دوور لە هەر چەشنە چەوسانەوە و سەقامگیرکردنی ئازادی و دێموکراسی کە بێشک ئەوە دەبێتە هۆی دابین کردنی ئازادی ژن و بەختیاری کۆمەڵگەی گەلی کوردمان، بە هیوای ئەو رۆژە. ئێوەش هەر سەرکەوتوو بن.

بەڕێزەوە رەحمان نەقشی

---

# ناوەرۆک

※ **هاشم کەریمی**: حیزبەکان تا رادەیەک توانیویانە ستەمی سەر ژنان کەم بکەنەوە و زۆر لە ئەندامانی هێندێک لە حیزبە کانی کوردستان لە ڕاستیدا لایەنگری مافی ژنانن، بەڵام پێمان خۆش بێ یان ناخوش ئەو حیزبانەش بە هێندێک جیاوازییەوە هەڵقوڵاوی کۆمەڵگای پیاوسالاری کوردەوارین ..............................................................

⁕ **شلێر باپیری**: ژنان لەو ناو حزبەکاندا هەر لە سەرەتای دامەزراندنی ئەم حزبانەوە بەشداریان کردووە و رۆلی خۆیان گێراوە، جا بە قوربانی دان بێ، بە خەبات بۆ نیشتمان بێ و لە هەمان کاتدا خەبات بۆ یەکسانی ژن و پیاو و بیسەلمێنن کە ژنانیش هاوشانی پیاوان دەتوانن پێشمەرگە بن ......................................................

⁕ **مستەفا شلماشی**: ژن پێویستی بە ئازادی هەیە تا هەم بتوانێ لە ژیان خۆشی ببینێ و هەم بتوانێ شان بەشانی پیاو لە هەمو بوارەکانی ژیان دا کار بکا و یارمەتیدەر بێ ، نەک تەنیا مەسرەفکەرێکی بێ دەسەلات و کۆیلە. لە ولاتە پێشکەوتوەکان دا ئەو رۆڵە دراوە بە ژن و نیوەی کۆمەڵگا ،بە بێ بەهرە لە ماڵ دا زیندانی نەکراوە ...............

⁕ **کوێستان فتوحی**: بە بێ هیچ ئەملاو ئەولا، ژن لە رۆژهەڵاتی کوردستان، هاوولاتی پلە دوویە. کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی لە ژێر حاکمییەتی کۆماری ئیسلامیدا، هاوولاتیان بە ژن و پیاوەوە لە ئازادی بێبەشن و زیاتر لەوەش مرۆڤی کورد چەند قات لەژێر ستەم و چەوسانەوەی حاکمییەتی ئێراندا دایە ..................................

⁕ **کەماڵ کەریمی**: ژنانی چالاکی کوردستان و چالاکانی پشتیوانی لە مافی ژن لە تێکۆشان بە مەبەستی دابین کردنی مافی یەکسان بۆ ژن وپیاو لە کۆمەڵگادا ماندوو نەبن و پشت ئەستوور بە ئەزموونەکانی رابووردویان یار و هاوکاری یەک بن بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پیرۆزەی مرۆڤایەتی .........................................

⁕ **رۆژە عەزیزی**: تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێمە رەنگە بەشێکی زۆر شارەزاییان نەبێت لە سەر ئەو بابەتە.بەلام بە نیسبەت کۆمەڵگەکانی دیکەی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست پرسی ژنی کورد زیاتر گەشەی کردوەو بزوتنەوەکانی ژنان لە چوار پارچەی کوردستان شایەدی بۆ دەدەن ...........................................................................

⁕ **قادر وریا**: لە هەموو بەشەکانی کوردستان، ژنان لە جموجۆڵ و بەرەو پێشچوون دان. جموجۆڵ لە ژیانی کۆمەلایەتی، کولتووری، ئابووری و بە پلەیەکی کەمتر لە ژیانی سیاسییش دا. دیارە ئەم بەشدارییە ی ژنان بە پێی تایبەتمەندیی هەر بەشێکی کوردستان جیاوازە .............................................................................

⁕ **کوێستان عومەرزادە**: پرسی ژن یا خود کێشەی ژن شتێک نیە کە تایبەت بێت بە کۆمەڵگای کوردی. من کە وەک پرسێکی جیهانی سەیری دەکەم و لە ئاست هەموو ئەو کەندو کۆسپانەی کە دێنە سەر رێگای خەباتی ژنان بۆ گەیشتن بە مافی ئینسانی خۆیان ..........................................................................

* **برایم جەهانگیری**: بە گشتی ئەو کێشەیە، کێشەی سەرەکی وڵاتە ئیسلامییەکانە، ئەو وڵاتانەی بە پێی کولتووری شەریعەت هەر لەسەرەتاوە هەندێ یاسایان خستۆتە ناو کۆمەڵگاوە کە لەو دا ژن بە تەواوی دەچەوسێتەوە و وەک مرۆڤ حیسابی بۆ ناکرێ. لە شەریعەتی ئیسلامیدا پیاو سالار و سەرداره .......................................................

* **کوێستان گادانی**: لە راستیدا پرسی ژن بە گشتی و پرسی ژنی کورد بە تایبەتی گواستنەوەیەکی لە ئاستی بنەماڵە و کۆمەڵگا و بواری کۆمەلایەتی بەرەو پرسێکی گشتی و هەمە لایەنە و نەتەوەیی بەخۆ وە بینیوە. کە ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ بەشداری کردن و لێ پرسین و چالاک بوونی تاکە یەکسانیخوازەکانی نێو کۆمەلگا ......................................

* **هەیاس کاردۆ**: وەک کەسایەتی و ئەفرادی سەربەخۆ دیارە ژنانی زۆر چالاک و وشیار و ماندوویی نەناس هەن و بەردەوام پرسی ژنان دێننە گۆرێ و هەوڵی بۆ دەدەن. جگە لەوە هەر چەند زۆر بەرچاو نیە بەڵام ژنانی کورد لە ریزی حیزبە سیاسییەکانیش دا بۆ مافی نەتەوەیی و چینایەتی و هی دیکە خەبات دەکەن و حزووریان هەیە ............

* **سامان فەقێ نەبی**: پرسی ژنی کورد ئەگەرچی دەکرێ لەهەر چوار پارچەی کوردستان کۆمەڵێک خاڵی هاوبەشی بۆ دیاری بکرێ، بەڵام لە رۆژهەلاتی کوردستان دۆخێکی تایبەتی بە خۆی گرتووە، کە تا رادەیەک جیاوازە لەگەڵ دۆخی ژنان لە پارچەکانی تری کوردستان ...............................................................................

* **کوێستان نستانی**: ژنانی کورد زیاتر لەهەموو ژنانی ولاتانی دیکە مافەکانیان پێشێل دەکرێ و کراوە،جارێک وەک کورد وجارێک وەک ژن، بۆیە دەبێ لە دوو مەیدانی خەبات بوونیان هەبێ خەباتی نەتەوەیی و خەباتی یەکسانیخوازی .....

* **شوعەلە قادری**: لە کۆمەڵگای رۆژهەلاتی کوردستان دا لەگەڵ ئەوەی کە بە خۆشیەوە ژنەکان تا رادەیەک لە مافەکانی خۆیان گەیشتوون و زۆریشیان حەوڵ بۆ داوە، زۆر رێکخراوی مەدەنیان بۆ داکوکی لە مافەکانیان دامەزراندوە .........

* **شەونم هەمزەیی**: پرسی ژن لە کۆمەڵگەی کوردەواری زۆرتر لەوەی کە پرسیکی یاسایی و مافخوازانە بێت پرسیکی کولتووریە،کلتووری هەڵەی پیاوسالار کە چەن هەزار ساڵە باڵی بە سەر کورد کێشاوە تەنیا بە هەوڵ و تێکوشانی ژنان بنبڕ نابن و دەبێ پیاوی کوردیش لەم پێناوە دا بۆ گەیشتن بە کۆمەلگەیکی تەندرووست هەنگاو هەڵبگرێت ......

* **کاوە ناگەنگەری**: کۆمەڵگای کوردی بە سیاسی و غەیرە سیاسییەوە ژن وەکوو ژن بە تایبەتمەندی خۆی و وەک مرۆڤ بە مافی تایبەتی خۆیەوە نابینێ. ئەوەش گرفتێکی گەورەیە لە سەر رێی ژنانی کورد بۆ کارتێکەری و رۆڵگێرانی خۆیان لەنێو کۆمەڵگا و حیزبەکاندا ............................................................................

## بەڕێز هاشم کەریمی



* **پرسیار**: تکایە خۆتان بناسێنن و بفەرموون کە لە کەیەوە تێکەڵ بە خەبات و چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون؟

* **هاشم کەریمی**: ناوم هاشم کەریمی یە و لە ساڵەکانی ١٣٣٤ - ١٣٣٥ی هەتاوییەوە( ١٩٥٥ - ١٩٥٦ی زایینی) وەکوو لایەنگرێکی هەڵسووڕاو لە گەڵ کومیتەی شاری بانەی حدک کارم کردووە.

* **پرسیار**: پرسی ژن ئەمڕۆی کۆمەڵی کوردەواریدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

* **هاشم کەریمی**: پرسی ژن لە کوردستانەکان لەگەڵ ئەوەی ئیستاش سیستمی باوکسالاری زاڵە، هێندیک جیاوازیی هەیە. بە هۆی دواکەوتوویی ڕیژەیی کۆمەڵگا لە هیندێ جێگە ئێستاش نیزامی عەشیرەتی بە تەواوەتی لە نێو نەچووە و داب و نەریتی کۆن بنبڕ نەبووە، ئەوەش کاری کردۆتە سەر بارودۆخی خراپی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا.

لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە هۆی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی ئیران، یاسا و ڕێسای شەریعەت برەوی هەیە. بۆیە ژن

ناتوانێ ببیتە وەلی فەقیّە و ئیجتهاد بکا و تەنانەت ببیتە سەرەک کۆمار. لە قانوونی بنەڕەتیدا ژن لە زۆر بارەوە وەک نیوەی پیاو بە حیساب دێ. لە قانوونی مەدەنی ئێراندا ژن بۆی نیە لە زۆر شوغل و کاردا بشداری بکا وەکوو دادوەری . لە وەرگرتنی میرات و شەهادەت داندا دووژن بە پیاوێک حیساب دەکرێن، ژن مافی تەڵاقدانی نیە و ئەگەر لە مێردەکەی جیا بێتەوە قانوون منداڵەکە دەداتە باوکی منداڵەکە. جلو بەرگی بە زۆرەملی و ئەوەی کە مافی سەفەرکردنی بە بێ ئیجازەی مێرد یان باوک و کەس و کاری نادرێتی کۆت و زنجیرن و لە دەست و لاقی ژنان ئاڵاون. قانوونی فرەهاوسەری و کێشەی سیغە لەو ستەمانەن کە تەنیا ژنان بە دەستیەوە دەناڵێنن. لە قانوونی سەزاداندا ئەگەر پیاو بیسەلمێنێ کە ژنەکەی تووشی لادان بووە بۆی هەیە بە ناوی کێشەی ناموسی بیکوژێ و هیچ سەزایەک بۆ ئەو پیاوانە دانەندراوە. بە کورتی ژنان کۆیلەی پیاوانن. لە گەل ئەوش ژنانی کوردستان بە هۆی بەشداری یان یارمەتی بە بزووتنەوەی کوردستان،لە زۆر بارەوە لە ژنانی بەشەکانی دیکەی ئێران لەپێشترن و بەدایم لە هەوڵی پچڕانی ئەو کۆت و بەندانەدان. دیارە هەتا کۆماری ئیسلامی لەسەر کار بمێنێ چاوەڕوانیی گۆڕان لە بارووده‌ۆخی ژناندا بەزەحمەتە و دەبێ ژنان و پیاوانی پیشکەوتنخواز و ئازادیخواز تێبکۆشن بۆ تێکڕووخانی ئەو ریژیمە کۆنەپەرست و دیکتاتۆرە،ئەو کات ژنان دەتوانن لە هەموومافەکاندا لەگەل پیاوان یەکسان بن.

لە کوردستانی باشوور لەبەر ئەوەی تا رادەیەک دیموکڕاسی هەیە و بەو شێوەی ئێران یاسای شەریعەت بەکار نابرێ و بوونی چەندین ریکخراوەی ژنان، بارو دۆخی ژنان تاڕادەیەک لە رۆژهەڵات باشترە، بەڵام چەند کێشە بۆتە هۆی ئەوە کە رادەی کوشتن و ئەزیەت و ئازاری ژنان لەکوردستانەکانی تر زیاتر بێ. لە کوردستانی باشووردا بە داخەوە لە هیندی جێ سیستی عەشیرەتی  لە نێو نەچووە و دیارە لە سیستمێکی ئەوتۆدا ژن هێچ دەسەڵاتێکی نیە. چەک بە فراوانی لەدست خەڵکدایە وئەوەش هۆیەکی ترە بۆ کوشتوبڕ کە بەداخەوە لەوشدا بەشی ژنان لە پیاوان زیاترە و کەس و کاری ژنان بە بیانووی پرسی نامووسی، ژنان دەکوژن و ئەزیەت و ئازاریان دەدەن و ریکخراوی ژنان کە زۆریشن لە ترسی تۆڵەی ژن کوژان ناتوانن بە شێوازی پێویست بەرگری لە مافی ژنان بکەن، تەنانەت لە دادگاکانیشددا دادوەرەکان لە ترسی تۆڵە ناتوانن ئەو جۆرەی پێویستە حوکمی عادڵانە بەسەر ژن کوژاندا بسەپێنن، هۆی بنەرەتیی ئەوەش لاوازیی دەسەڵاتی بەڕیوەبردنە. لە ئەنجومەنی قانووندانانی( پاڕلەمان) هەریمی کوردستاندا لایەنگرانی مافی ژنان نەیانتوانی قانوونی تاک هاوسەر ی بە پەسەندکردن بگەیەنن، چونکە لایەنی دژبەری ئەو قانوونە ژمارەیان زیاتر بوو و ئەمە زەبریکی قورس بوو کە لە مافی ژنان درا. لە کوردستانی باشووردا خەتێنەی کچان بنبڕ نەبووە و لەو بارەوە دۆخەکەلە بەشەکانی تری کوردستان خراپترە.

لە کوردستانی باکووردا و تا رادەیەکیش رۆژئاوا هەر ئەو بارو دۆخە بەسەر ژنان دا زاڵە و ئیستاش پیاوسالاری برەوی

هەیە. تەنیا دوو پرس لە بەشەکانی دیکەی کوردستان جودایان دەکاتەوە. یەکێک ئەوەیە کە بە هۆی ئەوەی دەیان ساڵە قانوونی سکیولار لە تورکیە و سوریە دا تا رادەیەک بەکار دەبری، جیاوازییەکی لەگەڵ کوردستانی رۆژهەلات پیک هیناوە. هەرچەند ئێستا لە تورکیە حیزبێکی ئیسلامی دەسەڵاتدارە، بەڵام نەیتوانیوە بە زەرەری مافی ژن دەسکاری قانوونەکە بکا. یەکێکی تر ئەوەیە کە پ.ک.ک بە سەدان کەس لە کچانی کوردستانی لە ریزەکانی پێشمەرگەی خۆیدا جێ کردۆتەوە و ئەوەش بێگومان گۆڕانێکی لە بارودۆخی ژنانی کوردستانی باکووردا پێک هیناوە .

* **پرسیار**: چ لە رێزی حیزبەکان دا بن و چ سەربەخۆ بن ئایا کار و چالاکی ژنان و رۆڵ و کارتێکەریان لە ناو حیزبە کوردیەکان چۆن هەڵدەسەنگێن؟

* **هاشم کەریمی**: حیزبەکان تا رادەیەک توانیویانە ستەمی سەر ژنان کەم بکەنەوە و زۆر لە ئەندامانی هێندێک لە حیزبە کانی کوردستان لە ڕاستیدا لایەنگری مافی ژنانن، بەڵام پێمان خۆش بێ یان ناخوش ئەو حیزبانەش بە هێندێک جیاوازییەوە هەڵقوڵاوی کۆمەڵگای پیاوسالاری کوردەوارین، بۆیە نەیانتوانیوە ئەو جۆرەی پێویستە لانی کەم بە پێی بەرنامەی حیزبەکانیان جیاوازی ژن و پیاو بە تەواوەتی لە نێو بەرن.

* **پرسیار**: زۆر جار لە زمان پیاوان و یا بەشێک لە ژنان دەبیسرێ کە ژنان خۆیان لەسەر پرسی ژنان کەم تەرخەمن و زۆر چالاک نینن، ئایا ئەم وتانە راستن؟

* **هاشم کەریمی**: ئەوەی کە گوایە ژنان خۆیشیان ئامادە نیین لە بوارە جوراوجورەکاندا هەڵسووڕانیان هەبێ، زادەی سیستمی کۆنە پەرستانەی باوکسالاری و داب و نەریتی کۆنە. ئەگەر ئەو ئەو بەرهەلستە نەمێنێ، بێگومان ژنانیش شان بە شانی پیاوان لە هەموو بوارەکاندا ئەرک و کار وەئەستۆ دەگرن.

* **پرسیار**: هەر وەک ئاگادارن هەموو هێزە و رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان رێکخراوێکیان بۆ پرسی ژن بە ناوی جۆراوجۆر پێک هێناوە. ئایا ئەو رێکخراوانە تا چ رادەیەک توانیویانە سەرنجی پیروزای گشتی و یان رێکخراوە نێونەتەوەییەکان کە داکۆی لە مافی ژنان دەکەن بۆ لای پرس و مافەکانی ژنان و یان ئەو زۆڵم و نابەرانبەریەی کە دەرحەق بە ژنانی کورد دەکرێ راکێشن؟

*** هاشم کەریمی**: ریکخراوی ژنان چا ج لە نێو حیزبەکاندا بن یان لە دەرەوەی حیزبەکان، بێگومان کارتێکەریی ئەرینییان هەیە، دیارە ئەوەش ریژەییە و هەم لە کوردستانەکان ئەو کاریگەرییە جیاوازیی هەیە و هەم لە نێو حیزبەکان دا. دیارە هەروەکوو باسکرا دواکەوتوویی رێژەیی کۆمەلگای کوردستان لە کارتێکەریی ئەوانیشدا نەخشی خۆی دەبینێ، بەڵام بەهەر حال بوونی ئەو رێکخراوانە پیویستن و دەبی هەوڵبدەن هەم تیکۆشانیان پەرە پێبدەن و هەم هاوکاری و هاو فکری زیاتر لە نێو خویان دا پێک بێنن.

*** پرسیار**: وەک دوا وتە چ پەیامێکتان هەیە بۆ ژنان و بۆ ئەو مرۆڤانەی داکۆکی لە مافی ژن دەکەن؟

*** هاشم کەریمی**: من ناتوانم ئامۆژگاریی ژنان بکەم کە چی بکەن و چی نەکەن، چونکە ژنانی هەڵسووڕاوی بواری مافی ژن سەڵاحییەتیان پترە ،بەلام هیوادارم رۆژێک دابێ کە کۆمەلەکەمان بگاتە قۆناغێک کە جیاوازیی نێوان ژن و پیاو بە تەواوەتی بنبڕ ببێ و ژن و پیاو پێکەوە بە بوونی مافی یەکسان بۆ پێک هێنانی کۆمەڵێکی پێشکەوتوو و دادپەروەری کۆمەڵایەتی تێبکۆشن.

---

## خاتوو شلێر باپیری



* **پرسیار**: تکایە خۆتان بناسێنن و بفەرموون کە لە کەیەوە تێکەڵ بە خەبات و چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون؟

* **شلێر باپیری**: من "شلێر باپیری" رۆژنامەنووس و چالاکی بواری مافەکانی ژنانم، لیسانسم لە راگەیاندن هەیە. لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە زۆرتر تێکەڵ بە خەبات بۆ گەیشتن بە یەکسانی ژن و پیاو بووم، پێشتر چەند جار وتارم لەبارەی کێشە و پرسەکانی ژن وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی، بەڵام لە چوارچێوەیەکی بچووک بووە، لە دوای ٢٠٠٥ەوە بە شێوەیەکی فراوان دەستم بە چالاکی لەم بوارە کردووە و تا ئێستا بەردەوامم و هەوڵەکانیشم لەگەڵ یەکسانیخوازان تا گەیشتن بە یەکسانی ژن و پیاو زیاتر دەکەم.

* **پرسیار**: پرسی ژن لە ئەمرۆی کۆمەڵی کوردەواریدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

* **شلێر باپیری**: سەرەتا پێم خۆشە ئاماژەیەکی کورت بە پرسی ژن لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بکەم، سەرجەم پێشکەوتنەکانی وڵاتان و کۆمەڵگەکان لە بەرژەوەندیی ژناندان، هەر لە کرانەوەی سیاسی و بەشداری پێکردنی وەک هەر

تاکێکی ئاسایی لە کاروبار و پرۆسەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا. لە ئاستی کوردستانیشدا بێ گومان گۆڕانکارییەکانی وڵاتان ئێستە خێرا دەگاتە وڵاتانی تر کە ئەویش هەر دووبارە خزمەت بە پرسی ژن دەکات تا ئەو رەگەزە دابڕاوە بۆ ناو ژیانی یەکسانی لەگەڵ پیاو بگەڕێنێتەوە.

لە کوردستان هەوڵی زۆر لە ئارادایە تا ژن زووتر لە زۆربەی وڵاتانی تری ناوچەکە بگاتە ئاستی شیاوی خۆی، بەڵام ئەگەر بە کەمی هەست بە پێشکەوتنی دەکەین یان هەندێکجار کۆمەڵە رووداو و کارەساتی پەیوەست بە پێشێلی مافی ژنان هەر لە کوشتن و ئازار و شتی دیکەی لەو شێوە دەبینین دەبێ بزانین کە بە هەزاران ساڵە یاسایەک بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا زاڵ بووە کە بڕوای بە ژن و مافەکانی هەر نەبووە، بۆیە زۆر ئاساییە کە وەرچەرخان لەو پرسەدا ئەگەر زیاتر لە هەوڵەکانی ئێستەی پێویست بێ.

* **پرسیار**: چ لە ریزی حیزبەکان دا بن و چ سەربەخۆ بن ئایا کار و چالاکی ژنان و رۆڵ و کارتێکەریان لە ناو حیزبە کوردیەکان چۆن هەڵدەسەنگێن؟

* **شلێر باپیری**: ژنان لەو ناو حزبەکاندا هەر لە سەرەتای دامەزراندنی ئەم حزبانەوە بەشداریان کردووە و رۆلی خۆیان گێراوە، جا بە قوربانی دان بێ، بە خەبات بۆ نیشتمان بێ و لە هەمان کاتدا خەبات بۆ یەکسانی ژن و پیاو و بیسەلمێنن کە ژنانیش هاوشانی پیاوان دەتوانن پێشمەرگە بن، دەتوانن بەرگری بکەن و دەتوانن لە زۆر هەلومەرجی سەختدا وەک پیاوان خۆ راگرن. لەو روانگەیەوە ژنان لە سەرەتاوە زۆرتر خەباتیان بۆ نیشتمان کردووە و کەمتر ئاوڕیان لە زوڵمانە داوەتەوە، بەڵام بەو مانایە نیە کە هەر کاری بۆ نەکراوە. هەر وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێدا کە هەست بە نایەکسانی کراوە و ژنانیش هەوڵی خۆیان داوە، دامەرزاندنی ئەنجومەنی "یایان" لە سەردەمی پێشەوا قازی محەمەددا باشترین بەڵگەیە کە ئەودەمیش کار بۆ یەکسانی ژنان و پیاو کراوە و هەنگاوی بۆ هەلێنراوەتەوە. لەگەل ئەوانەشدا سەردەمەکان گۆران و و بێگومان دەبێ هەنگاوی باشتر بنرێ کە بگەن بە ئامانجەکان. هەڵسەنگاندنی من بۆ کارتێکەری ژنان لە نێوە حزبەکان بە ئەرێنی هەڵدەسەنگێنم، بەڵام نەک ئەوەی بلێم کە رەخنەیان لەسەر نیە، هیچ کارێک بی رەخنە نابێت. ژنان لەو نیو حزبەکاندا دەبێ ئێستا بتوانن ئەوە بە دەستەڵاتی حزبەکان بگەیەنن کە ئێمە چیدی ئەو روانگەیە قبوڵ ناکەین کە چونکە ژنن و با بەشدار بن،

ئەوە بگەیەنن کە ژنان توانایەکی خۆیان هەیەو دەتوان هاوشانی پیاونیش لە بریارەکاندا بەشدار بن و بۆچونی خۆیان

هەبێت. ئەو کاتە ژنان نزیک لەو ئامانجە دەبنەوە کە بتوانن خاوەن بریایر بن و تەنیا بۆ کپ کردنی نارازیان بۆ گوتنی کە لە ناسنامە باسکراوە و ئەوەتا ژنانمان بەشداری پێکردووە، نەبێت. بەڵکو حزبەکانیش لە هەمان کاتدا باوەڕیان بە تواناییەکانی ژنان بێت.

* **پرسیار**: زۆر جار لە زمان پیاوان و یا بەشێک لە ژنان دەبێسرێ کە ژنان خۆیان لەسەر پرسی ژنان کەم تەرخەمن و زۆر چالاک نینن، ئایا ئەم وتانە راستن؟

* **شلێر باپیری**: زۆر جار باسی ئەوەم کردووە و لێرەوەش جارێکی دیکە دووپاتی دەکەمەوە، بەڵێ ژنانیش بۆ خزمەت کردن بە پرسی ژن کەم تەرخەمیان کردووە ، زۆر جار ژنان پرسی ژنیان کردووەتە قوربانی پرس و بەرژەوەندییە سیاسیەکان و مافەکانی خۆیان پێشێل کردووە. زۆر جاریش کەم تەرخەمی لەوە بووە کە نەیانتوانیوە تەواو خۆ پێ بگەیەنن و بە چەکی زانستی سەردەمەوە بە نوێبونەوەیەکی دیکە باس لە پرس و چارەسەریەکانی بکەن، بەداخەوە ئەوەش هۆکارێکی هەمان شێوە پەروەردەیەی پیاو سالارانە دەگەرێتەوە کە دەرفەت بە ژنان نەدراوە بخوێنن و زۆرتر لە دەرەوەی ماڵ شوێنەکان بینین بۆ ئەوەی هۆشیار بن و زیاتر هەست بە نایەکسانییەکان بکەن بۆ ئەوەی ببێتە چەخماخەیەک بۆ بزووتنەوەیەکی گشتگیری ژنان.

* **پرسیار**: هەر وەک ئاگادارن هەموو هێز و رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان رێکخراوێکیان بۆ پرسی ژن بە ناوی جۆراوجۆر پێک هێناوە. ئایا ئەو رێکخراوانە تا چ رادەیەک توانیویانە سەرنجی پیرورای گشتی و یان رێکخراوە نێونەتەوەییەکان کە داکۆی لە مافی ژنان دەکەن بۆ لای پرس و مافەکانی ژنان و یان ئەو زۆڵم و نابەرانبەریەی کە دەرحەق بە ژنانی کورد دەکرێ راکێشن؟

* **شلێر باپیری**: بێگومان هەر حزبێک کە رێکخرویێک لە بواری مافەکانی ژن پێک بێنیت خۆی ئاماژەیەکە کە دیارە لەو نێو ئەو حزبەدا چ دروشمی دیموکراسی بێ یان شتی دیکە، نایەکسانی هەیە. بوونی رێکخراو لە حزبەکاندا ئەگەر بۆ خزمەت بە پرسی ژنانیش بێ، بەڵام پێویستیەکی دروشمی دێموکراسی سەردەمە و بە نەبوونی رێکخراوەکان لە حزبەکاندا ئەوا حزبەکان خۆیان لە مافی نیویە کۆمەل بواردوە، چونکە ئێمە لە کۆمەڵگەیەکین رۆژانە ژن دەکوژرێن و خۆ دەسوتێن و لە شوێنی بریاردان مافیان نییە، بۆیە ئە رێکخراوانە پێویستن و ئەو حزبانەش کە دروشمی باوەر بە مافی ژن و دیموکراسیان بەرز کردوەتەوە دەبێ بە کردار کە بوونی رێکخراو یەک لەوانە بیسەلمێنن. ئێستا لە نێو حزبەکان کە رێخکراوێکی تایبەت

بە ژنا هەیە بۆ زیاتر پەیوەست بوون بە ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەولەتییەکان تایبەت بە پرسی ژن، زیاتر پێویستیان بە هێزی کار و گروپی فکری هەیە کە بتوانن ببنە گوشارێک بۆ سەر دەستەڵاتی حزبەکان کە پەراوێز نەخرێن و حزبەکان بە باوەڕەوە باوەڕیان بە مافی ژنان هەبێ نەک تەنیا قسەی سەر مێز و پشت تریبوونەکان بێت.

* **پرسیار**: وەک دوا وتە چ پەیامێکتان هەیە بۆ ژنان و بۆ ئەو مرۆڤانەی داکۆکی لە مافی ژن دەکەن؟

* **شلێر باپیری**: لە کۆتاییدا دەمەوێ بلێم کەو ئەو پرسیارانەی کە لە سەرەوە وەڵامم داوە، لە جێگەی خۆیدا دەکرێ هەر یەکەیان باسێکی بەرفراوانی لەسەر بکرێت و تەنیا بە چەند دیرێک وەڵام نەدرێتەوە، بۆیە پێویستە وردتر بچینە بنج و بناوانی ئەو باسانەو خەسارناسیان بکەین و لە هەمان کاتدا پلان بۆ داهاتوو دابنرێ. پەیامی من ئەوەیە کە با هەموومان بە حزبی وسەربەخۆ و بە هەموو بیرە جیاوازەکانەوە، لە خەبات بۆ یەکسانی ژنو پیاو بەشدار بین، چونکە تا ژن بە مافەکانی خۆی نەگات ناتوانین کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسانمان هەبێت. ناتوانرێ منداڵەکانمان بیری یەکسانیان هەبێت و بە ئاسودەیی بژین. با پرسی ژن بە حزبی نەکەین و ئەم پرسە پرسێکی جیهانیە و بە جیا لە پرسە سیاسیەکان ببینرێت و بە جیا لە بیروباوەڕەکانی خۆمانەوە خزمەت بەو پرسە بکەین کە تێیدا پیاوانیش دەتوان هاوشان لەگەڵ ئێمە بەشداری لە ڕێگە چارەسەرەکان بکەن و ژن وەک مرۆڤێک بینین نەک وەک کەرەستەیەکی خزمەت بە پیاوان.

لەگەڵ ڕێزم شلێر باپیری

## بەڕێز مستەفا شڵماشی



* **پرسیار**: تکایە خۆتان بناسێنن و بفەرموون کە لە کەیەوە تێکەڵ بە خەبات و چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون؟

* **مستەفا شڵماشی**: من مستەفا شڵماشی ساڵی 1952 ی میلادی لە گوندی شڵماش سەر بە ناوچەی سەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووم. بە هۆی چالاکبونی بنەماڵەکەم و بە تایبەت برا گەورەکانم لە چالاکی سیاسی و نەتەوەیی دا هەر لە منداڵیەوە سەروکارم لە گەڵ سیاسەت هەبووە، لانی کەم لە قاڵبە کوردایەتییەکەی دا. بەڵام لە ساڵی 1970ی میلادییەوە بوومە ئەندامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان. لە حیزب دا بەرپرسایەتی جۆراوجۆرم هەبوە وەک بەرپرسی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی گشتی، بەرپرسی کۆمیسیۆنی ئینتیشارات و تەبلیغاتی گشتی، بەرپرسی دەفتەری حیزب لە پاریس و بەرپرسی دەرەوەی وڵاتی حیزب. لە پێنج کۆنگرەی حیزب دا بوومە ئەندامی کومیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی و ئێستاش ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی کومیتەی بە ڕێوەبەریی دەرەوەی وڵاتی حیزبم.

* **پرسیار**: پرسی ژن ئەمرۆی کۆمەڵی کوردەواریدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

* **مستەفا شڵماشی**: پرسی ژن لە کۆمەڵگای کوردەواری دا ڕووکاری جۆراو جۆری هەیە. لە لایەکەوە هەر لە سەدان ساڵ لەمەوبەرەوە ژن لە نێو خێزانی کوردەواری دا جێگایەکی بەرزی هەبووە. لە گەڵ پیاو لە سەر مەزرا کاری کردووە. زۆر ژنی ڕێبەر و بەڕیوەبەر لە مێژووی کورد دا هەڵکەوتون، لە بواری سیاسی دا پشتیوانی پیاوەکان بووە و نەخشی بەرچاوی لە

جوڵانەوە دا هەبووە. زۆر هونەرمەند و خەباتگێڕ لە نێو ژنانی کوردستان دا هەڵکەوتوون. کەچی لە هەمان کات دا لە هێندێک لایەنی دیکە وە ئەسیری پیاو بووە و پیاو سالاری بەسەر دا زاڵ بووە. بۆ وێنە تا چەند ساڵ لەمەوبەریش کچی کورد نەیتوانیوە بە ئازادی هاوسەری ژیانی هەڵبژێرێ. لە هات و چۆ دا زۆر ئازاد نەبووە. لەپلە و پایە کۆمەڵایەتییەکان دا بێ بەش بوە و لە باری ئابوریشەوە بە تەواوی بە پیاوەکەیەوە بەستراوەتەوە. ئەوانە هەموی تەناقوزی کۆمەڵگای کوردەوارین، سەبارەت بە مافی ژن و یەکسانی لە نێوان ژن و پیاو دا. لە و سەردەمەش دا هەرچەند ئاڵ و گۆڕ بەسەر وەزعی ژنان دا بە گشتی هاتووە، بەڵام لە زۆر بواردا هەر وا بە مەحرومی و دواکەوتویی ماوەتەوە، بە تایبەت لە نێو چین وتویژە نەخوێندەوارەکان دا.ئێستاش ڕێگایەکی دوور لە پێشە ، تا یەکسانی تەواو لە نێوان ژن و پیاو دا ،لە کۆمەڵگای کوردەواری دا بە دی بێ.

٭ **پرسیار**: چ لە ڕیزی حیزبەکان دا بن و چ سەربەخۆ بن ئایا کار و چالاکی ژنان و ڕۆڵ و کارتێکەریان لە ناو حیزبە کوردیەکان چۆن هەڵدەسەنگێن؟

٭ **مستەفا شڵماشی**: کار و چالاکی ژنان لە نێو حیزبە کوردستانییەکان دا زۆرە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک وەڵامدەر نییە. پێویستە هەم ژنان و هەم پیاوان بۆ ئەوە کار بکەن کە دیاردەی ژن وەکو شتێکی جیاواز، بە تایبەت لە نێو حیزبەکان دا نەمێنێ. تا ئەوکاتەی کە ڕێکخراوی تایبەتی ژنان لە پەنا حیزبەکان دا هەیە، مانای ئەوەیە کە کێشەی ژنان چارەسەر نە کراوە. ئەگەر یەکسانی بە تەواوی هەبێ، چ پێویستە ژنان ڕێکخراوی تایبەتیی خۆیان هەبێ. دیارە بە خۆشیەوە تا دێ نەخشی ژنان لە نێو حیزبەکان دا زۆرتر دەبێ. بەتایبەت هێندێک لە حیزبەکان کە تەنانەت ئامادەن جیاوازی موسبەت بەکار بێنن بۆ ئەوەی نەخشی ژنان لە نێو ڕێکخراوەکەیان دا بەرنە سەرێ، زۆر شوێن دادەنێن. یەکێک لەو حیزبانە حیزبی دێموکراتی کوردستانە. لە کۆنگرە دا تەبعیضی موسبەت قایل بو، تا ڕێژەی ژنان لە ڕیبەریی حیزب دا لانی کەم ٢٥% بێ. ئەوە هەنگاوێکی باش بو. هەربۆیە لە ڕێبەرایەتی حیزبی ئێمە دا ژنان بە ڕاستی نەخشیان هەیە. لەسەر یەک لە ساڵەکانی دوایی دا ڕۆڵی ژنان زیادی کردوە، بەالام بە هیچ شێوەیەک لەو ڕاددەیە دا نییە کە بەتەواوی ماف دراببێە ژنان. بۆیە ،من پێموایە تا گەیشتن بە یەکسانی لە نێوان ژنان و پیاوان دا، لە نێو حیزباکانیش دا ڕێگایەکی درێژمان لە پێشە کە یەکەمین ڕێبوارانی ئەو ڕێگایە دەبێ ژن بۆ خۆیان بن. ئەوەی جێگای داخە ئەوەیە کە زۆرجار ژنەکان بۆخۆیان بە پێچەوانەوە هەڵس و کەوت دەکەن. گرنگی زۆرتر دەدەن بە داب و نەریتە کۆنەکان، تا ئەو ئاڵ و گۆڕانە کە بە قازانی خۆیان دێتە بەردەمیان. لە نێو حیزبەکانیش دا زۆرجار بە گومانەوە چاو لە تواناکانی خۆیان دەکەن و جاری وایە تەنانەت لەو بەرپرسایەتییەی پێیان دەسپێردرێ، کەڵکی تەواو وەرناگرن. ئەوەی ژنی کورد پێویستییەتی بەر لە هەمو شتێک،

باوەڕ بەخۆبوونە. پێویستە لەباری تواناکانی خۆیانەوە، شک و گومان وەلا نێن و تەنانەت بۆ وەدەستگرتنی ڕۆڵ لە نێو حیزبەکان و لە نێو کۆمەڵگاش دا، ڕەقابەت بکەن و نیشان بدەن کە هیچیان لە پیاو کەمتر نییە بۆ وەدەستگرتنی ڕۆڵ.

* **پرسیار**: زۆر جار لە زمان پیاوان و یا بەشێک لە ژنان دەبیسرێ کە ژنان خۆیان لەسەر پرسی ژنان کەم تەرخەمن و زۆر چالاک نینن، ئایا ئەم وتانە راستن؟

* **مستەفا شلماشی**: هەروەک لە وەڵامی پرسیاری یەکەم دا ئیشارەیەکی کورتم پێ کرد، ژنان لە وەدەست گرتنی ڕۆڵی شیاوی خۆیان دا زۆر جار شک و گومانیان هەیە. دیارە ئەوەش لە خۆڕا نییە. بەدرێژایی مێژوو بەکەم چاویان لێکراوە. لە قانونە ئاینیەکان دا بە نیوەی پیاو دانراون. لە نێو کۆمەڵگادا بە لاواز و بێ توانا، ناسێنراون و لە پرۆسەیەکی دوور و درێژی مێژوویی دا بە پێی کلتور و داب و نەریت ڕە فتاریان لەگەڵ کراوە. ئەوەش کارێکی وای کردوە و کە تەنانەت بۆ خۆ شیان بکەونە شک و گومان لە سەر تواناکانی خۆیان و باوەڕ بە خۆ بوونیان کەم بێتەوە. دیارە دەبێ ئیشارە بەو راستییەش بکەین کە لە دوای شەری دووەمی جیهانییەوە شەپلێکی تازە لە ئازاد بوونی ئێنیرژی ژنان لە ئوروپاوە سەری هەڵدا و شوێنەوارەکانی دەتوانم بڵێم لە دوو دەهە لەمەوبەرەوە گەیشتوەتە کوردستان. ڕەنگدانەوەی ئەو چالاک بوونەوەیە کە لە قاڵبی فیمینیزمێکی باش تەعریف نەکراو دا گەیشتوەتە وڵاتی ئێمە، لە سەر باوەڕ بە خۆ بوونی ژنانی خوێندەواری کوردستان شوێنکارێکی ئەرێنی هەبووە. هەرچەند لە بەر ئەوەی نەگونجێنراوە لە گەڵ هەل و مەرجی وڵاتی ئێمە وجارێ زۆرتر کۆپی هەڵگرتنە، نەی توانیوە بە باشی بچێتە نێو کۆمەڵگاو ئەوەندە بەر فراوان نەبوەتەوە کە لەسەر هەمو ژنانی وڵات ئەو شوێنکارە ئەرێنی یە دابنێ. زۆرجار بە شێوەیەکی خراپ وەر دەگیرێ و بەرداشتی رووی دووەمی پیاوسالاری، واتە خەباتی ژن لە دژی پیاوی لێ دەکرێ، نەک خەباتی ژن و پیاو پێکەوە بۆ گۆڕینی ئەو داب و نەریتە نا ڕەوایانەی کە بە زیانی ژن بوونەتە باو لە نێو کلتوری ئێمەدا.

* **پرسیار**: هەر وەک ئاگادارن هەموو هێزە و رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان رێکخراوێکیان بۆ پرسی ژن بە ناوی جۆراوجۆر پێک هێناوە. ئایا ئەو رێکخراوانە تا چ رادەیەک توانیویانە سەرنجی بیروڕای گشتی و یان رێکخراوە نێونەتەوەییەکان کە داکۆی لە مافی ژنان دەکەن بۆ لای پرس و مافەکانی ژنان و یان ئەو زوڵم و نابەرانبەریەی کە دەرحەق بە ژنانی کورد دەکرێ راکێشن؟

سەرچاوە
Serchawe

* **مستەفا شڵماشی**: پێکهێنانی ئەو ڕێکخراوانە لە لایەن حیزبەکانەوە بە هۆی پێداویستییەکی مێژووییەوە هاتوەتە ئاراوە و تازەش نییە. حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و ڕێبەری مەزنی حیزب و گەل پێشەوا قازی محەممەد، هەر لەگەڵ دروستبونی حیزب، یەکییەتی ژنانیشیان پێک هێناوە. هەروەک دەزانی تەنانەت لە پێشکەوتوترین وڵاتەکانیش دا ڕێکخراوی سەر بە ژنان هەیە و تەنانەت لە بۆندە نێونەتەوەییەکانیش دا بۆندی سەر بە ژنان هەیە. بۆ وێنە ڕێکخراوی سۆشیال ئینتەرناسیۆنالی ژنان. دیارە ئەو ڕێکخراوانەش کە پێک هاتون، کەم و زۆر و بە پێی توانا و گەورەیی خۆیان شوێن دانەر بوون. زۆرجاریش بوونە چەترێک تا لانی کەم لە ئاستی جوڵانەوەی ژنان دا جۆرە یەکییە تییەک پیک بێ، کە لە نێو حیزبەکان دا ئیمکانی نەبوە. هەروەها لە بوژاندنەوەی هەستی خەباتگێڕی و چالاکتر کردنی ژنان دا شوێنکاری خۆیان هەبوە. جگە لەوەش تا ڕاددەیەک لە ڕاددەی نێونەتەوەیی دا چالاک بوون. بەتایبەت ئەگەر چاو لە چالاکییەکانی یەکییەتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان، سەربە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بکەین، زۆر هەنگاوی گرنگیان هەڵگرتووە. ساڵانە لە زۆر وڵات دا سیمینار و کۆنفڕانس پێک دێنن. لە زۆر وڵاتی ئوروپایی دا بە ڕەسمی ناسراون. لە گەڵ ڕێکخراوەکانی دیکەی ژنانی کورد، ئێرانی و هەروەها سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنالی ژنانی دنیا پەیوەندییان هەیە و بۆ کۆنفڕانس و کۆنگرەکانیان بانگ دەکرێن. بێگومان ئەو پەیوەندییانە شوێنکاری خۆیان دادەنێن و هەروەک ئاگادارن بوونە هۆی ئەوەی کە ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی ژنانیش سەردانی کوردستان بکەن، بەتایبەت باشور و باکوری کوردستان کە زۆرتر ئیمکانی مانۆڕ دانیان تێدا هەیە.

* **پرسیار**: وەک دوا وتە چ پەیامێکتان هەیە بۆ ژنان و بۆ ئەو مرۆڤانەی داکۆکی لە مافی ژن دەکەن؟

* **مستەفا شڵماشی**: پەیامی من ئەوەیە کە دواکەوتوویی نا یەکسانی ژن لە گەڵ پیاو لە کوردستان دا، وەک کردەوەیەکی دوژمنکارانەی پیاو دەرحەق بە ژن چا و لێ نەکرێ. بەڵکو وەک هێندێک کلتور و یاسای ئایینی، کۆمەڵایەتی و مەدەنیی ناعادڵانە چاو لێ بکرێ، کە وەلانان و چاکسازی لەو کلتور و یاسایانە دا ئەرکی ژن و پیاو پێکەوەیە. من پێموایە نایەکسانی ژن لەگەڵ پیاو لە دنیای مۆدێرنی وەک دنیای ئەوڕۆدا لە زۆر بواردا بە زیانی پیاویشە. وەلانانی ژن لە بواری ئابوری، لە بواری پەروەردەیی و لە بواری خەبات لە پێناوی ڕزگاری دا، قورسایی زۆرتر دەخاتە سەر پیاو. دابین کردنی ژیانی لوکس و پڕ زەرق و بەرقی ئەم سەردەمە، تێکۆشانێکی زۆری دەوێ، کە هەردەگرێ هەم ژن و هەم پیاو لە خێزان دا هەوڵی بۆ بدەن و تەنیا نەکەوێتە سەر شانی پیاو. لە لایەکی دیکەشەوە ژن پێویستی بە ئازادی هەیە تا هەم بتوانێ لە ژیان خۆشی ببینێ و هەم بتوانێ شان بەشانی پیاو لە هەمو بوارەکانی ژیان دا کار بکا و یارمەتیدەر بێ، نەک تەنیا مەسرەفکەرێکی بێ دەسەڵات و کۆیلە. لە وڵاتە پێشکەوتوەکان دا ئەو ڕۆڵە دراوە بە ژن و نیوەی کۆمەڵگا، بە بێ بەهرە لە ماڵ دا زیندانی نەکراوە.

## خاتوو کوێستان فتووحی



* **پرسیار**: تکایە خۆتان بناسێنن و بفەرموون کە لە کەیەوە تێکەڵ بە خەبات و چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون؟

کوێستان فتووحی چالاکی مافەکانی ژنان، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوییەوە تێکەڵ بە کاری سیاسی و چالاکی کۆمەڵایەتی بووە. کار و تێکۆشانی زۆرتر لە نێو ڕاگەیەنەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بووە. پرسی یەکسانیخوازی لە کۆمەڵگە و لە حیزبەکەیدا یەکێکە لە ئەولەوییەتاکانی کار و تێکوشانی.

* **پرسیار**: پرسی ژن ئەمڕۆی کۆمەڵی کوردەواریدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

* **کوێستان فتووحی**: دیارە ئەم پرسە کە ناوی لێنراوە پرسی ژن پرسی کۆمەڵگە بە گشتییە. لەو کۆمەڵگایانەی کە عەقڵییەتی پیاوسالار زاڵە، دەسەڵاتی یەکەم بەپیاوە و قسەی یەکەم و ناوی یەکەم هەر هی ئەوە. ئەمە بەبێ شک کۆمەڵگەی کوردستانیش دەگرێتەوە. ئەگەر لە لایەنی دەسەڵات و سیستمی وڵاتەوە بڕوانینە پرسەکانی ژنان لە کۆمەڵی کوردەواریدا، کوردستان چەند بەشە و هەر بەشەی سیستم و دەسەڵاتێک حاکمە و بەپێی قانوون و ڕێوشوێنەکانی ئەو وڵاتانەی بەسەریاندا دابەش کراوە، دەبێ خوێندنەوەی بۆ بکەین. لە هەر بەشەی کوردستان ئەگەر چاولێ بکەین، ئاستی تێگەیشتن و پێشکەوتنیان تا ڕادەیەک ڕەنگە جیاواز بێ. من لەبەر ئەوەی چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانم تەرخان

کردوه بۆ رۆژهەلاتی کوردستان، زۆرتر باسی ژنی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەم. بە بێ هیچ ئەملاو ئەولا، ژن لە رۆژهەڵاتی کوردستان، هاووڵاتی پلە دوویە. کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی لە ژێر حاکمییەتی کۆماری ئیسلامیدا، هاووڵاتیان بە ژن و پیاوەوە لە ئازادی بێبەشن و زیاتر لەوەش مرۆڤی کورد چەند قات لەژێر ستەم و چەوسانەوەی حاکمییەتی ئێراندا دایە. لەوەش زۆر زیاتر ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا سەرباری بێبەشیی لە ماف و ئازادییە سیاسیی و حوقووقییەکان،

بەدەست دیاردە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانی کۆمەڵی کوردەوارییەوە دەناڵێنێ. دیارە پیاوسالاری تایبەت نیە تەنیا بە کوردستان، بەڵام کۆمەڵگەی کوردستان تا سەر ئێسقان پیاوسالارە و لە هەر مەسەلەیەکدا دەسەڵات لەدەست پیاودایە. ژنی کورد سەرەڕای چوونەسەری ئاستی وشیارییان و رابردوو بەشدارییان لە خەباتی سیاسی نەتەوەیی و بزووتنەوەی مافخوازانەی خۆیان، هێشتاش لە مافە هەرە سەرەتاییەکانیان بێبەشن. لە مەسەلە هەرە سادەکانی ژیان را بگرە هەتا لە گرنگترین مەسەلەی ژیان و چارەنووسیان حەقی بڕیاردانیان نیە. هەر ئەوەی رۆژانە ئێمە هەواڵی خۆکوژی و خۆسووتاندنی ژنی کورد لە ناوچەجۆراوجۆرەکانی کوردستان دەبیسین، دەرخەری راستییەکی تاڵە لە ژیانی ژنی کورد. ئەو ئینسانە بۆ ئاگر لەخۆی بەردەداو خۆی لەناو دەبا؟ دیارە ئازارەکانی ئەوندە زۆرن مەرگی پێ لە ژیان باشترە.

لە رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ هۆی سەرکوت و خەفەقانێک کە لە لایەن دامودەزگای حاکمییەتەوە بەسەر کوردستاندا زاڵ، بەداخەوە بزووتنەوەیەکی ئاکتیڤ و چالاکیش بەوشێوەیە نابینرێ کە کار بکا بۆ گۆڕینی دۆخەکە. گۆڕینی ئەو هەلومەرجەی ژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەیانە، پێویستی بە بەرنامە و رێبەریی و رێکخستن، بە کۆڕو کۆبوونەوەی بەردەوام بۆ ئاگایی دان بە کۆمەڵگە بەگشتی و بە ژنان بە تایبەتی لە سەر مافەکانیان هەیە. بەڵام بە هۆی ئەمنییەتی سەیر کردنی کورداتان لە لایەن حاکمییەتەوە، هەموو ئەوانە قەدەغەن و سزای قورسیان لەسەرە. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانەش، من داهاتووی رەوشی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان روون دەبینم. ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کرانەوەیە بە رووی جیهاندا بەهۆی کاناڵەکانی ئینترنێت و ماهوارە و.... دەتوانێ لەسەر ئاگایی و تێگەیشتنی تاک لە مافەکانی خۆی، لە ئازادی و دێموکراسی و ....دەتوانێ کاریگەری هەبێ لەسەر مرۆڤی کوردیش. پاشان پێگەیشتنی نەسڵی تازەی کچانو کوڕانی کورد کە رێگایان کەوتۆتە زانستگەو زانستگەیان تەواو کردوە، هەروەها گەشەکردنی هەستو شعووری نەتەوەیی ژنان و هاتنە نێو کاروباری کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری تا رادەیەک. هەموو ئەوانە بۆخۆی تروسکاییەکە کە دەبێ هومێدمان پیی هەبێ. هەموو ئەمانە دەتوانێ باگراوەندێک بێ بۆ ئێستا و داهاتووی رۆژهەڵاتی کوردستان کە ژنان چێ دیکە کویلەیی قەبووڵ ناکەن.

* **پرسیار**: چ لە ڕیزی حیزبەکان دا بن و چ سەربەخۆ بن ئایا کار و ڕۆڵ و چالاکی ژنان و کارتێکەریان لە ناو حیزبە کوردیەکان چۆن هەڵدەسەنگێن؟

* **کوێستان فتووحی**: بێگومان هەوڵی ژنان بۆ مافەکانیان کاریگەری لەسەر حیزبەکان بووە بۆیە دەبینین ئێستا حیزبەکان زۆر زیاتر لە پێشوو گرنگی دەدەن بە پرسی یەکسانیخوازی. ئەگەر چاو لە موناسباتی نێوخۆیی هەر حیزبێک بکەی ئێستا بە نیسبەت رابردووەوە لە پێوەندی لەگەڵ گرنگیدان بە رۆڵی ژنان گۆڕاون. دیارە زۆر کەس پێیان وایە ئاوڕدانەوە لە پرسی ژنان یان بڵێین پرسی فیمینیستی لە حاڵی حازردا، کە کورد لە ستەمی نەتەوەیی رزگاری نەبووە بە جۆرێک قسەلێکردن یان هەوڵ دان بۆ رزگاری ژن لە ستەمی رەگەزی هەوڵێکی بێسوودە، تەنانەت ئەم روانگەیە ئێستاش لە حیزبەکاندا زاڵە، کە بەبڕوای من ئەوە گەورەترین غەدرە لە ژنانی کوردستان دەکرێ. من پێم وایە ژنانی نێو حیزبەکان نابێ بە هیچ شێوەیەک بچنە ژێر باری ئەم روانگەیەوە. نابێ بێڵن خەباتی نەتەوەیی هەوڵەکانی ئەوان لەپێناو پرسی یەکسانیخوازیدا بشارێتەوە و لە پەراوێزی بخا. ئەگەر پێشتر ئەوە بووە ئێستا ژنان لە نێو حیزبەکاندا بە ئاگاییەوە کار دەکەن. ئەگەر پێشتر بە هۆی بەوشێوەیە نەبووە یان نەیانتوانیوە لە ئاستی پێویستدا کاریگەرییان هەبێ، دیارە ئەمە پێوەندی بە کەمتوانایی ژنانەوە نەبووە، بەڵکوو ئەگەر سستی و لاوازییەکیش هەبووبێ پێوەندی بە هەلومەرجی گشتی کۆمەڵگە و ئەو هەلومەرجەی ئەوان کاریان تێدا کردووە هەیە. هەروەها بێبەرنامە و بێ پلانی ئەو حیزبانە بە نیسبەت چالاک کردنی ژنانەوە بووە. بەڵام ئێستا ئیدی ژنان هەر بەوە رازی نین کە پرۆگرام و پەسەندکراوەکانی حیزبەکەیان مەسەلەی یەکسانی گونجاندوە، لەویش گرنگتر ئەوەیە ئەوان خوازیاری پەروەردە و پرنسیپی یەکسانین لە نێو حیزبەکانیاندا. ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز ئێستا ئەمەیان کردۆتە بەرنامەو رێباز بۆ حیزبەکانیان بۆ ئەوەی لە رەوشتی تاکەکاندا بچەسپێ.

* **پرسیار**: زۆر جار لە زمان پیاوان و یا بەشێک لە ژنان دەبیسرێ کە ژنان خۆیان لەسەر پرسی ژنان کەم تەرخەمن و زۆر چالاک نینن، ئایا ئەم وتانە راستن؟

* **کوێستان فتووحی**: ژنان سستن بەڵام ناتوانم بڵێم کەمتەرخەمن، دیارە دەبێ هۆکاری ئەو سستییە ببینینەوە. خەبات و بەربەرەکانی لەگەڵ کەلتووری دواکەوتوانەی کۆمەڵگە کە ریشەیەکی قووڵیان هەیە زۆر دژوارە. مرۆڤ دەبێ یاغی بێت تاکوو دابونەریتی دواکەوتووانە تێپەڕێنێ، و نورمە نوێیەکان بکاتە رێباز. لە وڵاتێکدا کە بیرکردنەوە، سیاسەت، قانوون و... هەمووی پیاوانەیە، زۆر ئاسان نیە دەستراگەیشتن بە مافی بەرابەر. ژن بێ پشتیوانە. هەم لەباری مالییەوە، هەم لەباری قانوونیی و کۆمەڵایەتیشەوە. بۆیە خەبات لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا ئاسان نیە. هەوڵ هەیە بەڵام هەوڵەکان هەم

ڕێکخراو نین هەمیش لەگەڵ کەندوکۆسپی زۆر بەرەوروو دەبنەوە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا من حاشا لەوە ناکەم ژنانێکی زۆر هەن کەمتەرخەمن بە نیسبەت مافەکانی خۆیانەوە. ژنانێکیش هەن ئاگا نین بە مافەکانی خۆیان. تۆ ناتوانی چاوەڕوانیت هەبێ لە ژنێک کە پێی وایە ژن دەبێ هەر لەماڵەوە خەریکی خزمەتی منداڵ و پیاوان بێ، موڵکی پیاو بێت، دەبێ وەک شەرەفی پیاو چاو لەخۆی بکا. جاروباریش ئەم قسەیە زۆر دووبارە دەکرێتەوە، کە ژنان خۆیان کەمتەرخەمن بە نیسبەت مەسەلەکانی خۆیانەوە! ژن ئەگەر ئاگا و وشیار بێ ئەو کەمتەرخەمییەش نامێنێ. بۆیە ڕێکخراوەکان و چالاکانی ژنان دەبێ لە پیناو ئاگاکردنەوەی ژناندا چڕتر بکەنەوە.

* **پرسیار**: هەر وەک ئاگادارن هەموو هێزە و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان ڕێکخراوێکیان بۆ پرسی ژن بە ناوی جۆراوجۆر پێک هێناوە. ئایا ئەو ڕێکخراوانە تا چ ڕادەیەک توانیویانە سەرنجی بیروڕای گشتی و یان ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان کە داکۆی لە مافی ژنان دەکەن بۆ لای پرس و مافەکانی ژنان و یان ئەو زۆڵم و نابەرانبەریەی کە دەرحەق بە ژنانی کورد دەکرێ ڕاکێشن؟

* **کوێستان فتووحی**: ئەگەر بە ڕاستگۆیی باسی ئەو ڕێکخراوانەی سەر بە حیزبەکان بکەین، بەبێ ئەوەی لە نرخی کارەکانیان کەم بکەمەوە، دەڵێم بەداخەوە تا ئێستاش خاوەنی جیهانبینی فیمینیستی نەبوون، خەباتی یەکسانیخوازی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا ژنی ئازا و بەجورئەتی دەوێ، من ئەو جورئەتە لە ژنانی نێو زۆربەی ئەو ڕێکخراوانەدا نابینم. ئەوان چالاکیان هەیە، بەڵام زۆرتر لەژێر کارتێکەری حیزبەکانیاندا هەڵسووڕانیان هەیە، حیزبەکانیش بۆخۆمان شاهیدین، زۆریان پرسی ژنیان لە پاشکۆ و پراوێز خستوە. ئەمە ڕاستییەکە دەبێ بیڵێین. ڕێکخراوەکانی ژنان زۆرتر کێبەرکێی حیزبایەتییان کردوە و پرسی ژن کەمرەنگ بۆتەوە لەنێویاندا، بەڵام لە هەر حاڵدا چالاکییەکانیان بەرهەمی بووە و بە فیڕۆ نەچووە. هەر ئەوەی ئێستا دەبینین زەمینەی ئەوە هەیە ڕێکخراوەکان بە جیاوازییە فکری سیاسییەکانیانەوە لەدەوری یەک کۆدەبنەوە پێکەوە گەڵاڵە و پلان دا دەرێژن بۆ داهاتووی کاریان، نیشانەی ئەوەیە ئاڵوگۆڕێک لە نێو ئەوانیشدا پێک هاتوە. ئەو ڕێکخراوانە دەتوانن زەمینە خۆش بکەن بۆ دروستبوونی بزووتنەوەیەکی کارا لە کوردستان.

* **پرسیار**: وەک دوا وتە چ پەیامێکتان هەیە بۆ ژنان و بۆ ئەو مرۆڤانەی داکۆکی لە مافی ژن دەکەن؟

* **کوێستان فتووحی**: ژن پێویستە خۆی پەروەردە بکا بۆ ئەوەی بە وشیاری و ئاگاییەوە خەبات بکا. وشیاری، خۆپەروەردەکردن و خەباتی بەردەوامە، ڕزگارمان دەکا لە ژێردەستەیی. خۆی پەروەردە بکا بۆ ئەوەی لە کایە سیاسییەکاندا

کارا بێ و دەنگی هەبێ لەسەر بڕیارەکان. هەر ئەوندە بەس نیە ژن بەرپرسایەتییەکی باڵای هەبێ، لە نێو حکوومەت یان حیزب دا، بەڵکوو ئەوە گرنگە کاریگەری هەبێ لە نێو کۆمەڵگەدا. قسە و بۆچوونی هەبێ. بتوانێ تێڕوانینەکان بگۆڕێ.

## بەرێز کەماڵ کەریمی



* **پرسیار**: تکایە خۆتان بناسێنن و بفەرموون کە لە کەیەوە تێکەڵ بە خەبات و چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون؟

* **کەماڵ کەریمی**: لەگەڵ سپاس بۆ زەحمەتی جەنابت بۆ ئەم وتووێژە. من کەماڵ کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان خەڵکی شاری بانە لە رۆژهەلاتی کوردستان. سەبارەت بە تێکەڵ بوونم لە گەڵ تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەبێ ئەوەتان عەرز بکەم لە بەر ئەوەی کە لە بنەماڵەیکی خەباتکاری شاری بانە لە دایک بووم کە ساڵها پێش لە دایک بوونی من و بە هۆی بە ئەندام بوونی باوکم (محەممەد کەریمی ناسراو بە قاقە) لە کۆمەڵەی ژ - کاف و دوواتر لە حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، تێکەڵ بە کاری سیاسی ببون و دوواتریش مامەکانم کاک هاشم و کاک عوسمان (کە ئەمیان لە شەری نە خوازراوی نەغەدە شەهید ببو) ئەم رێبازەیان درێژە دا و منیش لەو بنەماڵە دا پەروەردە بووم. هەر لە سەرەتای تەمەنی لاوەتیم دا تووشی گوێ بیستی و خوێندنەوە و قسەو باس بووم.

باکگراوەندی زەینی من لەو سەردەمەدا کە تەمەنم لە ١٥ ساڵان تێنەدەپەری. گرتن و زیاتر لە ٣ساڵ زیندانی بوونی باوکم لە سەرەتای تەمەنی منداڵیم دا لە ساڵەکانی ٣٨ - ٤٢ ، گیران و زیندانی کرانی مامە عوسمانم بۆ ماوەی یەک ساڵ لە ساڵی ١٣٥٠ و دەربـاز بـوون و ئـاوارە بـوونی مامە هاشمم بـۆ مـاوەی ٥ سـاڵ دوای ئـەوەی ئاشکرا بـوو کە غیـابی حوکمی ئێعدامی لە لایەن دەسەڵاتی شاوە بۆ برابووەوە بوو. پێش ئەوە بە رێنوێنی و لاسایی کردنەوەی ئەوان فێری کتێب خوێندنەوە و باس لە نێوەرۆکی ئەو رۆمانانە بووم کە زۆرتر رووانگەی چەپ و سوسیالیستیان هەبوو. وەک فکر رێری ئەو رێبازە بووم

بەڵام دوواتر بە کردەوە و بە وەدوکەوتنی گەرەترەکانم خەبات لە ریزی تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتم هەڵبژراد و لە دووای گەرانەوەی رێبوارانی حیزب بۆ رۆژهەڵات و لە مانگەکانی ئاخری شۆرشی ٥٧ دا بووم بە ئەندامی حیزب و تا ئێستاش بەردەوام لە درێژە پێدان بە ئەرکی سیاسی و شۆرشگێریم لە ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا.

* **پرسیار**: پرسی ژن ئەمرۆی کۆمەڵی کوردەواریدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

* **کەماڵ کەریمی**: دەزانن مەسەلەی ئازادی و مافەکانی مرۆڤ زۆر لە ژێر کاریگەری سیستمی سیاسی و ئابووری وڵات دایەوە ئەو سیستمانە دەتوانن کارتێکەری جیاوازیان هەبێ و گۆران لە کولتووری وڵات یان گەلێک دا پێک بێنن. مافەکانی ژنان ئەگەر وەک مافی مرۆڤ بە لایەنە جۆراو جۆرەکانیەوە سەیر بکری دیارە هەڵسەنگاندی گران نیەو ئەوانیش وەک هەموو مرۆڤە ئازادی خوازەکانی وڵات دەچەوسێتەوە، دەگیرێن، زینـدانی دەکرێن ئەشکەنجەی جیسمی و رووحی دەدرێن....ئەگەر وەک ژنیش سەیر بکرێن بەداخەوە دەبێ بلێم هەرچەند تێکۆشانی چالاکانی ناساند و پاراستنی مافەکانی ژن زۆر زیاترە لە دەیەکانی پێشوو، بەڵام لە نێو نەتەوەی ئێمە دا کە پێشینەیکی تارادەیک باشی هەبووە بۆ ئازادی ژیان و راگرتنی حورمەتی ئازادی ژن، بەرەو پێش چوونی جیدی بۆدرووات کردنی کلتووریکی باش کە بتوانی یارمەتی دەری کۆمەڵگا بێ بۆ پاراستنی مافی ژنان نابیندرێ و بگرە لە هێندێک بوار دا ئاستەنگەکان زیاتریش بوون. بۆ وێنە دەکری باس لە کێشە ئەمنیەتییەکان بکەین کە بە هۆی نائەمن بوونی لە رادە بەدەری ژینگە کۆمەڵگا لەوە دەترسی کە ژنەکانیان یان کچەکانیان ئەگەر لەو چووارچێوە دیاری کراوەی بنەماڵە بچنە دەر تووشی کێشە و گرفت بن و ببنە هۆی سەر ئێشەو تەنانەت سەر شۆری پیاوانی بنەماڵە. یان لایەنی ئاینی کۆمەلگا، لە گەڵ ئەوەی کە دین و ئاینە جیاوازەکان هەر کام بە جۆرێک باس لە ماف و دەوری ژن لە نێو بنەماڵە و کۆمەڵگادا دەکا و ژیان و کاری ئازادانە لە چووارچێوە دیاری کراوەکاندا رێگە پێدرواوە، بەڵام تێنەگەیشتووی بەشێک لە موسوڵمانان لە دین وئاینەکەیان و لە ترسی ئەوەی مەبادا بە هۆی ژن و کچەکانیانەوە تووشی عەزابی قەبر و ئاگری جەهەنم بن ئەوان لە ژیانی ئازادانەی رێگەپێدراو مەنع دەکەن و بە بێ ئەوەی هەست بە گوناە بکەن مافەکانیان لە ژێر پێ دەنێن. دەزانن لە کۆمەڵگای کوردەواری بە تایبەت لە رۆژهەڵات هەم لە ژێر فشاری سیستمی خراپی ئابووری و سیاسی و ئەمنی دایە و هەم پەرەگرتنی دەمارگرژی ئاینی شوێنەواری نیسبی لە سەر داناوەو بەو جۆرە پێشکەوتنێکی کەمی لە بارەی تێگەیشتن لە پرسی ژن بە خۆیەوە دیووە.

* **پرسیار**: چ لە رێزی حیزبەکان دا بن و چ سەربەخۆ بن ئایا کار و چالاکی ژنان و رۆڵ و کارتێکەریان لە ناو حیزبە کوردیەکان چۆن هەڵدەسەنگێن؟

* **کەماڵ کەریمی**: لە نیو حیزبە سیاسیەکانیان دا لە رۆژهەلات، ژنی تێکۆشەر هەن کە زۆریش لە هەوڵدان و ئەرکی قورسیشیان لە سەر شان داناوە. بەداخەوە کە ئەم ژنە چالاکانە زۆر نین و نەیان توانیوە ببنە هێزێک لە نێو حیزبەکان دا کژە تواناکانی ئەو توێژە لە مرۆڤەکان لە بەرامبەر پیاوان دا دەرنجا هەر چەند وەک پیاوێکی سیاسی بە شانازییەوە ددان بەوە دا دەنێم کە بوونی ئەو رادە کەمەش لە ژنان لە نیو حیزبەکان دا کاریگەری خۆیان هەبووە لە سەر بیر وبۆچوون و بەرنامە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان و سەرەنجی زۆر لە پیاوان تێکۆشەریشیان بۆ لایەنە جۆراجۆرەکانی خەباتەکەیان لە پێناو یەکسانی ژن و پیاودا راکێشاوە ئەوەش کارێکی وا ئاسان نەبووە. بەڵام دیسان بەداخەوە دەلیم هێشتاش رۆڵ وکارتێکەریان لە رادەدا نیە بۆ حیزبە سیاسییەکان پێویستە،

* **پرسیار**: زۆر جار لە زمان پیاوان و یا بەشێک لە ژنان دەبیسرێ کە ژنان خۆیان لەسەر پرسی ژنان کەم تەرخەمن و زۆر چالاک نینن، ئایا ئەم وتانە راستن؟

* **کەماڵ کەریمی**: منیش پێم وایە دەبێ ژنان لەوە ئازادتر بن کە هەن و کەمتەر خەم نەبن. بەڵام باشە بەشی زۆر وزاڵی کۆمەڵگا پیاون. ئەی ئەگەر پرسی ژن بەشێکە لە پرسی مرۆڤ و مافەکانی مرۆڤ لەوێدا پێشێل دەکرێ. پیاوانی لایەنگری مافی مرۆڤ نابێ یارمەتیان بدەن؟ من پێم وایە ژنان نابێ چاوەرێ بن پیاوەکان کارەکانیان بۆ بکەن وخۆیان دەبێ دەستپێشخەر بن بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە پیاوەکانیش هیچیان بۆ ناکەن. لە کۆمەڵگای ئێمە دا پیاوەکان پێیان وایە لە ژنان ئاقڵتر وزاناترن، دەبا ئەو زیادە عەقڵ و زانابیە بۆ یارمەتی دان و پرکردنەوەی ئەو کەمتەرخەمیە ژیان بەکار بێنن.

* **پرسیار**: هەر وەک ئاگادارن هەموو هێزە و رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان رێکخراوێکیان بۆ پرسی ژن بە ناوی جۆراوجۆر پێک هێناوە. ئایا ئەو رێکخراوانە تا چ رادەیەک توانیویانە سەرنجی بیروڕای گشتی و یان رێکخراوە نێونەتەوەییەکان کە داکۆی لە مافی ژنان دەکەن بۆ لای پرس و مافەکانی ژنان و یان ئەو زۆڵم و نابەرانبەریەی کە دەرحەق بە ژنانی کورد دەکرێ راکێشن

* **کەماڵ کەریمی**: راستە هەموو حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان ئەگەریش ژنی چالاکیشمان نەبێ بۆ پرکردنەوەی ئەو جێگا بەتاڵە رێکخراوێکیان بە ناوی ژنان دروست کردووە. ئەمە بۆ خۆی نیشانەی گرینگ بوونی پرسی ژنە و هەموو حیزبێک دەزانی دەبێ وا نیشان بدا کە ئەوەتا گرینگی بە پرسی ژن دەداو تەنانەت رێکخراویشی بۆ دروست دەکا. بەڵام

رادەی توانایی ئەو ڕێکخراوانە ڕاست بەداخەوە بەستراوتەوە بە توانایی حیزبەکەیەوە. ئەمەش سەیر نیە چوونکە ئەم ڕێکخراوە بۆ حیزب دروست دەکرێ، ئەڵبەت بە هێندێک جیاوازی لە نێو ڕووانگەی حیزبەکانەوە کە لەوانەیە بەشێک لەو ڕێکخراوانە ئازادتربن لە چالاکیەکاندا. لەو نێوانەدا ڕێکخراوی یەکیتی ژنانی دیمۆکراتی کوردستان نموونەیکی باشە هەم بۆ ئازادتر بوون لە چالاکیەکاندا و هەم بۆ هەوڵ دا بۆ ناساندی پرسی ژن لە ڕێگەی حوززوری نوێنەران و ئەندامانی ئەو یەکیەتیە یەو ئەندامانی ژنی چالاکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کۆڕ وکۆبوونەوە حیزب وڕێکخراوە نێوەنەتەوەییەکان بە تایبەت لە دەرەوەی کوردستان.

⁕ **پرسیار**: وەک دوا وتە چ پەیامێکتان هەیە بۆ ژنان و بۆ ئەو مرۆڤانەی داکۆکی لە مافی ژن دەکەن؟

⁕ **کەماڵ کەریمی**: ژن مرۆڤەوە بەشێکە لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و هەم زوڵمێک لە ژن دەکرێ لە مرۆڤایەتیش دەکرێ. هیوادارم ژنانی چالاکی کوردستان و چالاکانی پشتیوانی لە مافی ژن لە تێکۆشان بە مەبەستی دابین کردنی مافی یەکسان بۆ ژن وپیاو لە کۆمەڵگادا ماندوو نەبن و پشت ئەستوور بە ئەزموونەکانی ڕابووردویان یار و هاوکاری یەک بن بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پیرۆزەی مرۆڤایەتی.

## خاتوو رۆژە عەزیزی



* **پرسیار**: تکایە خۆتان بناسێنن و بفەرموون کە لە کەیەوە تێکەڵ بە خەبات و چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون؟!

* **رۆژە عەزیزی**: بە هۆی ئەوەی کە لە سەرەتایی ژیانمەوە لە ناو بنەماڵەیەکی شۆرشگێری سەر بە یەکێک لە ئەحزابی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووم،راستەوخۆ تێکەڵ بە ژیانی سیاسی و شۆرشگێرانە بووم. لە سەرەتای تەمەنی لاوییمەوە بوومە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان و رێکخراوی یەکیەتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان و ئەوەندەی توانیبێتم هەوڵم داوە لەو ئەرکانەی پێمدەسپێرن جێبەجێیان بکەم و چالاکی خۆم وەک ژنێک بە مەبەستی یەکسانی نێوان ژن و پیاو ئەنجام بدەم.

* **پرسیار**: پرسی ژن ئەمرۆی کۆمەڵی کوردەواریدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

* **رۆژە عەزیزی**: بە خۆشیەوە لە ئێستادا بارودۆخی ژنان لە ناو کۆمەڵی کوردەواری بە چاو رابردوو زۆر گۆراوەو هەرچەندە ئەم گۆرانکاریانە لە ئاستی پێویستدا نین،بەڵام ناکرێ نائومێد بین و دەبێت هەوڵی زیاتر بدەین بۆ ئەوەی

پرسی ژنان و بابەتی یەکسانی ژن و پیاو لە کۆمەڵگەدا زیاتر بناسێنین و کاری بۆ بکەین.

کۆمەڵگەی ئێمە بەداخەوە بە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارە و کوردستانیش بە هۆی هەڵکەوتەی شوێنی جوغرافیایی هەمیشە مەیدانی جەنگ و ناکۆکی داگیرکەران بووە،هەر بۆیە پرسی ژن بۆ کۆمەڵگەی ئێمە ئەوەندە پرسێکی کۆن نیە و تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێمە رەنگە بەشێکی زۆر شارەزاییان نەبێت لە سەر ئەو بابەتە.بەڵام بە نیسبەت کۆمەڵگەکانی دیکەی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست پرسی ژنی کورد زیاتر گەشەی کردووە بزوتنەوەکانی ژنان لە چوار پارچەی کوردستان شایەدی بۆ دەدەن.

* **پرسیار**: چ لە رێزی حیزبەکان دا بن و چ سەربەخۆ بن ئایا کار و چالاکی ژنان و رۆڵ و کارتێکەریان لە ناو حیزبە کوردیەکان چۆن هەڵدەسەنگێن؟

* **رۆژە عەزیزی**: حیزبە کوردیەکان بە تایبەت حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێستادا مەسەلەی ژنان و بەشداری ژنان لە ناو ریزی حیزبەکانیان بە پرسێکی گرینگ دادەنێن،بەڵام بە بڕوای من تەنیا دیاری کردنی سەهمیەیەک بۆ ژنان لە ناو رێبەری ئەحزابدا کافی نیە و تەنیا بەوەی کە بڵێن فڵانە حیزب ئەوەندە ژنەی لە ڕیزی رێبەریدایە مانای ئەوە نیە کە ئەو حیزبە گرینگی بە مەسەلەی ژنان دەدات. بەڵکو بە بڕوای من گرینگیدان بە بواری پەروەردەی ژنان لە ئەحزابدا لە هەموویان گرینگترەو دەبێت هەوڵ بدرێ ژنان لە هەموو ئاستە جیاوازەکانی ئەحزابی کوردیدا بەشدار بن. پێویستە ژنان لە سەرەتاییترین کارەکانی ئەحزابدا رۆڵیان هەبێت تا دەگاتە شوێنە حەساس و ئاستەکانی سەرەوەی رێبەری ئەحزاب و دەنگی ژنێک لە ئاستی رێبەری دەنگی ژنانی هاورێی لە ئاستەکانی دیکەی حیزبەکەیدایە. هەر بۆیە لە حاڵی حازردا بەشداری ژنان لە ئەحزابە کوردیەکان زۆر باشترە بە چاو ڕابردوو بەڵام ئەوەش ناگەیەنێ کە ئیتر ژنان بە هەموو ماف و داخوازیەکانیان لە چوارچێوەی حیزبەکانیان گەیشتوون.هێشتاش پێویستی بە زیاتر بەشداری رێژەی ژنان لە ناو دنیای سیاسی حیزبە کوردیەکان هەیە. ژنانیش و حیزبەکانیش دەبێ بڕواننە ئەوەی کە مافی ژن هەر لە چوارچێوەی حیزبەکاندا چاو لێ نەکەن.

* **پرسیار**: زۆر جار لە زمان پیاوان و یا بەشێک لە ژنان دەبێسرێ کە ژنان خۆیان لەسەر پرسی ژنان کەم تەرخەمن و زۆر چالاک نینن، ئایا ئەم وتانە راستن؟

* **ڕۆژە عەزیزی**: بە بڕوای من کە زۆر جاریش دەیڵێم،بەشێک لە توندوتیژیەکانی کە بەرانبەر ژن دەکرێت ژن خۆی بەرانبەر هاورەگەزەکەی دەکات و زۆر جار ئەو گرفتەی کە ژنێک بۆ ژنێکی دروست دەکات ڕەنگە پیاوەکە نەیکا.بۆ نمونە دەبینین ژنێک لە کۆمەڵگەدا هەوڵ دەدات خۆی پێ بگەیەنێ و لە بوارێک لە بوارەکان چالاکی ئەنجام دەدات،بەڵام هەر ژنەکان و دەوروبەری هەوڵی ئەوە دەدەن ئەو ژنە بە دنیایەک ئاوات و بەرنامە بۆ داهاتووی بشکێنن و لە هەندێک ڕێگەوە هەوڵی شکاندنی ئەو ژنە دەدەن. نمونە بۆ ئەو مەسەلانە زۆرە و ڕۆژانەش ڕەنگە بینەریان بین. بەڵام ئەووەش کە ئایا ژنان خۆیان بە پێی پێویست چالاک نین بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان؟ ئەووەش لە هەل و مەرجێکەوە بۆ هەل و مەرجێکی دیکە جیاواز بێت یاخود لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە بگۆردرێ. چونکە هەروەک پێشتر ئاماژەم پێدا کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارە و تا بە ئێستاش لە هەندێک ناوچە ژنان ئاشنا نین بە مافەکانی خۆیان،بۆیە کە ئاشنا نەبوون بە مافەکانی خۆیان ناتوانن چالاکیش بن لەو بوارە.

بەڵام بە خۆشیەوە لەو ناوچانەی کە ئاستی ڕۆشنبیری تاکەکان تا ئاستێکی باش پەرەی سەندوە کۆمەڵگەیەکی چالاکە و ژنەکانی ئەو کۆمەڵگەش زیاتر هەوڵی بەدەستهێنانی ماف و داواکانیان دەدەن و چالاکی خۆیان ئەنجام دەدەن.

* **پرسیار**: هەر وەک ئاگادارن هەموو هێزە و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان ڕێکخراوێکیان بۆ پرسی ژن بە ناوی جۆراوجۆر پێک هێناوە. ئایا ئەو ڕێکخراوانە تا چ ڕادەیەک توانیویانە سەرنجی بیرورای گشتی و یان ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان کە داکۆی لە مافی ژنان دەکەن بۆ لای پرس و مافەکانی ژنان و یان ئەو زۆڵم و نابەرانبەریەی کە دەرحەق بە ژنانی کورد دەکرێ ڕاکێشن؟

* **ڕۆژە عەزیزی**: بەڵێ ئەوە جێگای خۆشحاڵیە کە ئەحزابی کوردی هەریەکە ڕێکخراوێکیان لە چوارچێوەی حیزبەکەیان تایبەت بە ژنان دامەزراندوە،بەڵام ئەو ڕێکخراوانە سەربەخۆی تەواویان نیە چونکە بە پێی بەرنامەو پێڕەوی حیزبەکەیان دەبێت مامەڵە بکەن و بۆ زۆر بابەت دەبێت پرس و ڕەزامەندی حیزبەکەیان وەربگرن. بەڵام لە گەڵ ئەووەش هەر لە ناو ئەو ڕێکخراوانە ڕێکخراوگەلی چالاک و بە توانا هەیە و هەریەکە بە پێی توانایی خۆی هەوڵی ناساندنی پرسی ژنی کوردی بە دنیای دەرەوە داوەو لە وڵاتانی دەرەوەش بە بوونی کومیتەی ئەو ڕێکخراوانە هەوڵی ناساندنی پرسی ژنی کورد بە دنیایی دەرەوە دراوە،کە ئەمە جێگای خۆشحاڵیە پرسی ژنی کورد بەو شێوە گەشەی کردووە هەوڵی باش دراوە بۆ ئەم بابەتە لەلایەن ڕێکخراوەکانەوە.بەڵام دەتوانرێ هەوڵی زیاتر بدرێ بۆ ئەم بابەتە و بە یەکریزی و یەکگرتووی ژنانی کورد زیاتر پرسی ژن بەرەو پێش ببرێ. دەردەکەوێ کە ژنان خۆیان خاوەنی وزەییەکی پۆزێتیڤن بۆ هەوڵ دان و بە دواداچون بۆ مافی

ژن کە ئەمە خۆی یەکێک لە نوکتە گرینگەکانە.

٭ **پرسیار**: وەک دوا وتە چ پەیامێکتان هەیە بۆ ژنان و بۆ ئەو مرۆڤانەی داکۆکی لە مافی ژن دەکەن

٭ **رۆژە عەزیزی**: زۆر سپاس بۆ جەنابت کە ئەم دەرفەتەتان رەخساند. هەر لەم رێگەوە پیرۆزبایی ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژن لە هەموو مرۆڤێکی یەکسانیخوازو هەموو ژنان دەکەم و ئاواتەخوازم کە بە هەوڵ و یەکگرتووی هەموو مرۆڤە یەکسانیخوازەکانی کۆمەڵگەکەمان و ژنانی چالاکی بواری پرسی ژن هەوڵ بدەین بۆ کەم کردنەوەی توندوتیژیەکانی کە بەرانبەربە ژنان دەکرێ. بە هەموومان هەنگاو بنێین بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی بەرابەر و بێ جیاوازی نێوان دوو رەگەزی ژن و پیاو. ئەرکی هەر مرۆڤێکە کە هاندەربێ بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست لە سەر بنەمای ئاشتی و ئازادی و یەکسانی.

## بەڕێز قادر وریا:



* **پرسیار**: تکایە خۆتان بناسێنن و بفەرموون کە لە کەیەوە تێکەڵ بە خەبات و چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون؟

* **قادر وریا**: قادر وریام. زستانی ساڵی ١٣٥٧ کە قوتابیی قۆناغی ئامادەیی بووم لە ژێر کاریگەریی سەرکەوتنی شۆڕشی ئیران دژی ڕێژیمی پاشایەتیی، تێکەڵی چالاکیی سیاسی و کۆمەڵایەتی بووم. لە ١٣٥٨ کە تەمەنم ١٦ ساڵ بوو، بوومە ئەندامی ڕێکخراوی لاوانی دیموکرات. بە سەربەرزیی دەزانم کە وەبیر بێنمەوە یەکەم بەرهەمی شێعریی چاپکراوم هۆنراوەیەک بوو لە ژێرناوی "ژیانەوە"(کە پاییزی ١٣٦٠ی هەتاوی ١٩٨١ی زایینی) لە یەکەم ژمارەی گۆڤاری "لاوان" دا چاپ بوو، بە داکۆکی لە یەکسانیی کچ و کوڕبوو و کچانی کوردستانی بۆ کۆڕی خەبات بانگێشتن دەکرد.

من لە ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوییەوە هەتا ئێستا کە دەکاتە ٣٣ ساڵ، بەشداری ڕیزی پێشەوەی خەباتی ئازادیخوازیی نەتەوەکەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانم و پێشمەرگەم. دیارە کەمتر پێشمەرگەی بەرەکانی شەڕێ چەکداری، چونکە کار و ئەرکی من لە زۆربەی زۆری ئەو ماوە دوور و درێژەدا، کاری فەرهەنگی(نووسین و وەرگێڕان و پێشکەشکردنی وتار و باس و بابەت لە کۆڕ و کۆبوونەوەی حیزبی و خەڵکی و تێکۆشان لە ڕاگەیەنەکانی نیو شۆڕش دا) بووە. ئەوانەی لە نزیکەوە دەمناسن، شاهیدیم بۆ دەدەن، هیچکات لە ئاوڕدانەوە و بایەخدان بە پرسی ژنان و دەنگهەڵبڕین دژی ستەم بەرامبەر ژنان، نەک هەرغافڵ نەبووم، بەڵکوو لەم پێوەندییە دا تەئسیرم لە سەر دەوروبەری خۆشم و تەنانەت کارو تێکۆشان و ئەدەبیاتی حیزبێک هەبووە کە تێی دا کارم کردوە. ئەم خسڵەتە زگماکییە(مادرزادی)یەشم بەر لەوەی بگەڕێتەوە بۆ

پەروەردەی سیاسی و حیزبیم، بۆ دیتنی  رۆژرەشی و بێبەشییەکانی ژنان لە یەکەم ساتەکانی ژیانمەوە لە بنەماڵە و گوند و ناوچەی ژیانی خۆم دەگەڕێتەوە.

* **پرسیار**: پرسی ژن ئەمرۆی کۆمەڵی کوردەواریدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

* **قادر وریا**: لە هەموو بەشەکانی کوردستان، ژنان لە جموجۆڵ و بەرەو پێشچوون دان. جموجۆڵ لە ژیانی کۆمەلایەتی، کولتووری، ئابووری و بە پلەیەکی کەمتر لە ژیانی سیاسییش دا. دیارە ئەم بەشدارییە ی ژنان بە پێی تایبەتمەندیی هەر بەشێکی کوردستان جیاوازە. لەو بەشانەی کوردستان، کە ماهیەتی خەبات، رزگاریخوازانە و نەتەوەییە و داگیرکەر بە سەر کوردستان و نەتەوەی کورد دا زاڵە، ژنانیش لەو خەباتە دا بەشداران جا لە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆردا. دیارە ئەگەر خەباتەکە نهێنی و شیوەی چەکداری هەبێت، ژنان هەر چەند تا رادەیەک هەر تێیدا بەشداران، بەلام زیاتر وەک پشتیوانی خەباتکارانی نهێنی یا چەکدار، بەشدارن. بەلام لە پارچەیەکی کوردستان(وەک هەرێمی کوردستان) کە کورد لە بندەستیی نەتەوەیی تا رادەیەکی زۆر رزگاری بووە و بۆ خۆی حوکمی خۆی دەکات، ماهییەتی خەبات و تێکۆشانی ژنان، یەکسانیخوازییە و هەوڵدانە بۆ جێگە وپێگەیەکی باشتر لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵدا.

دەتوانم بڵێم بە حوکمی بەرەوژوور چوونی ئاگایی گشتی و بەرەوپێشچوونی پێوەندییەکان و کاریگەریی میدیاکان لە سەر بیرکردنەوەی خەڵک، ژنانیش بەو وەزعییەتەی ئێستای وڵات و کۆمەڵی خۆیان رازی نین و ژیانێکی باشتریان دەوێ. بۆیە ئەگەر لە یەک رستە دا بمەوێ پرسی ئەمڕۆی ژنی  کۆمەڵێ کوردەواری هەڵسەنگێنم دەڵێم لە حاڵی راسان و بەگژا چوونەوەی ستەم و چەوسانەوە و نابەرابەری و هەلاواردن دا دەیانبینم، ئەگەر چی بیروڕای دژ بە ئازادیی ژنانیش پێ بە پێی گەشەکردنی بزووتنەوەی ژنان، بە توند و تیژیی رووهەڵمالاوانەترەوە هاتوونە مەیدان.

* **پرسیار**: چ لە رێزی حیزبەکان دا بن و چ سەربەخۆ بن ئایا کار و چالاکی ژنان و رۆڵ و کارتێکەریان لە ناو حیزبە کوردیەکان چۆن هەڵدەسەنگێن؟

* **قادر وریا**: لە نێو حیزبەکانیش دا، تا دێ پتر بایەخ بە جێگە و پێگەی ژنان دەدرێ. حیزبەکان، دەبێ زۆر بێخەبەر و دواکەوتوو بن ئەگەر نەزانن ژنان کە نیوەی کۆمەڵگەکەیان پێک دێنن، هێزێکی لە بن نەهاتوون و ئەگەر ئاوڕ لە پرسی ئەوان نەدەنەوە و لە ئاست مافەکانیان، بێخەم بن، ئەم هێزە روویان تێ ناکا. بۆیە بەرنامە و ئەدەبیاتی حیزبەکان، ساڵ

بە ساڵ زیاترحوزووری ژنانیان تێدا دەبینرێ، هەروەها لە ئاستی سەرەوە و بەڕێوەبەرێتی کاروباری حیزبەکان و لە ریزەکانی خوارەوەتریش دا، تا دێ رێژەیەکی زیاتری ژنان دەبینین. دیارە ئەم حوزوورە، دەبێ وەک سەرەتایەک بۆ حوزووری کاریگەر لە داهاتوودا سەیری بکرێت و بە هیچ جۆر لەو ئاستە دا نییە کە مایەی دڵخۆشی و شانازی پێوەکردن بێت. جارێ بڕیاردەری سەرەکی لە هەموو بوارەکانی ژیانی حیزبەکان دا، هەر پیاوانن. ژنان تەنیا بەشی نیشاندانی سەلماندنی باوەڕی حیزبەکان بە مەسەلەی ژنان وشەرعیەتدان بە دروشم و بانگەشەکانی حیزبەکان، مەیدانیان پێدەدرێ.

* **پرسیار**: زۆر جار لە زمان پیاوان و یا بەشێک لە ژنان دەبیسرێ کە ژنان خۆیان لەسەر پرسی ژنان کەم تەرخەمن و زۆر چالاک نینن، ئایا ئەم وتانە راستن؟

* **قادر وریا**: منیش زۆر جار رەخنەم لە هێندێک عادەت و نەریت و رەفتاری هێندێک لە ژنان (بە تایبەتی ئەوانەیان کە چالاکن و دیارترن لەوانی دیکە)گرتوە، کە دیارە بوونی ئەم عادەت و نەریت وکولتوورە لە نێو ژنان دا هەر ژنان، لێی بەرپرسیار نین، کۆمەڵگەکەیە ژنان ئاوا پەروەردە دەکا کە متمانەیان بە خۆیان کەم بێ. ئەوەندەی گرنگی بە جوان کردنی دیوەی دەرەوەی خۆیان دەدەن، ئەوەندە لە فکری پێگەیاندنی فکریی خۆیان نەبن، سەرەڕای کەمیی ژمارەیان لە بوارەکانی تێکۆشاندا و پێویستی بوونی پێوەندییەکی پتەو لە نێوانیان دا، زۆر بە یەکەوە تەبا نەبن. لە سیاسەت و تێکۆشان دوورە پەرێز بن و هتد. بەڵام ئەگەر لە خۆمان نەگۆڕین کۆمەڵگە و ئێمەی پیاوان، ئەو بارودۆخەمان دروست کردوە کە ژنان، ئەو وەزعەیان هەبی.وەختایەک دەتوانین چاوەروانیی بەشداریی چالاکانەی ژنانمان لە کاری حیزبی وتێکۆشان لە بوارەکانی دیکەی ژیان دا هەبێ،کە بواریان بۆ برەخسێنین و رێگایان بۆ خۆش بکەین.

* **پرسیار**: هەر وەک ئاگادارن هەموو هێزە و رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان رێکخراوێکیان بۆ پرسی ژن بە ناوی جۆراوجۆر پێک هێناوە. ئایا ئەو رێکخراوانە تا چ رادەیەک توانیویانە سەرنجی بیرورای گشتی و یان رێکخراوە نێونەتەوەییەکان کە داکۆی لە مافی ژنان دەکەن بۆ لای پرس و مافەکانی ژنان و یان ئەو زوڵم و نابەرانبەرییەی کە دەرحەق بە ژنانی کورد دەکرێ راکێشن؟

* **قادر وریا**: دیارە ئەگەر حیزب و رێکخراوەکان، بە مەبەستی پشتیوانی لە خەباتی ژنان و تەرخانکردنی بەشێک لە ئیمکاناتی خۆیان بۆ راکێشان و هێنانە مەیدانی ژنان و هاندان و دەستگرتنیان بۆ بەشداری لە بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی نێو هەناوی کۆمەڵگەکەیان ئەو کارە بکەن، کارێکی باشە. شتیکی سروشتییشە لە کوردستان، ئەم

ڕێکخراوسازییەی حیزبەکان بۆ ژنان، بۆ سەردەمێک پێویست بووە. چونکە کۆمەڵگەکە و بزووتنەوەی ژنان ئەوەندە پێش نەکەوتبوون کە ژنان بۆ خۆیان ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیان دروست بکەن و دەبوایە حیزبەکان بە ڕێگایەک دا ژنان لە دەوری خۆیان و خەباتەکەیان کۆ بکەنەوە، بەم جۆرە هەم دەرەتان و شانسێک بۆ خۆ تاقیکردنەوەی ژنان پێک بێنن، هەم بەشی پێویستیی حیزبەکەیان بە حوزووری ژنان، ژنانیان هێنابێتە ریزەکانی خۆیان. من ئەوە بۆ سەردەمی خۆی بە موسبەت دەبینم و پێشم وایە کاریگەریی خۆی لە سەر وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بەرامبەر بە چەوسانەوەی ژنان، هەبووە. بەڵام لە سەردەمی ئێستا دا، دەبێ ژنان بتوانن لە دەرەوەی حیزبەکان، ریکخراو بۆ خۆیان دروست بکەن. ئەگەر حیزبیش ڕێکخراوی بۆ دروست کردوون، ئەوەندە بەستراوەی حیزبەکە نەبن، حیزب وەک مۆرەیەکی شەترەنج و لە دژی لایەنی دیکە، یا بۆ ململانیی لایەنی دیکە، بە کاریان بێنێت. بە بروای من کاتی ئەوە هاتوە، بزووتنەوەی ژنان، سەربەخۆ لە حیزبەکان، بچتە پێش و ژنان بە هۆی دیوارە حیزبییەکان، ئەوەندە کەرت کەرت نەبن. با هەر حیزبێک لە جیاتی ئەوەی تەنیا خەمخۆری ڕێکخراوی ژنانی خۆی بێت و ئەرکی خۆی لە پێوەندی لە گەڵ ژنان دا، لە رەنگاندنی دیوی دەرەوەی ڕێکخراوۆچکەکەی خۆی دا سنووردار بکا، هاندەری ژنانی خۆیان و هی دیکە بن لە ڕێکخراو و لە ژێر چەترێکی گەورەدا کە هەموو ڕێکخراوەکان و چالاکانی ژن بگرێتەوە و ئامانجەکانیشی، لە بەرژەوەند و ئامانجە حیزبییەکان گەورەتر بن، کۆ ببنەوە.

* **پرسیار**: وەک دوا وتە چ پەیامێکتان هەیە بۆ ژنان و بۆ ئەو مرۆڤانەی داکۆکی لە مافی ژن دەکەن؟

* **قادر وریا**: خەبات بۆ یەکسانیی ژن و پیاو و تێکۆشان لە پێناوی نەهێشتنی ستەم و هەلاواردنی جینسی و بە گشتی هەر چەشنە چەوسانەوەیەک، هەر تەنیا ئەرکی ژنان خۆیان نییە، ئەرکی هەر مرۆڤێکە کە بیرکردنەوەیەکی ئینسانی و دیموکراتانە و پێشکەوتنخوازانە و پەروەردەیەکی کۆمەڵایەتیی سلامەت و دروستی هەیە. من ڕێز و خۆشەویستی و پێزانینم هەیە بۆ ئەو ژنانەی کە لەم مەیدانە دا پێشەنگن و ئامادەن نرخی ئەم پێشەنگ بوونەی خۆیان بدەن. دەستی ئەو پیاوانەش دەکوشم کە بە پشتیوانیی خۆیان لە بزووتنەوەی ژنان و ویست و داخوازە یەکسانیخوازانەکان ژنان و تەنانەت داکۆکیی لە ژیانێکی باشتر بۆ ژنان، ڕۆڵیان هەیە لە بەرەوپێشبردنی کاروانی خەباتی ڕزگاریی ژنان.

ساڵانێکی زۆر ژنان و پیاوانی پێشەنگ لە شکاندنی کۆسپەکانی سەرڕێی ئازادیی ژنان و جێگیرکردنی کولتووری یەکسانیخوازی، بە ناحەق دەکەوتنە بەر لۆمە و تانە وتەشەر و سووکایەتیی کولتووری کۆنەپەرستانە و دواکەتوانەی کۆمەڵگە. تەنانەت ئێستاش، ئەم کولتوورە، لە هەر جێگایەک مەیدانی هەبێ، هەر بەم جۆرە لە گەڵ ئالاهەلگرانی یەکسانیی ژن و پیاو دەجووڵێتەوە. پەیامی من ئەوەیە، دەبێ ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز، ئەو موعادلەیە پێچەوانە

بکەنەوە، بەو مانایەی  وا بکەین ئەوانە هەست بە شەرم و شوورەیی بکەن کە بیرکردنەوەکەیان و روانین و هەڵسوکەوتیان دژی ئازادیی ژنان و یەکسانیان لە گەڵ پیاوانە.

## خاتوو کوێستان عومەرزادە



* **پرسیار**: تکایە خۆتان بناسێنن و بفەرموون کە لە کەیەوە تێکەڵ بە خەبات و چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون؟

* **کوێستان عومەرزادە**: سەرەتا سپاس بۆ ئێوە، تێکەڵ بوونم بە کاروچالاکی سیاسی دەتوانم بڵێم کە بەویست و مەیلی خۆم بووە، بە هۆی ئەوەی کە من بەرلەوەی لە دایک بم بنەماڵەکەمان تێکەڵاوی کار و باری سیاسی بوون. بێ گومان دوای ئەوەی لە دایکبووم و دایک و باوکم بە هۆی باردۆخی ناهمواری سیاسی ئەو سەردەمە بەردەوام لە جێ گۆرکێ دابوون سەردەمانێک لە شاخ و سەردەمانێک لەشار. هەموو ئەو رووداوانە کە بۆ من لە سەردەمی منداڵی دەهاتە پێش، منی دەخستە تێرامانێکی قوڵەوە. هەر ئەو رووداو و پێشهاتانە وای لە من کرد کە زۆر پرسیارم بۆ درووست بێت. لێرەدا زۆر بە راشکاوی دەتوانم بڵێم کە من راست و چەپی خۆم لە شۆرش کاتێک لە شاخ بووین و دایک و باوکم دژی نابەرابەری و داگیرکاری لە خەباتدا بوون ناسیمن. وەک تێکەڵ بوون بە شێوەیەکی جیددی بە پرۆسەی سیاسی و کار و چالاکی لەو بوارەدا دەگەرێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە هەستم کرد ناهاوسەنگیەک هەیە لە نێوان چاوەرووانی و کارابیە بەهاییەکانی دەوروبەرمدا، بەو واتایا کە خۆم بە شایانی ژیان لە هەڵ و مەرجێکدا دەزانی کە دەورووبەر و باردۆخی سیاسی ئەو مەجالەی بۆ من نە دەرەخساند. ئەو کاتەیە کە زیاتر مرۆڤ هەست بە وە دەکات کە بۆ بەدەستهێنانی ئەو شتانەی کە لە ناخیەوە هەستی پێدەکات لە هەوڵ و تێکۆشاندا بێت. کاتێک تۆ لە ناختەوە هەست بەوە دەکەیت کە ناعەداڵەتی و ستەم هەیە، ناتوانی چاو بنوقێنیت ئەگەر کەسێکی بە هەست و بە ویژدان بیت. هەر لەو قۆناغەدایە کە مرۆڤ تەواو ئەنەرژی و وزەکانی

دەخاتە گەڕ بۆ لادانی ئەو بێ عەدالْتی و ستەمکارییە. هەرلەو کاتەوە تۆ دەیتە ناو گۆرەپانێک کە پێی دەڵێن مەیدانی خەبات یان چالاکی. هەمیشە هەوڵمداوە کە چالاک بم و بە دوای بنج وبنەوانی کێشەکاندا بچم و لە هۆکارو دەرئەنجامەکانیان بکۆڵمەوە و بۆچوونی و تێروانینی خۆم سەبارەت بەو کێشە و پێشهاتانە دەرببرم. هاتنمان بۆ دەرەوەی وڵات و ژیانکردنم لە سیستمێکی وڵاتێکی ئازاددا، ورەی زیاتری پێبەخشیم کە زیاتر شێلگیرتر بم لە جاران لە هەموو بوارەکانی ژیان بە تایبەت بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی.

* **پرسیار**: پرسی ژن ئەمرۆی کۆمەڵی کوردەواریدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

* **کوێستان عومەرزادە**: پرسی ژن یا خود کێشەی ژن شتێک نیە کە تایبەت بێت بە کۆمەڵگای کوردی. من کە وەک پرسێکی جیهانی سەیری دەکەم ولە ئاست هەموو ئەو کەندو کۆسپانەی کە دێنە سەر ڕێگای خەباتی ژنان بۆ گەیشتن بە مافی ئینسانی خۆیان، بەداخەوە بەربەست زۆر هەن و زۆر جار کۆسپی زۆر قوڵ لەبەردەمیان لێدەدرێت، بەڵام ئەگەر بگەڕێی ئەوە بۆ کۆمەڵگای کوردی دڵنیام دەبێ بە دیدێکی دیکەوە و لە ڕوانگەیەکی جیاوازترەوە چاو لە پرسەکە بکەین. هەر بەدرێژای مێژووی مرۆڤایەتی تا کو ئەمرۆ کە باس لە پرسی ژن و گرفتی ژنان دەکەین دەبینی مێژویەکی دوورو درێژ و پڕ لە نا عەدالەتی تۆمارکراوە ئەوە نە تەنها لە کۆمەڵگای کوردی بەڵکو گەر بە دیقەتەوە سەیری مێژوی گەلانی تریش کەین بە هەمان شێوەیە، بەڵام بە هۆی جیاوازی فەرهەنگ و کولتوری و بە پانتایی جوگرافیایی گرفتەکان و تێروانین بۆ چارەسەرکردنیان جیاوازیان هەیە. لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا نە بەحوکمی ئەوەی کە کۆمەڵگایەکی دواکەوتو و خێلەکییە، کێشە بۆ ژنان هەیە. نا، بەداخەوە زۆر کەس گرفتەکانی پرسی ژن لە کۆمەڵگای کوردیدا بۆ ئەو هۆکارە ناسەردەمیانە دەگێرنەوە. خۆئەگەر ئەمە وابێت دەبێ ئێمە چاو لە کێشە و پرسی ژنان لە وڵاتە پێشکەوتوەکانی جیهان بکەین. بۆ نموونە ئەگەر سەیری ڕووداوەکانی سەدەی ١٦ - ١٧ لە وڵاتانی ڕۆژ ئاوایی بکەین دەبینین کە لەو سەردەمەشدا کە بەردەوام لە گەشەسەندندا بوون ، کێشە و گرفت بۆ ژنان بەردەوام هەبووە . نەچوونی ژنان بۆ قوتابخانەو گۆشەگیریان لە ماڵ و هاندانیان بۆ ژیانی هاوسەری و نانەوەی وەچە دوا کەوتوی بوبێت ئەو کات، ئەوە ئەو فەرهەنگە لە سەردەمی پێش فیکتۆریا لە بەریتانیا لە سەدەکانی ١٧ بوونی هەبووە. ئەو کات عەقلیەتی مرۆڤ ئەوەندەی گەشە نەکردووە کە بە چاوێکی یەکسانی چاو لە مافی ژن و پیاو لە کۆمەڵگەیەکی یەکساندا بکات، بەڵام دوایی بە پێشکەوتنەکانی تێکنۆلۆژی و پیشەسازی مرۆڤ ناچارکرا کە زیاتر سەبارەت بە هەموو بوارەکان بیر کاتەوە، پێشکەوتنی هەر بوارێکی ژیان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەری دادەنێتە سەر بوارەکانی دیکەی ژیانیش.

کۆمەڵگای کوردی بە حوکمی ئەوەی کۆمەڵگایەکی سونەتیەو ژنان تا ئەندازەیەک گرێدراون بەو سونەت و یاسایانەی کە لە کۆنەوە بوونیان هەبووە، جوانی و کاراکتێر و کەسایەتی بۆ ژنان بە پێی سونەت دارێژراوە. ئەگەر پرسی ژن بەراوردی بکەین لەگەڵ ١٠ساڵی رابردوو، ئەوە هەست بە جیاوازیەکی زۆر دەکەین سەبارەت بە هۆشیار بوونەوەی ژنان لە بەدەستهێنای مافەکانیان ، ئەوەش بەو مانایە نیە کە ژنی کورد تەواو هۆشیار بۆتەوە ودەزانێ کە ماف و حەقی ئەو چیە؟ و چۆن دەبێ بەرگری لە و شتانە بکات کە لێی زەوت کراون یان دەکرێت. روو بە دنیایی دەرەوە ئاگا بوون لە کۆمەڵگاکانی دەور بەرەو هەڵسەنگاندی پرسی ژن یان بینی ژنان لەمەیدانی کاردا و بردنە سەری ئاستی هۆشیاری ژنان، زیاتر هاندەرێن کە ئەوان لە کوێی ئەو کۆمەڵگایەدان؟ و دەبی چ میکانیزمێک بگرنە بەر؟ تا یتوانین ژیانی یەکسان و دور لە چەوسانەوە و توندوتیژی بەسەر بەرین. ژنی کورد زۆر ئەوەندە لە رابردوودا چەوساوەتەوە و زوڵمی لێکراوە بە هۆی هەموو ئەو نۆرمەوو تابۆیانە کە لە کۆمەڵگای کوردیدا بوونیان هەبووە، بەڵام بەداخەوە زۆریان بەو ژیان و ستەم وتوندو تیژیە رازین و پۆشینی جڵ و بەرگی رازاوە و هەڵواسینی خشڵ و زێر بە خۆیانەوە بە دەسکەوتی هەرە مەزن دەزانن.

⁕ **پرسیار**: چ لە رێزی حیزبەکان دا بن و چ سەربەخۆ بن ئایا کار و چالاکی ژنان و رۆڵ و کارتێکەریان لە ناو حیزبە کوردیەکان چۆن هەڵدەسەنگێن؟

⁕ **کوێستان عومەرزادە**: لە نێو حیزبەکاندا راستە ئێستا ئەگەر لەگەڵ ساڵانی پێشو بەراود بکریت جیاوازە، ئەو جیاوازیە بەمانی ئەوەنا کە بیر و خوێندنەوە و فەرهەنگی سیاسی ژنانیان قەبوڵ بێت یان رێز لە بۆچوون وپێشنیاراتی ژنان بگرێن. من زۆر بەراشکاوانە دەتوانم بڵێم کە بەداخەوە زۆربەی ژنان لە پلە و پایەکانی دەسەڵات و رێکخراوە سیاسیەکانی کوردی هەروەک بوکە شووشە یان رۆبۆتێک وان، حیزبەکان تەنیا لە بەر ئەوەی نیشانی بدەن کە یەکسانی خوازن و ریز لە مافی ژنان دەگرن و باوەیان بە بوونی هەر دوو رەگەز واتا نێر و می هەیە ئەوە ژنان لە ناوند و ئۆرگانەکانیان جێگە دەکەنەوە.

بەداخەوە لەنێوە حیزبەکاندا ژنانێک دەبینین کە لە ناوندەکانی بریاردان دان ،بەڵام تا چەندە ئەو کەسانە دەتوانن کاریگەر بن لە سەر پێشەوەچوونی پرسی ژنان. .من پێم وایە کە مەیدانی کارکردن و هەنگاونانی ژنان لە حیزبە کوردیەکاندا سنوردارە، ئەوەش بە هۆی ئەو ساختارە کۆمەڵایەتیە یە کە زۆر جار رێگە لە خوێندنەوە پیاوانی رۆشنفکریش دەگیرێت. ئەو بەحوکمی ئەوەی کە ژنە وکەم لە کارو باری سیاسیدا مەشۆرەتی پێدەکرێت کە گوایە ناتوانێت بریا بدات یان توانی سیاسی کەمەوە لە ریزبەدنی کردنی ئەلف و بێی سیاسی تێناگات. کە ئەوە گەورەترین هەڵەیە بە باوەڕی من. من

پێم وایە هەوڵی ژنان نابی تەنها لەو ڕوانگەوە بیت کە بکەونە کۆشی دەسەلات نا بەلکو هەول بدەن بە بیری و فکری سەردەمیانەی خۆیان هەول بدەن کە بنبڕی هەموو ئەو بیرە سونەتیانە بکەن یان بیرێک کە نزک بێت لە خوێندنەوەیەکی پیاوسالارانە لە رەگو ڕیشەی بەرین، دەبی ئەوەمان لەبیر و پیاوانیش دان بەو راستە دابنێن کە خەباتی گەلی کورد بە هەمووکەندو کۆسپەکان و قوربانیەکانیەوە ژنی لەگەڵ دابوە نابی ئەوە لە بیر بکرێت.

* **پرسیار**: زۆر جار لە زمان پیاوان و یا بەشێک لە ژنان دەبیسرێ کە ژنان خۆیان لەسەر پرسی ژنان کەم تەرخەمن و زۆر چالاک نینن، ئایا ئەم وتانە راستن؟

* **کوێستان عومەرزادە**: ئەوەی کە ژنان خۆیان مەیل و ئارەزۆی ئەوەیان نیە کە بەدوای مافەکانی خۆیاندا بچن و هەوڵ نادەن، تا ئەندازەیەک رەنگە وابێت، بەڵام ئەمە بەشێکی کەمی ژنان دەگرێتەوە. ئەوەمان لە بیر بێت کە بۆ بەدەستهێنانی ماف دەبێ هەنگاو بنێین و هەموو ئەو کۆدانە کە لەبەر دەستماندان کە دەرگا داخراوەکانی پرسی ژنانیان پێدەکرێنەوە بەکار بێنین، بەڵام خۆئەگەر مەیلیشت بوو لە لایەک، پیاوان ڕێگر بوون کە تۆ هەنگاو بنێی بۆ دۆزینەوە ئەو کۆدوو رەمزانە کەواتە ئەوە بۆ خۆی گرفتە، هەن کۆمەلی ژن کە وەک لەسەرەوەش ئیشارەم پێدا کە ژیانکردن لە چوار چێوەی ماڵ رازین و بریاردان لە چوار چێوە ماڵ بە کافی دەزانن و پێیان وایە نا بێ لە شۆرشی ژناندا بەشدار بن. بەڵام پێم وایە ئەو شێوە ژیانکردنە ئەمرۆ کەم کەم کاڵ دەبێتەوە، ژنی کورد هوشیار تر لە جاران بیر لە خۆی و کێشەکانی کۆمەڵگەکەی دەکاتەوە و بەروی دوونیا دەرەوەدا دەروانێ و هەنگاو دەنێ.

* **پرسیار**: هەر وەک ئاگادارن هەموو هێزە و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان ڕێکخراوێکیان بۆ پرسی ژن بە ناوی جۆراوجۆر پێک هێناوە. ئایا ئەو ڕێکخراوانە تا چ رادەیەک توانیویانە سەرنجی پیرورای گشتی و یان ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان کە داکۆی لە مافی ژنان دەکەن بۆ لای پرس و مافەکانی ژنان و یان ئەو زۆڵم و نابەرانبەریەی کە دەرحەق بە ژنانی کورد دەکرێ راکێشن؟

* **کوێستان عومەرزادە**: بەڵی وایە نەک تەنها ئەو ڕێکخراوانەی کە پاشکۆی حیزبەکانن، بەڵکو ئەوانەی بە ناو سەر بەخۆشن. بەداخەوە نەیان توانیوە شێوازی کارکردنیان لە گەڵ کۆمەڵگای ئەمرۆدا بگونجێنن، ئەگەر ئێمە پێمان وابێ ئەو ڕێکخراوانە بە هەردوو بەشەکەی واتا حیزبی و غەیرە حیزبی تەنها ئەوەبێ کە لە چوار چێوە ئەو حیزبەی کە تێدان بەرنامەو چالاکی خۆیان گەڵالە بکەن هەڵەیە. گرفتی سەرەکی کە من دەی بینم بەدوادا نەچوونی ئەو کێشە و گرفتانەی کە

مۆغی کۆمەڵگایان ژەهراو کردوە، پاشان دەپرسم بەراستی لە ماوەی تەمەنی ئەو ڕێکخراوانە کە تایبەت بە ژنانە، ئایا (کوشتن، سوکایەتی، توندو تیژی، ژن بە کەم زانین، کام لە کێشە کۆمەڵایەتیەکان کەم بونەوە، پاشان ئەو ڕێکخراوانە نەیان توانیوە خاڵی دیاریکراویان بێت تا وەک پێویست هەنگاو بنێن. لە هەمانکاتدا من پێم وایە نەک تەنها لە ڕێکخراوەکانی حیزبیدا، بەڵکو ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ژنانیش بە شێوەیە تێنەکۆشاون بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان. ئەگەر بێتو ڕێکخراوەکانی ژنان بە شیوەیەکی جیدی و بە پێی میکانیزم هەنگاو بنێن وبیری ژنانە خەباتیان بەرەو پێش بەرن، ئەوا دەکرێت کە ئاسۆیەکی روون بۆ پرسی ژنان بەدی بکرێت. من ئەو ژنانەم قابلی قەبوڵ نین کە تنها بیر لە پۆست و مەقام بکەنەوەو لە لایەک هاورەگەزەکانیان لە ژێر ئازار و ستەمی کۆمەڵایەتیدا بسوتێن. ڕێکخراوەکان و چالاکوانانی بواری ژنان سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرسی ژن کە ببێتە هۆی ئەوە کە سەرنجی ناوندەکانی نێودەوڵەتی بۆ لای خۆیان راکێشین زۆر لاوازن، بە هۆی ئەوی کە کارو چالاکی ئەوان کەمتر روبەدونیای دەرەوەیەو نەیان توانیوە کە کیشەکە بە جیهانی بکەن و ئەو چوار چێوە تەسکە سنوورەکانی ببەزێنن، کاری هاوبەش لە نێوە ڕیکخراوکانی ژنانی کورد کە بتوانن یارمەتیدەر بێت و دەنگی ژنی کورد بگەیەنێتە دەستە خوشکانی دەرەوەی کوردستان زۆر کەوە.

* **پرسیار**: وەک دوا وتە چ پەیامێکتان هەیە بۆ ژنان و بۆ ئەو مرۆڤانەی داکۆکی لە مافی ژن دەکەن؟

* **کوێستان عومەرزادە**: لە کۆتایدا هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو مرۆڤێکی ئازادی خواز، بۆ هەموو ژنێک کە بە بیرێکی ژنانە و روحێکی پر لە هەستی ژنانە هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی و بەدەستهێنانی مافەکانی دەنێت و بیر لە ئایندە و داهاتووی کۆمەڵگەکەی دەکاتەوە، پێم خۆشە ئەوەبلێم کە ئەگەر بمان هەوێت کۆمەڵگا بەرەو پێشەوە بەرین دەبێت هەموو دام دەزگاکان لە گەڵ ڕیکخراوەکانی حکومی و ناحکومی لە هەوڵی چارەسەری پرسی ژنان بە شێوەیەکی جیدی و زانستی دابین. چونکە پێشکەوتنی کۆمەڵگە بەندە بە پێشکەوتنی ژنان. ئەگەر ژنێک لە کۆمەڵگەدا رۆشنبیر بێت ئەوا خانەوادەیەک دەتوانێت رۆشنبیر بکات و بە پێچەوانەش. ژنان رۆڵێکی گرینگ لە کایەکانی ژیاندا دەگێرن، بۆیە گرینگە کە ئاورێکی جیدی لە پرسی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا بدەرێتەوە. بە هیوای کۆمەڵگەیەکی یەکسان و پێشکەوتوو بۆ کوردستان.

دووبارە سپاس. کوێستان عومەرزادە

---

## بەڕێز برایم جەهانگیری



※ **پرسیار**: تکایە خۆتان بناسێنن و بفەرموون کە لە کەیەوە تێکەڵ بە خەبات و چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون؟

※ **برایم جەهانگیری**: سوپاس کاک رەحمان بۆ وروژاندنی ئەو پرسە گرینگەی کۆمەڵگاکەمان.

برایم جەهانگیری م و هەر لە سەرەتای دەسپێکردنی خەباتی گەلانی ئێران دژی رێژیمی پاشایەتی لە ئێران دا واتە ساڵی ١٣٥٧ هەتاوی رووم کردۆتە کار و باری سیاسیی و بە کردەوە تا ئێستا لەو بارەوە لە جووڵە نەکەوتووم.

※ **پرسیار**: پرسی ژن ئەمرۆی کۆمەڵی کوردەواریدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

※ **برایم جەهانگیری**: پرسی ژن پرسێکی سیاسیی کۆمەڵایەتییە کە لە زۆر ولات دا تا ئێستاش دەگەڵ کێشە وگرفتی زۆر سەرەکی بەرە و روویە. ئەگەرچی لە هەموو جیهاندا تەنانەت لە وڵاتانی هەرە پێشکەوتووی جیهانیش جار و بارە بێعەدالەتی بەرامبەر بە ژن دەبینرێ و تەنانەت لە سیستەم و یاساش دا هەندێ جیاوازی دانان هەیە لە نێوان پیاو ژن دا بەڵام بە گشتی ئەو کێشەیە، کێشەی سەرەکی وڵاتە ئیسلامییەکانە، ئەو وڵاتانەی بە پێی کولتووری شەریعەت هەر لەسەرەتاوە هەندێ یاسایان خستۆتە ناو کۆمەڵگاوە کە لەو دا ژن بە تەواوی دەچەوسێتەوە و وەک مرۆڤ حیسابی بۆ ناکرێ. لە شەریعەتی ئیسلامیدا پیاو سالار و سەردارە، مافی هەیە ٤ ژن بێنێ، لە ئەگەری مردنی دایک و باب دا ژن بە

قەرا نیوەی پێاوێکی لە ماڵی بابی پێدەبڕێ، لە کێشەو گرفتەکانی ناو دادگە دا بە سێیان شاهیدێکن. ژن و پیاوێک بە شێوەیەکی ناشەرعی لەگەڵ یەک تێکەڵاو دەبن، سزای ژنە کە مردنی بە بەردباران کردنە و پیاوەکە بە وەرگرتنی حوکمی چەند قامچییەک و رەنگە چەند مانگ زیندان کێشە و تاوانەکەی لە مل دا دەماڵرێ.

ئەوانە کە باسمان کرد لەراستیدا بوونەتە بنەمایەک کە لە هەموو بوارەکانی ژیان دا کە لە باری رەوانییەوە ژن لەو کۆمەڵگایانە دا خۆی هەست بە نوقستانی و کەم و کووڕی بکات لەبەرامبەر پیاواندا. پیاویش بەداخەوە بە هەمان موڕاڵ و ئەخلاقیات رەفتاردەکات و ئەو دەسەڵاتەی لە لایەن ئایین و شەریعەتەوە پێی بەخشراوە بۆتە کولتوور و چووەتە ناو رەگ و دەمارەکانی خوێنی هەردووک لایان. هەر بۆیە ئەو کۆمەڵگایە بە گشتی کۆمەڵگایەکی پیاو سالارە و لەو دا بە داخەوە ژن لە بچووکترین ماف بێبەشە.

کۆمەڵگای کوردەواری ئێمەش بەداخەوە ئەو خاڵە دەیگرێتەوە و ئەگەرچی بە بوونی خەباتی دژی زۆرداری و بوونی حیزب و رێکخراوە سیاسیەکان تا رادەیەک ژنان بە ماف و ئازادیەکانیان ئاشنان و تاک و تەرا و لێرەو لەوێ ژنی زۆر چالاک و بوێر و وشیار لەو بوارە دا هەن بەڵام بەداخەوە ئێستا ئەو چالاکییە نەبۆتە سیستەم و نەچووەتە ناو ژیانی رۆژانەی ژنان و پیاوانەوە. رێکخراوەکانی ژنان لەو بارەوە بەداخەوە کەمتەرخەمن. ئەوان لە جیاتی پرسی خۆیان لە حیزبەکان و سیاسەتی حیزبەکان جیا کەنەوە و وێرای بەشداریان لە کار و چالاکی حیزبی بەڵام پرسی ژن وەک پرسێکی ناحیزبی و گرفتی سەرەکی توێژێکی گەورەی کۆمەڵگا سەیر بکەن زۆر جار هەر لە چوارچێوەی سیاسەتی حیزبدا هەوڵی خۆیان بۆ دەربڕینی داد و هاواری ستەم و بێعەدالەتیەکان چڕ دەکەنەوە. لە حاڵێکدا ئەو پرسە هی حیزبێک و گروپێکی سیاسیی نییە کێشەی گەورەی کۆمەڵگایە. کەوایە ژن لەو بارەوە دەبێ هەوڵی زیاتر بدات بە تایبەتی کە گەیشتە کێشەی ژنان لە روانگەی ژنەوە دەرد و مەینەتیەکان بخەنە بەر باس نەک لە روانگەی سیاسەتی حیزبەوە. دیارە بە خۆشییەوە لەم دواییانە دا هەندێ هەوڵی سەربەخۆی ژنان دەبینرێ کە من هیوادارم ئەو هەوڵانە چڕتر بکرێنەوە و بەردەوام بن.

**❊ پرسیار:** چ لە رێزی حیزبەکان دا بن و چ سەربەخۆ بن ئایا کار و چالاکی ژنان و رۆڵ و کارتێکەریان لە ناو حیزبە کوردیەکان چۆن هەڵدەسەنگێن؟

**❊ برایم جەهانگیری:** چالاکی ژنان لە ناو حیزبە کوردیەکان تا چەند ساڵ لەمەوبەر هەر بەرچاو نەبوو، لە ناو حزبە چەپەکان تا ڕادەیەک چالاکی ژنان بەرچاو و دیار بوو بەڵام لەوێش ئەو چالاکییە بارتەقای وەزن و سەنگی ژنان نەبووە،

هەموو حزبێک و ڕێکخراوێکی کوردستانی دروشمی ئەوەیە کە ژنان نیوەی کۆمەڵن و مافی ژن و پیاو دەبێ بەرامبەر بێ. بەڵام لە ناو خودی حیزبەکان ئەو مەسەلەیە لەبەر چاو نەگیراوە لە دابەش کردنی دەسەڵات و مودیریەتی گشتی وسەرێ دا ژن بێبەش یان زۆر کەم بەشە. بەهانەش ئەوەیە کە ژنی چالاک و بەتوانای پلەی ڕێبەری کەمن! لە حاڵێکدا ڕەنگە پیاوان بەو دەلیلەی کە هەمیشە هەلی فێر بوون و خۆدەرخستنیان لە ژنان زیاتر بووە دەرکەوتەتر و دیارتر بن بەڵام هەر ئێستا لە ڕیزی سەرکردایەتی حیزبەکان دا زۆر بەڕوونی جێگای بەتاڵی ژنان دیار و ئاشکرایە و هەن کەسانێکی بەتوانا لە ڕیزی ژناندا کە دەتوانن لە جیات فلانە پیاو ئەو پۆستە وەربگرن. ئەو ئیمکانە هەر لە سیاسەت و بەڕیوەبەریدا لە ژنان وەرنەگیراوەتەوە، کەمی ڕادەی ژنان لە ڕیزی حیزبەکان وای کردووە کە ڕێژەی زیاتری ئەندامانی کۆنگرە پیاوان بن وئەوانیش بە دڵنیاییەوە زۆر جاران ئەو کەم و کووڕیەی حیزبەکەی خۆیان نابینن و تەنیا لە بەر یەک هۆکار کە ڕەنگە هۆکارەکان لای لای تاکەکان جیاواز بن لە هەڵبژاردنەکان دا دەنگ دەدەن بە پیاوەکە نەک بە ژن.

* **پرسیار**: زۆر جار لە زمان پیاوان و یا بەشێک لە ژنان دەبیسرێ کە ژنان خۆیان لەسەر پرسی ژنان کەم تەرخەمن و زۆر چالاک نینن، ئایا ئەم وتانە ڕاستن؟

* **برایم جەهانگیری**: پرسی ژن و هەوڵدان بۆ لابردنی ئەو بێعەدالەتییەی بەرامبەر بە ژنان لە ئارا دایە تەنیا کار و ئەرکی ژنان نییە، هەموو ئینسانێکی بەرابەری خواز و ئازادیخواز دەبێ لەو ئەرکە گرینگە دا هاوکار و پشتیوانی بێ ئەملاو و ئەولای ڕێکخراوەکانی ژنان بێ، هیچ بەهانەیەک لەم بارەوە لە کەس قەبووڵ ناکرێ کە خۆی لە کێشەکانی ژنان بدزێتەوە. کۆمەڵگای کوردەواری ئێمە بە خەستی بەدەست ئەو دەردەوە دەناڵێنێ، ڕۆژ نییە ژنان و کچانی نیشتمانەکەمان لە دەست ئەو بێعەداڵەتیەی بەرامەبەریان پەیرەوە دەکرێ ئاگر لە جەستەی خۆیان بەر نەدەن. کێ لە خوڵقانی ئەو ڕووداوانە تۆمەتباری سەرەکییە. من ئەو باسە بۆیە وا ڕوون و شەفاف دێنمە گۆڕێ تا کەس خۆی لە ڕاستیەکان نەدزیتەوە. هەر بۆیە ناکرێ دان بەوە دا نەنێن کە ژنان و کچان بۆیە ئاگر لە جەستەی خۆیان بەردەدەن چون لە لایەن کولتوری پیاوسالار و باوک سالارانە تینیان بۆ دێ و کورد گوتەنی چەقۆ دەگاتە سەر ئێسقانیان و ناچار مەرگیان پێ لە ژین شیرینتر دەبێ و کۆتایی بە ژیانی خۆیان دێنن. بۆیە و لەم پیوەندییە دا تەنانەت من پیاوانییەکسانیخواز لەو خەباتە دا بە پێشەنگ دەزانم و ئەگەر بەڕاستی باوەڕیان بە عەدالەت و دادپەروەری و یەکسانی ژن و پیاو هەیە با ئەو پەڵە شوورەییە لە ناوچاوانی پیاوی کورد بسڕنەوە و هەوڵ بدەن بۆ هەمیشە کۆتایی بەو ستەم و بێعەدالەتییە بێنن کە بەرامبەر بە ژن پەیرەوە دەکرێ. کە باسی کەمتەرخەمی ژنان دەکرێ لەگەڵ ئەوەیدا کە ڕەنگە ئەمە وەک ڕوویەکی مەسەلەکە ڕاست بێ بەڵام هۆکاری سەرەکی ئەوەیە ئەوان بە تەنیان، دەنگی پیاوانیان دەگەڵ نیە و ئەگەریش هەیە ئەو دەنگە زۆر کز و لاوازە

و یان شتێکی فۆرمی و پۆزێکی رۆشنبیرانەیە.

ژنان بە بڕوای من دووکاری سەرەکی دەبێ بکەنە پێشەی خەبات و تێکۆشانی خۆیان، یەکەم لەگەڵ ئەوەی دا کە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە چەوساندنەوەی ژنان بە دەستی سیستەم و کولتوری پیاو سالارەوە بە ئنجام دەگات بەڵام لەو خەباتە دا نابێ وا نیشان بدەن کە ژن لەبەرامبەر پیاوان دا رادەوەستن و سەنگەربەندی لەبەرامبەر پیاوان نەکرێتە تاکتیکی سیاسەت و خەباتی ژنان . بە پێچەوانە بۆ بەرەوپێشبردنی خەباتی مافخوازانەی خۆیان دەبێ هەڵ بدەن هەرچی دەتوانن پیاوانی یەکسانیخواز وەک پاڵپشتی بەهێزی ئەو رەوت و حەرەکەتە لە دەوری خۆیان کۆکەنەوە. ئەو پرسە وەک کوتم راستە وەک ماف باسی ماف و ئازادیەکانی ژنە بەلام پرسەکە هی ژن و پیاوە و ئەو خەباتە نابێ جیا بکرێتەوە لە خەبات بۆ رزگاری خاک و نێشتمان، نابێ جیا بکرێتەوە لە خەبات بۆ ئازادییە دێمۆکراتیکەکان. کەوایە لێرە دا دیسان پیاو و ژن هاوشانی یەکتر بۆ لاچوونی ئەو ستەمە دەبێ هەوڵ بدەن.

* **پرسیار**: هەر وەک ئاگادارن هەموو هێزە و رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان رێکخراوێکیان بۆ پرسی ژن بە ناوی جۆراوجۆر پێک هێناوە. ئایا ئەو رێکخراوانە تا چ رادەیەک توانیویانە سەرنجی بیروڕای گشتی و یان رێکخراوە نێونەتەوەییەکان کە داکۆی لە مافی ژنان دەکەن بۆ لای پرس و مافەکانی ژنان و یان ئەو زوڵم و نابەرانبەریەی کە دەرحەق بە ژنانی کورد دەکرێ راکێشن؟

* **برایم جەهانگیری**: من لەسەروو ئاماژەم بەو خاڵە داوە و دووبارە دەڵێم وێڕای ئەوەی کە گرینگی دان بە مەسەلەی ژنان و خستنە ناو بەرنامە و پرۆگرامی حیزبەکان کارێکی دێمۆکراتیک و پێشکەوتووانەیە کە حیزبەکان ئەنجامی دەدەن و تەبلیغی بۆ دەکەن بەڵام ژنان مەسەلەی خۆیان زۆر جاران دەبێ لە چوارچێوەی حیزبەکان بەدەر بزانن و خۆیان وەک ژن باسی کێشەکانیان بکەن و سیاسەت و ئیستراتیژی و تاکتیکی بۆ دا بنێن. بەتایبەتی کاتێ کە رێکخراوێکی کارا و چالاکی ژنان لە سەر ئاستی واقیع بوونی خۆی راگەیاند.

* **پرسیار**: وەک دوا وتە چ پەیامێکتان هەیە بۆ ژنان و بۆ ئەو مرۆڤانەی داکۆکی لە مافی ژن دەکەن؟

* **برایم جەهانگیری**: پرسی ژن و لاچوونی ستەمە بێئەژمارەکان لە سەر ژنان تەوەرێکی دادپەروەرانە و دیمۆکراتیکە، ناکرێ ئازادیخواز بی و باوەڕت بە یەکسانیی ژن و پیاو نەبێ، ناکرێ شۆڕشگێر بی و دژایەتی ئەو داب و نەریتە کۆن و

سەقەتەی کۆمەڵگا نەکەی، ناکرێ نیشتمانپەروەر بی و باسی ئازادی نیشتمان بکەی، بەڵام توێژی هەرە فیداکاری کۆمەڵگا، دایکان و خوشکانی لە خۆ بردوو لە رەوتی ئەو خەباتە لە بیر بکرێن و بۆ ئازادی و گەیشتن بە مافەکانی ئەوانیش هەوڵ نەدەی. باوەڕ هێنان بە مافی ژن بە کردەوە نەک بە قسە، وەک سەنگی محەکی دێموکرات بوون و پێشکەوتوو بوون وایە، عەیارە بۆ هەڵسەنگاندنی پێشکەوتوو بوون و نەبوون، قسەکانم سەبارەت بەو بابەتە گرینگە بەو شێعرەک مامۆسیتا هێمنی نەمر کۆتایی پێدەێنم کە دەڵێ:

با هەزار زێ و گادەر و لاوێنی روونیشمان هەبێ
تاکوو ژن ئازاد نەبێ سەرچاوەکەی ژین لیخنە.

## خاتوو کوێستان گادانی



* **پرسیار**: تکایە خۆتان بناسێنن و بفەرموون کە لە کەیەوە تێکەڵ بە خەبات و چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون؟

* **کوێستان گادانی**: ناوم کوێستان گادانی ساڵی ١٩٧٢ لە شاری مەهاباد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووم. لە تەمەنی ٧ ساڵی بە هۆی چالاکی سیاسی بنەماڵە هاتووینە نێو ریزی شۆرش و لە گەڵ بنەماڵەی پێشمەرگە لە ئاوارەیی دا ژیانمان تێپەر کردووە. تا تەمەنی ١٨ ساڵی لە کاری لاوان و هونەری دا چالاک بووم و دوای ئەوەی بووم بە ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە رادیو و ئینتشارات، دەبیرخانە، پەیوەندییەکانی دەرەوە ئەرکم بەجێ گەیاندووە. بۆ ماوەی ٣ سال ئەندامی رێبەری حیزب بووم و ئێستاش ئەندامی کۆمیسیۆنی پارێزگاری لە پەیرەوی ناوخۆی حیزبی دیموکراتی کوردستانم. لە ساڵی ١٩٩٢ هاتوومەتە تاراوگە و لەو ماوەیەشدا بە پێی توانا و کات وێرای دەرس خوێندن درێژەم بە چالاکییە سیاسی و کۆمەلایەتیەکان داوە. ئەندامی هیندێک ریکخراوەی سینفیم (کوردی و بیانی)کە لە بواری زانستی و یەکسانی و مافی مرۆڤ چالاکییان هەیە. ئێستا وەک توێژەر( لێکۆلەر) لە بواری زانستە پزیشکیەکان لە زانکۆ کار دەکەم.

* **پرسیار**: پرسی ژن ئەمرۆی کۆمەڵی کوردەواریدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

* **کوێستان گادانی**: لە راستیدا پرسی ژن بە گشتی و پرسی ژنی کورد بە تایبەتی گواستنەوەیەکی لە ئاستی بنەماڵە و

کۆمەڵگا و بواری کۆمەلایەتی بەرەو پرسێکی گشتی و هەمەلایەنە و نەتەوەیی بە خۆ وە بینیوە. کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەشداری کردن و لێ پرسین و چالاک بوونی تاکە یەکسانیخوازەکانی نێو کۆمەڵگا. هەڵبەت بەو مانایە نیە کە چی دیکە گرنگی بە کێشە ی بنەماڵە و بوارە کۆمەلایەتیەکان نادرێت، بەڵکو ئاستی بەشداری و بواری چالاکییەکان گشتتر و بەرینتر بوە. لە گەڵ ئەم گواستنەوەیەش ئێستاش پێم وایە کە نەگەیشتووتە ئەو ئاستە کە ببێتە پرسێکی رۆژانە و یەکێک لە بابەتەکانی ناو کوروکۆبوونە گرینەکانی لایەنەکانی پەیوەندیدار، ئێستاش پاشکۆی باسەکانی دیکەیە و وەک مەسلەیەکی لاوەکی و دەرەجە دوو باسی لێدەکرێت کە زۆر جارانیش بەداخەوە وەک پرۆپاگەندا و شۆعاری مافی یەکسانی کەڵکی لێ وەردەگیرێت. دەتوانم بلێم کە پرسێکی هاتووە بەرباس و چارە نەکراوە، وەک زۆر باس و مەوزووعی دیکە بە دەوری بازنەیەکدا دەخولێتەوە بەلام دەتوانین بلێن کە خولانەوەکەی لە جاران بەرچاوترە و راگەیاندنەکان بە رێژەیەکی زیاتر بایەخ بە بلاو کردنەوەی هەوال و چالاکیەکان دەدەن.

* **پرسیار**: چ لە ریزی حیزبەکان دا بن و چ سەربەخۆ بن ئایا کار و چالاکی ژنان و رۆڵ و کارتێکەریان لە ناو حیزبە کوردیەکان چۆن هەڵدەسەنگێن؟

* **کوێستان گادانی**: لە وەلامی دووهەمدا باسی بە گشتی چالاکی و جم و جۆلی ژنان لە کۆمەڵگای کوردەواریدا کرا و ئەگەر ئاورێک بدەینەوە لە ناو حیزبەکاندا (کە پێکهاتەی ئەو کۆمەلگایەن) دەبینین کە بە خۆشییەوە حیزبەکان جێگایان بۆ ژنان کردۆتەوە و بگرە تا رادەیەکیش لە هیندێک باسی سیاسی و بریاردانیشدا بەشداریان دەکەن کە بە بروای من ئەوە دەگەرێتەوە بۆ دوو هۆ؛

**یەکیان** ئەوەی کە ژنانی ئێستای نێو ریزی حیزبەکان ئاگاهانەترو بوێرانەتر لە سەر مافی خۆیان وەدەنگ دێن و **دووهەم** ئەوەی کە حیزبەکان ناتوانن یان باشتر وایە بلێین بە قازانجیان نیە کە بریارەکان وەک جاران هەر لە چوارچێوەی شۆعاردا بهێلنەوە و دەبێ ئەگەر کەمتا کورتێکیش بێت ئەگەر بۆ مانۆردان و بواری راگەیاندنیش بێت ئەو مەجالە بخولقێنن کە پێشکەوتنێک ئەگەریش بە رووکار و زاهیر بێت نیشان بدەن بەلام ئایا لە بواری کەیفیەت و بە مانای واقع چ پێشکەوتنێکی هەبووە کە ئەوە باسێکی دیکیە (دواتر باسی دەکەم). کاروچالاکی ژنان لە ناو حیزبەکاندا بەرچاوترە بەلام چەندە کاریگەری هەبووە لە سەر سیاسەتی حیزبەکان لە ئاست پرسی ژن ئێستاش لە حالی دۆزینەوەی میکانیزم و رێگایەکدایە کە بتوانێت تەئسیرگوزار بێت کە لە روانگەی منەوە ئەم بەشە بەرەوپێشچوونێکی ئەوتۆی لە ناو ئەحزابی کوردیدا بە خۆیەوە نەبینیوە.

* **پرسیار**: زۆر جار لە زمان پیاوان و یا بەشێک لە ژنان دەبیسرێ کە ژنان خۆیان لەسەر پرسی ژنان کەم تەرخەمن و زۆر چالاک نینن، ئایا ئەم وتانە راستن؟

* **کوێستان گادانی**: بە بڕوای من ئەم کەمتەرخەمییە دوولایەنەیە؛ یانی هەم لە لایەن هێندێک لە ژنانەوەیە هەم لە لایەن پیاوانەوەیە. ڕیکخراو، حیزب و نهادە جوراوجۆرەکان چ لە بواری مافی یەکسانیخوازی و چ لە بواری مافی مرۆڤ وهتد.. هەمووی بە دەست ئەندامانی کۆمەڵگا دادەمەزرێت، ئەوەی کە کام لا کەمتەرخەمە لە پرسی ژن یان پرسێکی دیکە هەر وەک لە سەرەوەوە ئاماژەم پێکرد هەر دووک لا تەیدا بەشدارن. بەلام هۆکارەکەی چێ، بۆ چی ژنان زیاتر بەرچاون لەم کەمتەرخەمییە یان ئەسەلەن ئەوە راستە کە بلێین ژنان کەمتەرخەمترن لە وەدەستهێنانی مافی خۆیاندا؟ بە بڕوای من ئەوەی کە کۆمەلگا پرسی ژن تەنیا بە ئی خودی ژن بزانێت و پێ وابێت کە ژن خۆی دەبێ وەدوای مافی خۆی بکەویت ئەوە یەکێک لە روانینە هەڵەکانە یان ئەوەی کە هەموو باسەکانی ناو کۆمەڵگا باس و پرسی جیددین و پرسی ژن کەوتۆتە پەراوێز و دەبێ ژنان خۆیان ئەگەر نارازین بەو وەزعە خۆیان رێگایەک بدۆزنەوەو خۆیان کەمتەرخەمی نەکەن. ئەو بیروبۆچوونانە هەر درێژەیان دەبێت تا زەمانێک ئەو شیوە روانینە هەبێت کە پرسی ژن هەر بۆ ژنان گرینی هەیە نەک بۆ کۆمەلگا. بەلام لە هەمان کاتیشدا هەمانە لە ناو ژناندا بە تایبەت ئەوانەی کە بە هەر هۆیەک بێت ئێستاش لە هەبوونی مافی خۆیان ئاگادار نین و پێیان وایە کە ژیان ئاوایە و دەبێت قەبوولی بکەن و یان ئەگەر لە روالەتی ژیان و رەفاو ئاسایەش رازی بوون ئیدی ژیان خۆشەو داوایەکی دیکەیان نیە یان ئەگەریش داوایەکیان هەبێت بە هیندێک هۆی تایبەت و بە هەلسەنگاندی خۆیان رێگای بێدەنگی هەلدەبژێرن کە ئەویش دەگەرێتەوە بۆ بێ دەسەلاتی ئەم کەسە لەو شوێنەی لێ دەژی کە چەندە کۆمەلگا بە مانای راستی پشتیوانی دەکات لە داوا و سەرپێچی لە ناحەقی، کە هەر وەک هەموومان دەزانین ئێستاس ئەم شیوە کۆمەلگا ئیدەئالە لە ناو کوردەکان بگرە لە ناو کوردانی دەرەوە ولاتیشدا جێ نەکەوتووە، کەواتە ئەم وتانە کە ژن خەتای خۆیەتی و ئەوە کەمتەرخی ژنانە لە ئەسلدا وتەی ئەم و ئەون و ئەگەریش وا بێت دەبێ ئێمە بزانین کە کام تەیفی ژنان کەمتەرخەمن و هۆکاری چییە. ئەو کەسانەی ئەم ئیداعایانەیان هەیە با بە تێگەیشتن لە مافی ژن و بە بروا هەبوون بەو مافە لە بنەمالای خۆی را دەست پێ بکات و رێز لەماف و داخوازی ژنانی ناو مالەوە بگرێت بە دلنیایەوە هەنگاوی بەرەوە یەکسانی بوون زۆر بەرەو پێش دەچێت. ساحێبی ئەم جۆرە وتانە ئەگەر بە مانای واقع دلسۆزی دەکات چ ژن بێت و چ پیاو خۆی یەکەم هەنگاو بۆ لابردنی ئەم کەمتەرخەمیانە هەلێنێتەوە.

* **پرسیار**: هەر وەک ئاگادارن هەموو هێزە و رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان رێکخراوێکیان بۆ پرسی ژن بە ناوی جۆراوجۆر پێک هێناوە. ئایا ئەو رێکخراوانە تا چ رادەیەک توانیویانە سەرنجی بیروڕای گشتی و یان رێکخراوە

نێونەتەوەییەکان کە داکۆی لە مافی ژنان دەکەن بۆ لای پرس و مافەکانی ژنان و یان ئەو زۆڵم و نابەرانبەریەی کە دەرحەق بە ژنانی کورد دەکرێ ڕاکێشن؟

* **کوێستان گادانی**: پێش ئەوەی ولامی پرسیارەکەتان بدەمەوە حەز دەکەم ئیشارە بە خاڵێک بکەم ئەویش لەو ولاتەی کە من لێ دەژیم(نۆروێژ)، هەر وەک خۆتان ئاگادارن دەمێکە حیزبی سیاسی و سیستمی پارلەمانتاری لێ دامەزێندراوە و ولاتەکەیان بە ئەمرۆ گەیاندووە کە بە ولاتێکی دێموکرات و دەولەتی ڕەفاو ئاسایەش نێوی دەرکردووە. بە ئاماژە کردن بە مێژووی خۆیان، دەڵێن کە نەهادینە کردنی دیموکراسی بە مانای تەواوی خۆی کاتێک بە کردەوە لە ناو کۆمەڵگادا هاتە ڕوو کە دوای جەنگی جەهانی دووهەم ڕێژەی ڕێکخراو سینفی جوراوجۆرەکان لە زیادبووندا بوو و هەر یەکە و بە شیوەیەک و بۆ ئامانجێک هەولی دەدا کە بە وەسەریەک خستنەوەی هەموو ئەو دەسکەوتانە توانیان ولات بەرە بەرە بە ئەمرۆ بگەیەنن. ئەم نموونەیەم بۆیە هێناوە کە بلێم لە ڕاستیدا من بڕوام بە هەبوونی ڕیکخراوەی بە بەرنامە و پلان بۆ ئامانجی دیاری کراو و تێکۆشانی تایبەت لە چوارچێوەی ئاینامەی خۆیدا هەیە.

ئەگەر بگەڕێمەوە سەر ولامی پرسیاری بەڕێزتان سەبارەت بە ڕێکخراوەکانی ژنان سەر بە ئەحزابی کوردی، دەکرێ بە دوو شێوە چاوی لێ بکرێت، بە شێوەی گشتی(ماکرۆ) یان تایبەتی و وردتر(میکرۆ). لە شێوە گشتیەکەیدا؛ ڕووخسارێکی جوانی هەیە، ڕێکخراوە و ئەندامی هەیە، بەرنامەی هەیە، ئائیننامەی کاری خۆی هەیە، سوژەیەکی باشی بواری ڕاگەیاندنە کە ئەمەش وای کردووە ئێمە زیاتر قەلەم بە دەستان بناسین (بە تایبەت ژنانی نووسەر)، ڕەقابەتی موسبەتی تا ڕادەیەک لە نێوان ژناندا ساز کردووە چ لە نێو خودی ڕێکخراوەکەیداو چ لە هەلسەنگاندن لە گەل ڕێکخراوەکانی دیکەی سەر بە ئەحزابدا کە ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کە ژنانی زیاتر دەردەکەون لە چاچیوەی کاری فیکسی ئەم ڕێکخراوانەدا، کۆبوونەوە و سمینارو... پێکدێنن ،نوێنەرایەتی ژنی کورد دەکەن لە کۆڕو کۆمەلە جوراوجۆرەکاندا. ئەوانەی باسمان کرد هەموو شتهایەکن کە ئێمە لە ڕاگەیاندنەکانەوە دەیبینین کە سرنجی گرووپێکی تایبەت بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت کە ئەم گروپە تایبەتە بە هەر شێوەیەک بێت تەئەلوقی بەو ڕێکخراویەوە هەیە. هیندێکیان لە ڕووی ئاتیفی و هیندێکیان لە ڕووی کێبەرکێ لە گەل ڕێکخراوەکانی دیکە و هیندێکیشیان خوێن گەرم و تازەکارن. کە ڕووخساری ئەم دیاربوونانە دەتوانێ تا ڕادەیەکیش تەئسیر گوزار بێت کە ئەندامیش بە ڕێکخراوەکەی زیاد بێت و ژنانی زیاتریش لە بواری توانای جیاوازەوە بناسێنی کە ئەمانە ڕەنگ بێت لە ڕوانگەی زۆر کەسانەوە هەمووی خالی موسبەت و باش بن...

ئەگەر زیاتر وردبینەوە لە هەبوونی ئەم جۆرە ڕێکخراوانە،(ڕوانینێکی میکرۆ) باس لەو ڕێکخراوانە ناکەم کە تەمنیان ڕەنگ

بێت هەر دوو سال بێت بەلام ئەو رێکخراوانەی کە چەندین سالە هەن بزانین تا ئێستا چ رۆل و کاریگەرێکیان لە سەر حیزبەکەی خۆیان و دنیای دەرەوەدا هەبووە؛من لەو بروایە دام کە هەم رێکخراوی ژنان و هەم رێکخراوی لاوان پاشکۆی ئەحزابی سیاسی کوردین، رێکخراوێکی سینفی سەربەخۆ نین کەواتە دەزگایەکی بەرهەم هێنانی تاکی دلخوازن بە رۆخساری جیاواز. یەکێک لە هۆکارەکانی نەبوونی ژن لە ناوەندی بریاردانی ئەحزاب کوردیدا دەگەرێتەوە بۆ هەبوونی رێکخراوی ژنان سەر بە ئەحزاب. لە روانگەی منەوە ئەحزابی کوردی رێکخراوی ژنانی وەک شوێنێک چاو لێدەکات کە ئەگەر ژنە بڕۆاتە ئەوەیٚ، رێکخراوی ژنان جێگای تۆی ژنە، کەس نێە بپرسیٚ ئەریٚ بۆ رێکخراوی پیاوانتان نیە؟ ئەحزابی کوردی ژنانیان سەرگەرم کردووە بە هەبوونی رێکخراوەی ژنان و لە ناوەندی کاری سیاسی و بریارداندا دووریان کردوونەوە.

دەلێن ئەو ئەحزابانەی کە بروایان بە مافی یەکسانی ژن و پیاویش هەیە ئێستا هاتوونەتە سەر ئەو قەناعەتە کە رێکخراوی ژنانیان هەبێت، من لە وەلامدا دەلێم کە بەرژەوەندی و دیار بوونی خۆیان لە ئەوە دا دەبینێن نەک ئەوەی کە بروای بە هەبوونی ئەم رێکخراوەیە هەبێت. دەلێن لە ولاتانی پێشکەوتوو ئەحزابی سیاسی ئۆرگان یان رێکخراوی تایبەت بە ژنانی هەیە، منیش لە وەلامدا دەلێم راستە بەلام ئەوان لە ناوەندی بریار و سیاسەتدا دوور نەخراوناوە و ئەو ژنانەی لەو رێکخراوانەدان وەک رێکخراوی لاوان و ژنان لە دوای چەند سالێک دەبن بە یەکێک لە مۆرە گرینگە سیاسیەکانی ئەم ئەحزابە. زۆر بە دەگمەن ژن لە رێکخراوی ژنانی ئەحزابی کوردی پەروەردەی رێکخراوی ژنان بووە کە ئێستا وەک تاکێکی سیاسی و جێگای رێز وەک یەکێک لە دەیان پیاوانی ناسراو جێگە و پێگەی خۆی هەبێت. ئەگەر کەسکیش بوویێت بە دلنیایەوە دەلێم کە فێر بوون و لێزانی و پیٚ گەیشتنی خۆی بووە نەک پێگەیشتووی رێکخراوی ژنان و بەرنامەی ئەم رێکخراوەیە. ئەوەی تا ئێستا ریکخراوی ژنان کردوویانە چ وەک چالاکی ناوخۆی رێکخراوەیەی، چ لە ناو خۆیی حیزبدا و چ بە رووی دەرەوەدا هەمووی دەکریٚ و دەتواندریٚ وەک ژنێکی ئەندامی حیزبی شان بە شانی پیاوەکان بکردرێت نەک ئەوەی کە ژنان لە پیاوان جیا بکەنەوە. ئەوەی کە ئەمرو ژنان ئاوا دوورن و پیاوان پێیان وایە ژنان سیاسی نین یان بۆ هیندێک مەجلیس و شوێن و کۆبوونەوە بەشداریان ناکەن،یان هیندێک کاری ژنانە و پیاوانە ئێستاش بەرۆکی ئەحزابی کوردی بەرنەداوە هەمووی دەگەرێتەوە بۆ لە قەفەس خستن و پەراوێزە کردنی ژنان لە چوارچێوەی ریکخراوی ژناندا کە سەرگەرمیان دەکەن بە کاروباری کۆمەلایەتی و کولتۆری و جاروبار هیندێک کۆبوونەوە و سیمینار کە لە گەل رێزم بۆیان حالەتێکی چاولێکەری لە حیزبەکانە. بەلام پرسیارێک دێتە پێش کە ئەگەر ئاوایە بۆ بەشیک لە ژنان هەر ئاوا ئیدامەی دەدەن؛ لە روانگەی منەوە پێکهاتەی رێکخراوی ژنان هەر وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێدا یان لە رووی ئاتیفی و دلسۆزییەوەیە یان تازەکاری و نە ناسینە کە رەنگ بێت ماوەیەک بگرێت یان بە هیوای باشتربوون درێژە بە کاری رووتینی بەرهەم نە هاتوو دەدات یان بە داخەوە هیندێک کەسیش هەن کە بەرژەوەندی و دیاربوونی خۆیان پیٚ لە ئامانجە

درێژخایەنەکەی گرینگتر کە دیار بوونی پێ باشترە لە ئەوەی کە ئال و گۆڕێکی بنەرەتی بکەن کە چی دیکە ژن لە پیاو جودا نەکەنەوە. ئەگەر هەبوونی ڕێکخراوەیەک باشە با باشێکەی بۆ ڕەگەزی پیاویش بێت و ئەگەریش خراپە و پێویست نیێ با هەر دووک لای لێ بێ بەش بێت.

هەبونی ڕێکخراوی ژنان بە شێوەی سونەتی دەوارنێک باش بوو کە ژنانی بۆ نموونە دیمۆکرات بە ناو دێ و دێهاتەکان دەگەران و ژنانیان لە مافی خۆیان ئاگادار دەکردەوە کە ئەو کات فەقەت ژن لە گەل ژن دوان بواری باس کردنی و روون کردنەوەی هەبوو. لە دنیای ئەمرۆدا چ لە کوردستان و چ لە دەرەوە جودایی و بە ڕێکخراوەی کردن ژن بە جیا و پیاو بە جیا لە ڕوانگەی منەوە هەلەیەکی گەورەیە کە ئەحزابی سیاسی دەیکەن و درێژەی دەدەن. لە و سالەنەی ئەخیردا باوە کە دەڵێن فلان هاورێ پیاو ئەندامی یەکێتی ژنانە یان ڕێکخراوی مافی ژنانمان هەیە کە چەند هاورێ بەرێزی پیاوی تێدا ئەندامە، پێشنیار دەکەم کە ئەحزابی سیاسی کوردی ئەگەر لە بەر داب و نەریت و سۆنەت و رێز و قەدری گرتن لە رابردووش ڕێکخراوی ژنان دەهێڵێتەوە یان لە بەر هەر هۆ و بەرژەوەندەیکی دیکە بێت، هاوکات کۆمیسیۆنێکی یەکسانی دابنێت کە هەم بۆ ئێستای خۆیان بۆ رێز گرتن لە ئەندام( ژن و پیاو) و هەم بۆ داهاتووی بەرێوبردنی هەرێم یان ولاتێک ئەزموونی کاری یەکسانی خوازی هەبێت.


بەو کورتەیەی سەرەوە کە باسم کرد؛ من لەو بروایەدام کە ئەگەر کاروباری ڕێکخراوی سەر بە ئەحزابی کوردی ڕەنگدانەوە و کارتێکەرێکی لە ناو خۆ و دنیای دەرەوەدا هەبووبێت ئەوە سیاسەتی حیزبی لە پشت ئەم ڕێکخراوە بووە نەک کاری ڕیکخراوەی ژنان، دلنیام ئەگەر حیزب حەز بە شتێک نەکات ڕێکخراوەکانی سەر بە ئەحزاب (نەک سینفی)کارێکی دیکە لە غەیری مەیلی ئەواندا ناکەن، کەواتە دەبێ‌بلێن تریبوونی دووهەمی ئەحزابەکان چ کاریگەریکەیان هەبووە نەک ریکخراوی ژنان...

* **پرسیار**: وەک دوا وتە چ پەیامێکتان هەیە بۆ ژنان و بۆ ئەو مرۆڤانەی داکۆکی لە مافی ژن دەکەن؟

* **کوێستان گادانی**: بۆ من هەموو ڕۆژێک ٨ی مارسە نەک تەنیا ڕۆژی ٨ی مارس، بۆیە ئەو پەیامە تەنیا تایبەت بە ٨ی مارس نیێ و تەنیا بۆ ژنانیش نیێ. لە کاتێکدا لە ولاتی میسر کە ڕۆژانە دەستدرێژی دەکرێتە سەر ژنانی بەشدار لە خۆپێشاندانەکان لە لایەن پیاوانی بە قەول دژە دیکتاتۆری، لە ولاتی چین کە ئێستاش ژن بۆ کاری یەکسان مووچەی یەکسان وەک پیاو وەرناگرێت، لە ئیسرائیل کە ئێستاش ژنانی مەهاجری ئیتۆپی لە گەل حوکمی نەزۆکی ئیجبارییەوە

رووبەروون، لە ئەفریقای باشوور کە دوای ٢٠ ساڵ هەوڵی دژ بەتوندووتیژی, ئێستاش دەستدرێژی بو سەر ژنان هەروا درێژەی هەیە، لە ماڵی کە دامەزرێنەرانی ئیسلام گەرا دوای دەستدرێژی سیکسی بۆ سەر ژنان مەجبوریان دەکەن کە لە گەڵ پیاوانی ئیسلام گەرا ژیانی هاوبەش پێکبێنن و هەر لەو مانگانەی ئاخردا لانی کەم ٤ ژن سەنگسار کراون یان لە ئێران...، یان لە کوێت... لەمالیزی... لە ژاپۆن لە... لە... لە کاتێکدا کە لە هەر چرکەیەکدا رووداوێکی ناخۆش بە سەر ژناندا روودەدات دەبێ پەیامی کەسێکی یەکسانی خواز لە رۆژێکی ئاوادا بێجگە لە ئەوەی کە دەستی هاوکاری بۆ هەموو ئەو کەسانە درێژ بکات کە ئەگەر بروایان بە مافی یەکسانی هەیە بە ئیمان بە خۆ بوون و دوور لە بەرژەوەندی تاکی خۆیان هەوڵ بدەن هەر کەسە و لە ئاست خۆی بە پێی توانا یاریدەدەری پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی یەکسانخواز و دیموکرات بیت. ژن و پیاو مافی وەک یەکیان بۆ دابندرێت وەک یەک داخوازیەکانیان لە بەرچاو بگیرێت، یەکەم هەنگاو هەڵێنانەوەش لە بنەماڵە و کۆمەڵگا و ریکخراو حیزبەکان بە بەرنامە وئامانجی دیاری کراو هەڵدەهێنرێتەوە کە هیوادارم رێکخراوەکانی ژنان سەر بە ئەحزابی کوردی لەم بوارانەدا کار و چالاکی سەربەخۆی زیاتر لە داهاتوودا مسۆگەر بکەن.

## بەڕێز: هەیاس کاردۆ



⁕ **پرسیار**: تکایە خۆتان بناسێنن و بفەرموون کە لە کەیەوە تێکەڵ بە خەبات و چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون؟

⁕ **هەیاس کاردۆ**: لە گوندی قەرەگۆل سەر بە شارستانی مەهاباد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووم و دوایە چوومەتە شار. دوای شۆڕشی ئێران ڕێی خەباتم گرتۆتە بەر و هەتا ساڵی ٩٤ی زایینی لە ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان دا تێکۆشاوم. لە ساڵی ١٩٩٦ەوە لە وڵاتی ئوستڕالیا دەژیم.

⁕ **پرسیار**: پرسی ژن ئەمڕۆی کۆمەڵی کوردەواریدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

⁕ **هەیاس کاردۆ**: پرسی ژن و کێشە جۆراوجۆرەکانی هێندە ئاڵۆزە لە بابەتێکی ئاوادا وەڵام وەر ناگرێتەوە. بە تایبەت ئەگەر باسی ژن لە کوردستان بکەین ئاڵۆزییەکە زیاتر دێتە بەرچاو. بە گشتی ژنانی کوردستان هەرچەند زۆر هەنگاوی بە کەڵکیان بۆ چوونە پێش هەڵێناوەتەوە، کەچی جارێ زۆریان ماوە بەو شوێنە بگەن کە دەبێ پێی بگەن. ڕەنگە هۆی جۆراوجۆر هەبن کە دەبنە بەربەستی ئەوە ژنی کورد جارێ نەتوانێ بە ئاواتەکانی خۆی بگا. گرینگترینی ئەو هۆیانە بە باوەڕی من دەکرێ ئەمانە بن:

**یەکەم**. کورد جارێ بۆخۆی گرفتی گەیشتن بە ئازادیی هەیە و ناچارە زیاتر بیر لە ڕزگاریی نەتەوەیی بکاتەوە تا مافی بەرابەری.

**دووهەم**. باری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی نەتەوەی کورد بە جۆرێک دەگەڵ فەرهەنگی زاڵی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تێکەڵە کە خۆی بە تەنیا ناتوانێ بەرابەریی کۆمەڵایەتی دابین بکا.

**سێهەم**. نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ یان ناوچەی ڕزگار کراو هۆیەکی دیکەی ئەو نابەرابەرییە کۆمەڵایەتییەیە کە بە زەرەری ژنان ماوەتەوە.

**چوارەم**. نەبوونی بازاڕی پێویستی کار بۆ ژنان لە کوردستان کە بتوانن لە باری ئابوورییەوە لە سەر پێی خۆیان ڕاوەستن دیسان هۆیەکی گرینگی دیکەیە کە ئاسۆی گەیشتنیان بە ئازادیی تەواو لێڵ دەکا.

**پێنجەم**. دەگەڵ ئەوانەش نەبوونی بزووتنەوەیەکی بەهێزی یەکگرتووی کۆمەڵایەتی کە تایبەت بێ بە بەرابەریی ژن و پیاو هۆیەکی گرینگی دیکەیە کە ڕێگای لە گەیشتنی ژنان بە ئازادی و بەرابەری گرتوە. بە گشتی لە حاڵی ئێستا دا لە هەموو کوردستان و بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کێشەی بەرابەریی ژن و پیاو زۆر بە شلی کاری بۆ دەکرێ و ئەگەر بە مەودا حیسابی بکەین جارێ زۆری ماوە دڵمان پێی خۆش بێ.

* **پرسیار**: چ لە ڕیزی حیزبەکان دا بن و چ سەربەخۆ بن ئایا کار و چالاکی ژنان و ڕۆڵ و کارتێکەریان لە ناو حیزبە کوردیەکان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

* **هەیاس کاردۆ**: من بزووتنەوە یان ڕێکخراوێکی سەربەخۆی بە هێزی ژنان لە کوردستان نابینم و ئەگەر هەشبێ ئاگام لێی نیە. ئەوەی هەیە هەموو ئەو ڕێکخراوانەن کە یان ڕاستەوخۆ سەر بە حیزبە سیاسییەکانن، یان لە پەنا ئەوان و بە یارمەتیی ئەوان درێژە بە ژیان و خەبات دەدەن. ئەوەی وەک ڕێکخراوەکانی ژنان لە تەنیشت حیزبە سیاسییەکان دیارە خۆی لە خۆی دا پێم شتێکی خراپ نیە چونکە لانیکەم هانیان دەدا هەوڵێک بدەن و خۆیەک نیشان بدەن. لە غەیری ئەوەدا چونکە خۆیان ڕێکخراوێکی سەربەخۆی یەکگرتوویان نیە مەجالی کار و چالاکییان بۆ نامێنێتەوە. وەک کەسایەتی و ئەفرادی سەربەخۆ دیارە ژنانی زۆر چالاک و وشیار و ماندوویی نەناس هەن و بەردەوام پرسی ژنان دێننە گۆڕێ و هەوڵی بۆ دەدەن. جگە لەوە هەرچەند زۆر بەرچاو نیە بەڵام ژنانی کورد لە ڕیزی حیزبە سیاسییەکانیش دا بۆ مافی نەتەوەیی و چینایەتی و هی دیکە خەبات دەکەن و حزووریان هەیە. ئەوە قسەی من نیە، بەڵکوو ژنان بۆخۆشیان دەزانن حزووریان لە کار و چالاکیی سیاسی و کۆمەڵایەتی دا بەرچاو نیە و هەتا ئێستاش ڕۆڵی سەرەکی هەر پیاو دەی گێڕێ. دیارە ئەوە بەشێکی خەتای ژنان خۆیان نیە و نەزمی کۆمەڵ بە سەری دا سەپاندوون، بەڵام دەبێ قبووڵی بکەن بەشێکی بۆ خۆیان دەگەڕێتەوە

و دەبێ زیاتر بیری لێ بکەنەوە.

* **پرسیار**: زۆر جار لە زمان پیاوان و یا بەشێک لە ژنان دەبیسرێ کە ژنان خۆیان لەسەر پرسی ژنان کەم تەرخەمن و زۆر چالاک نینن، ئایا ئەم وتانە راستن؟

* **هەیاس کاردۆ**: چ پیاو ئەو قسانە بکا و چ ژن خۆیان، ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەو مەیلەی بۆ کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە پیاوان دا هەیە لە ژنان دا نیە. نەک هەر لە کوردستان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەڵکوو لە سەرتاسەری دنیا دا ڕێژەی بەشداریی پیاوان لە کاری سیاسی دا بەرزترە لە ژنان. ئێستا ئەگەر لە وڵاتانی دێمۆکرات و ئازاد دا ژنان بە هۆی دیکە نایانەوێ زۆر خۆ لە کاری سیاسی بدەن، لە کوردستان بەشێک لە هۆیەکانی جیاوازن و زیاتر گرفتی فەرهەنگی و کۆمەڵاتییە ئەو مەیلەی تێدا کوشتوون. بە پێی ئەزموونی خۆم کە ماوەی سێ ساڵ ڕاستەوخۆ کارم دەگەڵ ژنان کردوە، ژنانی کوردستان هێندەیان دەرد و مەینەت هەیە وێڕا ناگەن بیر لە بەشداریی لە خەباتی بەرابەریخوازانە دا بکەنەوە. بەشی زۆری ئەوان کاتی خۆیان بۆ منداڵداری، ماڵداری و میوانداری و ئەو جۆرە شتانە تەرخان دەکەن و هیچ چاری دیکەشیان نیە. جگە لەوەش زۆر بەداخەوە بەشێک لە ژنانی کورد سەبارەت بە یەکتر حەسادەتیان هەیە و لە کاری بە کۆمەڵ دا کەمتر خۆیان ڕێک دەخەن. هەڵبەت ئەوەی دەیڵێم بەو مانایە نیە هەموو ژنان بگرێتەوە. نا بە خۆشییەوە ژمارەیەکی زۆرمان ژن هەن کە لە کاری ڕێکخراوەیی دا دەستی باڵایان هەیە و توانای ڕێبەریکردن و سازماندانی باشیان تێدا بەدی دەکرێ. بەڵام ئێمە باسی گشتی دەکەین کە هەموو ژنانی کوردستان دەگرێتەوە.

جگە لەوانە لە کوردستان بە گشتی هەتا ئێستاش قانوون پیاوانەیە و لە زۆر بواردا دەستی ژنان بۆ کاری کۆمەڵایەتی و سیاسی دەبەستێ. جا مادام سەرەڕای ئەو هەموو بەربەستەی دیکەی سەر ڕێی ژنان، قانوونیش لە بەرامبەریان ڕاوەستێ ئیدی دیارە توانا و مەیلی تێکۆشانیان زۆر کەم دەبێتەوە و بەشی زۆریان ناهومێد دەبن. ئەوانەش کە کۆڵ نادەن و دەخوازن بەربەرەکانێ بکەن تووشی گرفت و سەختیی زۆر دێن و بەو جۆرەی پێویستە بەرهەمی خەباتەکەیان وەچنگ ناکەوێ. بە باوەڕی من بۆ ئەوەی بتوانین هۆیەکانی لاوازیی کاری هاوبەشی ژنان و خەباتی بەردەامیان بۆ ڕزگاری دەستنیشان بکەین دەبێ لێکۆڵینەوەی زیاترمان هەبێ و وردەکاریی زیاتر بە خەرج بدەین. ئەوەی من لێرە باسم کردوون زیاتر ئاکامی ئەزموونی خۆم و هێندێک ماتاڵای تایبەت لە بارەی ژنانە.

* **پرسیار**: هەر وەک ئاگادارن هەموو هێزە و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان ڕێکخراوێکیان بۆ پرسی ژن بە ناوی

جۆراوجۆر پێک هێناوە. ئایا ئەو رێکخراوانە تا چ رادەیەک توانیویانە سەرنجی بیروڕای گشتی و یان رێکخراوە نێونەتەوەییەکان کە داکۆی لە مافی ژنان دەکەن بۆ لای پرس و مافەکانی ژنان و یان ئەو زۆڵم و نابەرانبەریەی کە دەرحەق بە ژنانی کورد دەکرێ راکێشن؟

* **هەیاس کاردۆ**: ئەوە ڕاستە بەشی هەرە زۆری ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد لە پەنا دەستی خۆیان ڕێکخراوێکی تایبەت بە کار و چالاکیی ژنانیان هەیە، هەر وەک بۆ لاوانیش هەیانە. هەر وەک باسم کرد ئەوە خۆی کارێکی چاکە و لانیکەم نوقتە هومێدێکە بۆ بەردوامیی کار و چالاکیی ژنان. بەڵام ئەو ڕێکخراوە کوردییانە نە دەتوانن و نە دەیانەوێ قورسایی کار و خەباتەکەیان بۆ مەسەلەی ژن تەرخان بکەن. لە ڕاستی دا ئەوان بۆیە ڕێکخراوی ژنانیان هەیە هەتا لەو ڕێگایەوە ئەندام بۆ خۆیان زیاد بکەن و پۆزی لایەنگریی لە مافی ژنیش لێ بدەن، ئەگینا کاری ئەسڵیی ئەوان خەبات بۆ بەرابەریی ژن و پیاو نیە. لە بەر ئەوەش بەشی هەرە زۆری دەستەی بەڕێوەبەریی ئەو ڕێکخراوانە و تەنانەت بەدەنەکەشیان پیاون، سروشتییە مەیلی هەوڵی زۆر لە پێناو بەرابەریی ژن و پیاویان تێدا نەبێ.

بەو حاڵەش هەموو ئەو رێکخراوانە و هەر کام بەش بە حاڵی خۆی لانیکەم بوونەتە پاڵپشتێک بۆ بەردەوامیی خەباتی ژنان و لە باری ماڵی و تەبلیغاتییەوە یارمەتیدەریان بوون. هەر خودی ئەوەش کە ئەو ڕێکخراوانە دەیانەوێ کچ و کوڕ وەک یەک لە خەباتی نەتەوەیی دا بەشدار بن و بۆ مافە ئینسانییەکانیان تێ بکۆشن خۆی خزمەتێکە بە چالاک کردنی ژنان لە کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی دا. هەر بە هەوڵێ ئەو ڕێکخراوە کوردییانەشە دەنگی ژنانی کورد ئێستا لە بەشێک لە تریبۆنە نێونەتەوەییەکان دەبیسرێ و خەڵکی دنیای دەرەوە لە دەرد و مەینەتەکانیان ئاگادار دەبن. بەڵام هیچی ئەوانە نابنە ئەوە کە ژنان خۆیان ڕێکخراوێکی بە هێزی سەربەخۆ دامەزرێنن و هەموو توانا و ئیمکاناتی خۆیان بۆ لە بەین بردنی نابەرابەریی جینسی تەرخان بکەن.

* **پرسیار**: وەک دوا وتە چ پەیامێکتان هەیە بۆ ژنان و بۆ ئەو مرۆڤانەی داکۆکی لە مافی ژن دەکەن؟

* **هەیاس کاردۆ**: وەک خۆم ڕەنگە سەیر بێتە بەرچاو ئەگەر بڵێم هەر لە منداڵییەوە دەرد و گرفتی ژنانم هەست پێ کردوە و دەگەڵی ژیاوم. قەتم لە بیر ناچێ کاتێک زۆر منداڵ بووم دەگەڵ فرمێسکەکانی دایکم کە بە هۆی زوڵم و زۆری باوکم هەڵی دەوەراندن، فرمێسکم دەڕشت. قەتم لە بیر ناچێ کاتێک برا گەورەکەم تەنیا لە بەر ئەوەی چڵە موویەکی سەری دە نێو چێشتەکە دا دیتەوە، چۆن هەڵی کوتایە سەر براژنم و ئەگەر من نەبوایەم ڕەنگ بوو هیلاکی کردبا. ئەمن

هێشتا تازە لاو بووم کە لە ڕێگای خوێندنەوەی گۆڤای "جوانان" دەگەڵ دەرد و خەم و فرمێسکی ژنانی "خۆفرۆش" ئاشنا بووم. لە جەنگەی کاری سیاسی و خەباتی نەتەوەییش دا یەک لەو پیاوە کەمانە بووم بە دڵ لایەنگری بەرابەریی ژن و پیاو بووم و هەوڵیشم بۆ داوە. کاتێکیش لە لایەن شەهید دوکتۆر شەرەفکەندی سکرتێری ئەوکاتی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانەوە داوام لێ کرا لە نیزیکەوە هاوکاریی پەرەگرتنی یەکیەتیی ژنان بکەم، بە دڵ قبووڵم کرد و کارەکەشم ئاکامی باشی بە دواوە بوو. لە کاری نووسینیشم دا ئەوەندی بۆم کرابێ ئاوڕم لە کێشەی ژن داوەتەوە و لە ڕوانگەی خۆمەوە ڕێگا چارەسەرم بۆ دەستنیشان کردوە. بۆیە حەق بەخۆم دەدەم کاری هەتا ئێستای ژنانی کورد، بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە چاوی ڕەخنە سەیر بکەم و ڕادەی بەشدارییان لە خەباتی بەرابەریخوازانەدا بە کەم بزانم. ئەوەندەش کە لە چوار چێوەی حیزبە سیاسییەکان یان لە پەنا ئەوان دا هەیە بە هیچ جۆر وەڵامدەری کێشەی پڕ گرێ و گۆڵی ژنانی کورد نیە و ناتوانێ هەوڵەکان لەو پێناوەدا چڕتر کاتەوە. بۆیە وابزانم یەکەم هەنگاو دەبێ ئەوە بێ ڕێکخراوێکی سەربەخۆی ژنان دامەزرێ کە تێیدا بە بێ لەبەر چاو گرتنی بیر و باوەڕی سیاسی تەنیا بۆ وەدەست هێنانی مافی ژن خەبات بکا.

نابێ ژنان ئەوەشیان لە بیر بچێ کە خەباتی ئەوان بە بێ هاوکاریی پیاوان نەک هەر بە ئاکام ناگا بگرە ئاکامی پێچەوانەی دەبێ. بۆیە گرینگترین کاری ژنان دەبێ ئەوە بێ هێرشی بێ جێ نەکەنە سەر پیاوان و هەوڵ نەدەن فەزای نێوان ئەو دوو جینسە گرژتر لەوەی هەیە بکەن. ئەمن پێم وا نیە بە تۆڵەکردنەوە بکرێ خەباتێکی مافخوازانە بەرێوە ببردرێ یان سەرکەوێ. بەدەستەوە دانی مانای هەڵە لە "فیمینیزم" و پەیتا پەیتا دووپات کردنەوەی هێندێک دروشمی توند و تیژ ناتوانێ یارمەتیدەری خەباتی ژنان بێ. کۆمەڵ لە دوو جینسی ژن و پیاو پێک هاتوە و بە بێ هاوکاری و هاوهەنگاویی ئەو دوو جینسە کۆمەڵ نوقسانی هەیە. کەوابوو نا بۆ بەردەوامیی خەباتی ژن هەتا وەدەست هێنانی هەموو مافەکانی. نا بۆ هەرچەشنە هەوڵێکی ئاژاوەگێڕانە و خۆ بە میحوەر دانانە.

هەیاس کاردۆ - ئوستڕالیا -

## بەڕێز سامان فەقێ نەبی



* **پرسیار**: تکایە خۆتان بناسێنن و بفەرموون کە لە کەیەوە تێکەڵ بە خەبات و چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون؟

* **سامان فەقێ نەبی**: من ناوم "سامان فەقێ نەبی" یە و لە دایک بووی شاری مەهابادم. لە قۆناخی خوێندکارییدا کە هاوکات بوو لەگەڵ سەردەمی ئیسلاحات لە ئێراندا، تێکەڵ بە جووڵانەوەی خوێندکاریی و دواتر خەباتی سیاسی بووم. لە نەورۆزی ١٣٨٥ی هەتاوی تاکوو ئێستاکە بە شێوەی ئاشکرا لە ریزەکانی حیزبی دێموکرات درێژەم بە خەبات داوە و وەکوو پێشمەرگە لە کۆمیسیونی راگەیاندن و لە بەشەکانی رادیۆ و رۆژنامەی کوردستان و کورد کاناڵ ئەرکەکانمان بەجێ گەیاندووە، و دوای کۆنگرەی شەشەمی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستانیش وەکوو سکرتێری گشتی ئەم رێکخراوەیە کە بە یەکێک لە یادگارەکانی کۆماری کۆردستان ئەژمار دەکرێ درێژە بە خەبات و تێکۆشان دەدەم.

* **پرسیار**: پرسی ژن ئەمرۆی کۆمەڵی کوردەواریدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

* **سامان فەقێ نەبی**: پرسی ژنی کورد ئەگەرچی دەکرێ لەهەر چوار پارچەی کوردستان کۆمەڵێک خاڵی هاوبەشی بۆ دیاری بکرێ، بەڵام لە رۆژهەڵاتی کوردستان دۆخێکی تایبەتی بە خۆی گرتووە، کە تا رادەیەک جیاوازە لەگەڵ دۆخی ژنان

لە پارچەکانی تری کوردستان. لە رۆژهەلاتی کوردستان دەتوانین بڵێین کە ئەو ژنانەی لە بواری کۆمەڵناسی لە چینی مامناوەندی دا پۆلێن بەندی دەکرێن، هەم لە بواری رادەی خوێندەواری و هەمیش لە بواری ئاستی تێگەیشتوویی سیاسی و کۆمەلایەتی بە بەراورد لەگەڵ پارچەکانی تر هەم زیاتر بە مافەکانیان دەزانن و هەمیش زیاتر داکۆکی لە مافەکانیان لە چوارچێوەی بنەماڵەو کۆمەڵگادا دەکەن، کە ئەمە لە پارچەکانیتر بەدی ناکرێ. بەلام هاوکات لە بەشی سوننەتی کۆمەڵگا کە هێشتا کۆت و بەندەکان وەک بافتی عەشیرەتی و دابڕان لە داب و نەریتە دواکەوتووەکان زاڵ و بەرچاو، دۆخی ئەم بەشە لەژنان لە رۆژهەلاتی کوردستان جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ باقی پارچەکانی کوردستان دا نییە و ریژەی کوشتن و خۆکوژیی ژنان لە ئاستێکی مەترسیدار دایە.

* **پرسیار**: چ لە رێزی حیزبەکان دا بن و چ سەربەخۆ بن ئایا کار و چالاکی ژنان و رۆڵ و کارتێکەریان لە ناو حیزبە کوردیەکان چۆن هەڵدەسەنگێن؟

* **سامان فەقێ نەبی**: بە بڕوای من ئەو ژنانەی کە لە چوارچێوەی حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەلاتی کوردستان دا، خەبات و تێکۆشان هەیە بە هۆی دوور کەوتنەوە لە دۆخی راستەقینەی کۆمەڵگای رۆژهەلاتی کوردستان کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر باشتر کردنی دۆخی ژنان لە نێوخۆی وڵات دا نییە، هۆکارەکەشی بۆ نەبوونی پێوەندییەکی ئۆرگانیک لە نێوان ئەو ژنانەو ژنانی نێوخۆ و نەبوونی میدیای بەهێز بۆ گواستنەوەی گوتار و پلانی سەردەمیانە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری ژنان لە نێوخۆی وڵات دەگەڕێتەوە.

* **پرسیار**: زۆر جار لە زمان پیاوان و یا بەشێک لە ژنان دەبیسرێ کە ژنان خۆیان لەسەر پرسی ژنان کەم تەرخەمن و زۆر چالاک نینن، ئایا ئەم وتانە راستن؟

* **سامان فەقێ نەبی**: کۆمەڵگای ئێمە تاکوو هەنووکەش لە بیرۆکەی فارس وتەنی "فرافکنی" دەرباز نەبووە، هەر بۆیە زۆر جار کەم و کۆڕییەک کە سەرجەم کۆمەڵگا تێیدا تاوانبارە، دەخرێتە ئەستۆی چین یان توێژ یان رەگەزێکی تایبەت. پرسی ژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش مەسەلەیەکە کە هەمووان لە بەرامبەری دا بەرپرسیارن. سەرجەم حیزبە سیاسییەکان و رێکخراوە مەدەنی یەکان و هەموو پیاو و ژنێک کە بە پراکتیک نەک هەر قسە هەوڵ نادا ئەم دۆخە باشتر بێ تاوانبارن لەو کێشەیە کە داوێنی کۆمەڵگای کوردی تەنیوە. پێویستە وەکوو مەسەلەیەکی مرۆیی کە پێوەندیدارە بە مافەکانی مرۆڤەو،

هەمووان سەیری پرسی ژنان بکەین و تەنیا ژنان بە تاوانبار نەزانین.

* **پرسیار**: هەر وەک ئاگادارن هەموو هێزە و رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان رێکخراوێکیان بۆ پرسی ژن بە ناوی جۆراوجۆر پێک هێناوە. ئایا ئەو رێکخراوانە تا چ رادەیەک توانیویانە سەرنجی بیروڕای گشتی و یان رێکخراوە نێونەتەوەییەکان کە داکۆی لە مافی ژنان دەکەن بۆ لای پرس و مافەکانی ژنان و یان ئەو زۆڵم و نابەرانبەریەی کە دەرحەق بە ژنانی کورد دەکرێ راکێشن؟

* **سامان فەقێ نەبی**: ئەم رێکخراوانە هەر وەک ئاماژەم پێکرد بە هۆی تەریک کەوتنەوە لە دۆخی راستەقینەی کۆمەڵگای رۆژهەلاتی کوردستان و نەگەیشتنی دەنگ و گوتارو پەیامیان بە زۆرینەی ژنانی نێوخۆی وڵات بە هۆی نەبوونی ئاڵقەیەکی پێوەندی بە هێز (چ مرۆیی و چ میدیایی) و هاوکات دەسەڵاتداریی رێژیمێکی تۆتالیتێر لە ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان ناتوانن کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر بیروڕای گشتی لە پێوەندی لەگەڵ هەلومەرجی ژنان لە نێوخۆی وڵات دا هەبێ.

* **پرسیار**: وەک دوا وتە چ پەیامێکتان هەیە بۆ ژنان و بۆ ئەو مرۆڤانەی داکۆکی لە مافی ژن دەکەن؟

* **سامان فەقێ نەبی**: هیوادارم چالاکڤانان و داکۆکی کەرانی مافی ژنان لە دەرەوەی وڵات هەوڵی سەرەکییان سازکردنی پردێکی پێوەندیی بە هێز لەگەڵ ژنان بە تایبەت چالاکڤانانی بواری ژنان لە نێوخۆی وڵاتدا بێ و لە رێگای ئاڵوگۆڕ کردنی زانیاری و بەڕیوەبردنی پرۆژەی هاوبەش کە لەگەڵ واقعییاتی کۆمەڵگا بگونجێ، خزمەت بە باشتر کردنی دۆخی ژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا بکەن.

---

## خاتوو کویستان نستانی



* **پرسیار**: تکایە خۆتان بناسێنن و بفەرموون کە لە کەیەوە تێکەڵ بە خەبات و چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون؟

* **کویستان نستانی**: من کویستان نستانی ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی لە کاتی ئاوارەییدا لە گوندی چوالان سەر بە شاری سەردەشت لە دایک بووە، لە تەمەنی منداڵیەوە لەگەڵ بنەماڵەکەی لە نیو کەمپەکانی حیزبی دێموکرات دا دەژی. لەتەمەنی ٦ ساڵیەوە لە بناری قەندیل (گوندی لیۆژە) هەڵکەوتوو لە باشووری کوردستان هەر لە نێو کەمپەکانی حیزبی دێموکرات لە قوتابخانەی سپی سەنگ خراوەتە بەرخوێندن، قۆناغەکانی سەرەتای وناوەندی و دواناوەندی لە نێو کەمپەکانی حیزبی دێموکرات وشاری کۆیە تەواو کردووە.

ساڵی ٢٠٠٤ لە کۆلیژی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و مرۆڤایەتیەکان لە زانکۆی کۆیە وەرگیراوەو ساڵی ٢٠٠٨ لیسانسی لە مێژووی گشتی وەرگرتووە.

لەماوەی ژیانی لە گەڵ بنەماڵەکەی تیکەڵ بە خەباتی سیاسی وکۆمەڵایەتی بووە، ئەندامی ریکخراوی ژنان ولاوانەو لە کۆنگرەی ٤ی لاوان بە ئەندامی بەرێوەبەری هەڵبژێردراوەو بۆ ماوەی ٢ ساڵ وەک ئەندامی بەرێوەبەری و دەستەی بەرێوەبەری گۆڤاری لاوان کاری کردووە. ناوبراو کتێبێکی بە ناوی (عەبدوڵای حەسەن زادە، ژیان و ڕۆڵی لە بزووتنەوەی

ڕزگاریخوازی کورد) چاپ و بڵاوکردۆتەوە.

* **پرسیار**: پرسی ژن ئەمڕۆی کۆمەڵی کوردەواریدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

* **کویستان نستانی**: بە درێژایی مێژوو هەوڵی کۆیلەکردنی ژنان و گێرانەوەیان بۆ قوژبنی ماڵ و بەخێوکردنی منداڵ و ئاشپزخانە ودەرهاویشتنیان لەتێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوارەکانی فەرهەنگ و زانست و هونەر بووە.

ژنانی کورد زیاتر لەهەموو ژنانی وڵاتانی دیکە مافەکانیان پێشێل دەکرێ و کراوە، جارێک وەک کورد وجارێک وەک ژن، بۆیە دەبێ لە دوو مەیدانی خەبات بوونیان هەبێ خەباتی نەتەوەیی و خەباتی یەکسانیخوازی،چونکە ئەگەر کورد و کوردستان یەکەمین شوێن و یەکەمین هێزبووبن بە دژی شۆرش وپەلاماری کۆنەپەرستانە بۆ ستاندنەوەی ئازادییەکان ئەوا بزووتنەوەی ژنانیش دژ بە بێ بەشکردنیان لە ماف و ئازادییەکانیان و بێ بەشکردنیان لە مافی یەکسانی لەگەڵ پیاوان و سوکایەتی کردن بە مەقامی ئینسانی ژن فاکتەری سەرەکی بوون بۆ ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیانەی کە دژی نێوەرۆکی داب و نەریتی زاڵ و دەسەڵاتی دواکەوتوانەی داگیرکەران هاتوونە مەیدان.

ئەم گەشەکردنەی هزری ژنانی کورد وای کرد کە ژنان وەک مرۆڤێکی خاوەن بیروڕاو کاریگەر کەسایەتیەکی سەربەخۆ و ئەکتیڤ لەبوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی دا بوونی خۆیان بسەلمێنن و بۆ داخوازی مافەکانیان هەنگاو بەرەو سەرکەوتنێکی دڵخوازبنێن کە سەرەڕای بەربەست و ئەو گرفتانەی کە پێش بە بەرەوپێش چوونیان دەگرێت و گورزێکی کاراو کاریگەرلە پەیکەری لەرزۆکی ژێردەستەیی و چەوسانەوە بدەن. هەر لەو پێوەندیەدا ئەو کەسانەی وەک و ژنانی پێشەنگ و و پێشڕەو لەو بوارەدا سەرکەوتووبن ولە مافەکانیان نزیک ببنەوە و بە مەبەستەکانیان بگەن. ژنانێکیش کە خۆیان لە چوارچێوەی شۆناسێکی ژنانە دەبیننەوە و هەوڵیان داوە شوناسی ژن بوون وەک فاکتەرێک بۆ دۆزینەوەی پێگەی ژن و سەقامگیرکردنی پێرەوەکانی دان بە مافەکانی ژنان لە کۆمەڵگەدا دابنێن، چۆن بە بێ ئەو دۆزینەوەیە ناتوانن تایبەتمەندییە ڕەگەزییەکانیان وەک خاڵێکی باش پێناسە بکەن و بۆ زیاتر بەرەو پێش چوونیان سودی لێ وەربگرن.

* **پرسیار**: زۆر جار لە زمان پیاوان و یا بەشێک لە ژنان دەبیسرێ کە ژنان خۆیان لەسەر پرسی ژنان کەم تەرخەمن و زۆر چالاک نینن، ئایا ئەم وتانە راستن؟

* **کویستان نستانی**: کۆمەڵگەیی مرۆیی هەتا ئەمرۆکە کۆمەڵگەیەکی تاک عەقڵ و، عەقلیەتێکی پیاوانەی بەسەر دا زاڵ بووە، سەرەڕای دیاردەیەکی خێڵەکی ، وهەر لە کۆنەوە لە زمانی فەیلەسوف وبە جۆرێک پێناسە بۆ ژن کراوە کە وەک کاهینێکی داگیرکراو بووە. هەروەک ئەفلاتوون دەڵێ: ژنان بوونەوەرێکن کە لە چاو پیاوان توانای کەمتریان بۆ فیربوون هەیە و لەبەر ئەو سروشتە گەندەڵیانە کە دەبێ بە تایبەتی پەروەردە بکرێن.

ئەرستۆش جگە لەوەی بە ئاشکرا گومانی خۆی دەربڕیوە لە مەڕ ئەوەی کە ژن خاوەن کۆمەڵە خەسڵەتێکی پەسەندی نموونەی خۆپارێزی، دادپەروەری یا خود میانڕەوی پێشی وایە کە ژن ڕۆڵێکی کاریگەرو شوێن دانەری لە کۆمەڵگەدا نیە و پیاو بە سەرچاوەی ژیان دەزانێ و لەو باوەڕەدایە کە ڕەگەزی نێر خاوەن کۆمەڵەک تایبەتمەندیە کە لە ڕەگەزی مێ دا بوونی نیە.

هەرچەندە لەچاخی بوژانەوەو رۆشنگەریشدا باسی مافە سروشتیەکانی مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی بەربلاو هاتە گۆڕێ و پاشەکشەی بە دەسەلاتی کلێسەو ئاین کردووە، پرسی ژن وەکو مرۆڤایەتی نەهاتۆتە ئاراوە کە تەنانەت تا نەوەی سەدەی ١٨ یەمیش هەر بەو شێوەیە بووە.

ئاینیش بۆتە فاکتەرێکی بەهێز کە لە زۆر بواردا مافی ژنان پێشێل کراوەو بە جۆرێک کە لە بەرژەوەندی پیاوان دایە، تەنانەت پێش سەرهەڵدانی ئاینی ئێسلام لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا بەپێی داب و یاسا داسەپینراوەکانی کۆمەڵی ئەو هەرێمە ژن خاوەن ماف نەبووە.

پرسی ژنیش تەنها پرسێک نیە کە ژنان خۆیان هەوڵی بۆ بدەن، بەڵکو ئەم پرسە پرسی پیاویشە کە کاتێک باس لە ژن دەکا کە نیوەی کۆمەڵە، پێویستە ڕێگە خۆشکەر بێت بۆ هێنانە کایەی مافەکانیان، لێرەدا مەبەست ئەوە نیە کە پیاوان دەستی ژنان بگرن و مافەکانیان پێ بناسێنن، بەڵکو بە لێک گرێدانی هەردوو دەست هەوڵ بدرێ بۆ کەمکردنەوەی دیاردەکانی باو لە کۆمەڵگەدا کە ڕێگرن لە بەردەم ژنان و ژنانیش کە کەمتەرخەم و خەم سارد بن وە ئاگا بێنەوە.

* **پرسیار**: هەر وەک ئاگادارن هەموو هێزە و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان ڕێکخراوێکیان بۆ پرسی ژن بە ناوی جۆراوجۆر پێک هێناوە. ئایا ئەو ڕێکخراوانە تا چ رادەیەک توانیویانە سەرنجی بیرورای گشتی و یان ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان کە داکۆی لە مافی ژنان دەکەن بۆ لای پرس و مافەکانی ژنان و یان ئەو زوڵم و نابەرانبەریەی کە

دەرحەق بە ژنانی کورد دەکرێ راکێشن

⁕ **کویستان نستانی**: لە سەدە تاریکەکاندا کە لە ئەوروپا خەباتی ژنان دژی چەوسانەوەی رەگەزی وسیاسی و فیکری سەری هەڵداو چالاکانە بەشداریان لە شۆرشە سیاسیەکاندا دەکرد لە پێناو گۆرینی سیستەمی سیاسی و ئابووری و کلتووری وکۆمەلایەتی لە ولاتەکەیاندا بە هەمان شێوە لە سەدەکانی دواتر لە رۆژهەلاتی نێوەراست لە نێو ژنانی کوردیشدا هەوڵەکانی ژنان لە پێناو دەستەبەرکردنی دەستکەوتەکانیان و بنبرکردنی بێ مافی و ناعەدالەتی کۆمەلایەتی دەستی پێکرد. بە جۆرێک کە میژووی دامەزراندنی یەکەم رەیکخراوی ژنان دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ١٩١٩ بە ناوی (کۆمەڵەی پێشخستنی ژنانی کورد) کە ئامانجی ئەم کۆمەڵەیە هانانی ژنان و بیرکردنەوەیان بە شێوەیەکی هاوچەرخانەو ریفۆرمی کۆمەلایەتی و بنەرەتی لە ژیانی خێزانی دا پێک بهێنن و بەشداری لە ژیانی سیاسی کۆمەڵەکەیاندا بکەن. هەروەها دامەزراندنی کۆمەڵەی تەفالی ئافرەتانی کورد کە ئامینە خانم هاوسەری شەریف پاشا سەرۆکایەتی دەکرد.

لێرەدا دەردەکەوێ کە بزووتنەوەی ژنانێش لە چوارچێوەی ریکخراوەیدا وەکو هەر بزووتنەوەیەکی پیشەیی و جەماوەری هەوڵیان داوە لە پێناو چەسپاندنی پێگەیان لە نێو دەسەلاتی سیاسی و دام و دەزگاکانی (پەرلەمان وحکوومەت)، بەلام بە داخەوە بەهۆی بوونیان بە پاشکۆی لایەنەکان یاخود حیزبەکان نەیانتوانیوە بە ئەرکی سەر شانی خۆیان هەڵستن و یەک دەنگ و یەک هەڵوێست بن بەرامبەر ئەرک ومافەکانی ژنان و بە هۆی پشت ئەستوور بوون بە لایەنە سیاسیەکان و هەوڵ دان لە پێناو بەرژەوەندی لایەنە سیاسیەکان زیاترە وەک ئەوەی کە کاربکەن بۆ ناساندنی پرسی ژن بە بیروڕای گشتی و رێکخراوە نێونەتەوەییەکان.

⁕ **پرسیار**: وەک دوا وتە چ پەیامێکتان هەیە بۆ ژنان و بۆ ئەو مرۆڤانەی داکۆکی لە مافی ژن دەکەن؟

⁕ **کویستان نستانی**: هەرچی زیاتر بۆ بەرابەری یەکسانی دوو ڕەگەزی کۆمەڵ هەوڵ بدرێ و ژنانیش واتە ئەو کەسانەی کە ئەم پەیامە( داکۆکی کردن لە مافی ژن) هەڵدەگرن، سەرەتا خۆیان باوەڕیان بە ژنبوونی خۆیان و هاو ڕەگەزەکانی خۆیان بێ و بەر لەوەی داوای مافی ژن بوون بکەن وێرای پێناسەکردن و تایبەتمەندیەکانیان پێویستە بۆ دابین کردنی یەکسانی و مافە مرۆییەکان تی بکۆشن لەچوارچێوەی بەرتەسکی لایەنە سیاسیەکان بێنە دەرێ چ لە ناوەوەو دەرەوەی ڕێکخراوەکان بە شێوەیەکی کاراو سەربەخۆ کار بکەن.

# خاتوو شوعلە قادری



* **پرسیار**: تکایە خۆتان بناسێنن و بفەرموون کە لە کەیەوە تێکەڵ بە خەبات و چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون؟

* **شوعلە قادری**: ناوم شوعلە قادری، لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٧٩) لە ریزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دا دەستم بە تێکۆشان کردوە. دواتر لە ناو حیزب دا ئەو دەرەتانە رەخسا کە بتوانم لە یەکێتی ژنانیش دا وەک سەرشانە کار بکەم. کاتێک کە رووم لە هەندەرانیش کرد درێژەم بە کارو تێکۆشان داوە و زیاتر لە بواری ژنان دا چالاک بوومە. ماوەی ٧ ساڵە کە بەرپرسی کۆمیتەی سوئێدی یەکێتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانم، هەر وەها لە رێکەوتی ٢٦ی نوامبری ٢٠١١ دا لە کۆنفرانسێکی گشتی لە ئورپا دا بە بەرپرسی یەکێتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات هەڵبژێردرام.

* **پرسیار**: پرسی ژن ئەمرۆی کۆمەڵی کوردەواریدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

* **شوعلە قادری**: بە خۆشیەوە لەگەڵ تێپەڕینی زەمان پرسی ژنی کوردیش لە پەسندکراوە و ئەدەبیاتی هەموو حیزبەکانی کوردی دا رەنگی داوەتەوە. دەبینن کە ساڵ بەساڵ بە پێی گرینگی دان بە پرسی ژن لە ئاستی جیهان دا، ئەو پرسە لە

ئەدەبیات و گوتارەکانی هیزەکانی نێو بزووتنەوەی کورد دا پڕڕەنگتر دەبێ. تەنانەت لە نێو کوردانیش دا هێندێک حیزب بۆ وێنە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان باس لە پەیماننامە جیهانیەکانی تایبەت بە ژنان دەکەن و لە بەرنامەی خۆیان دا پەسەندی دەکەن.

دیارە ئەوەی کە باسم کرد کەش و هەوای نێو حیزبەکانی بزووتنەوەی کوردە، ئەگینا لە کۆمەڵگای رۆژهەلاتی کوردستان دا لەگەڵ ئەوەی کە بە خۆشیەوە ژنەکان تا رادەیەک لە مافەکانی خۆیان گەیشتوون و زۆریشیان حەوڵ بۆ داوە، زۆر رێکخراوی مەدەنیان بۆ داکوکی لە مافەکانیان دامەزراندوە، تەنانەت زۆر لەو شێرە ژنانە تووشی گرتن و ئەشکەنجەو ئێعدام بوونە، بە داخەوە هێشتاش کۆمەڵگا بە عام لە ژێر کلتوری پیاوسالاری دا دەناڵێنێت. هەروەها رێژیمی کۆماری ئیسلامیش بە زەبری یاسای ئیسلامی هاندەرێکی گەورەریە بۆ مانەوەی ئەو وەزعە .

* **پرسیار**: چ لە رێزی حیزبەکان دا بن و چ سەربەخۆ بن ئایا کار و چالاکی ژنان و رۆڵ و کارتێکەریان لە ناو حیزبە کوردیەکان چۆن هەڵدەسەنگێن؟

* **شوعلە قادری**: ئەگەر بمانهەوێ کۆمەڵگای کوردەواری شی بکەینەوە دەبینین کە هەر پارچەیەکی کوردستان تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام یەک خاڵ کە لە هەموو پارچەکان دا تا رادەیەک هاوبەشە ژنی کوردە. ژنی کورد لە هەموو پارچەکان دا دووقات چەوساوەتەوە، لە باری نەتەوەیەوە وەک کوردو لە باری کۆمەڵگاوە وەک ژن. هەر بۆیە بە درێژایی مێژوو ژنی کورد لە پاڵ هێزە سیاسیەکان دا خەباتی کردوەو شان بەشان پیاوان چەندین ساڵ لە شاخ و کێوەکان دا ئاوارەیی کێشاوەو بە شێوەیەکی چالاک بەشداریان لە خەباتی نەتەوەیی گەلی کورد کردوەو رۆڵێکی بەرچاویان هەبوە. بەڵام دەبێ ئەو راستیەمان قەبووڵ بێت کە خەبات بۆ پرسی ژن و بۆ یەکسانیخوازی هەمیشە بۆتە پاشکۆی خەباتی نەتەوەیی.

بەڵام کە باسی رۆڵی ژنان لە ناو حیزبە کوردیەکان دا دەکەین مەسەلەکە دەگۆڕێت. راستە ئەو حیزبانە خەبات دەکەن بۆ رزگاری گەلی کورد، بەرنامەکان زۆرتر پیاوان دەیاننووسن هەر بۆیە رەنگە خەباتی ژنان بەو جۆرە کە پێویستە لە بەرنامەکان دا رەنگ نەداتەوە. بەڵام ژنانی نێو حیزبەکان دەبێ خۆیان ماندوو بکەن و هەڵەکان بقۆزنەوە، حەول بدەن لانی کەم کاریگەریان لە سەر حیزبەکان هەبێ کە گرینگی بدەن بە پرسی ژن و کێشەکانی ژنانیش وەک کێشەی کۆمەڵگا چاو لێبکەن.

* **پرسیار**: زۆر جار لە زمان پیاوان و یا بەشێک لە ژنان دەبیسرێ کە ژنان خۆیان لەسەر پرسی ژنان کەم تەرخەمن و زۆر چالاک نینن، ئایا ئەم وتانە راستن؟

* **شوعلە قادری**: ئەمن بەش بەحاڵی خۆم ئەو وتانە ئاوا شی دەکەمەوە، دەڵێم نەخێر بە هیچ شێوەیەک وا نیە. بەڵکوو دەبێ ئەوەش هەر رەبت بدەینەوە بە فەرهەنگی پیاوسالاری کە بەداخەوە لە نێو حیزبەکانیش دا تا رادەیەک بەر چاو دەکەوێ، ئەگەر بڵێین چۆن؟ دەڵێم ئەگەر مرۆڤ بیهەوێ لە باری سیاسیەوە پێبگا جا چ ژن چ پیاو، بێشک دەبێ مەیدانی هەبێ. ئەو مەیدانە بەتەواوی بۆ پیاوان فەراهەمە و هەموو پیاوێک جورعەت دەکا کە مەسئولیەت وەربگرێ، بەڵام بۆ؟ چونکە پیاوەکە ئەگەر لێهاتوویشی نەبێ کەس کۆنترۆڵی ناکاو نایخاتە ژێر چاوەدێری کە ئایا دەتوانێ لە ژێر باری ئەو مەسئۆلیەتە بێتە دەر یان نا. بەڵام کە ژنێک دەیهەوێ مەسئولیەتێک وەربگرێ لە سەد لاوە دەکەوێتە ژێر چاوەدێری بە جۆرێک کە ژنەکە لە ترسی ئەوەی کە مەبادا هەڵەیەکی لێ روو بدا رەنگە لە بەرێوەبردنی مەسئوولیەتەکی دا بەو شێوەیە نابێ کە دەبێ ببێ. یان هەر لە ماڵەوە لە زەقی دەدرێ، هاوکاری و کارئاسانی بۆ ناکرێ بە نیسبەت منداڵ و ماڵ. لە ئاکام دا ژنەکە تووشی کەمکاری دەبێ و دەست لە کار دەکێشێتەوە.

بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر بیر لەو پیاوانە دەکەینەوە کە لە باری سیاسیەوە گەیشتوونەتە لوتکەی سەرکەوتن دەبینین ژنێکی لە پشت بۆوە کە بۆ بەرێوەبردنی ماڵ و پەروەردە کردنی منداڵ دا نەیهێشتوە ئەو پیاوە هیچ فکرێک لە ماڵ و منداڵ بکاتەوە. لە ئاکام دا پیاوەکە بە پشتیوانی ژنەکە لەو مەیدانە دا سەرکەوتوو دەبێت.

* **پرسیار**: هەر وەک ئاگادارن هەموو هێزە و رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان رێکخراوێکیان بۆ پرسی ژن بە ناوی جۆراوجۆر پێک هێناوە. ئایا ئەو رێکخراوانە تا چ رادەیەک توانیویانە سەرنجی بیرورای گشتی و یان رێکخراوە نێونەتەوەییەکان کە داکۆی لە مافی ژنان دەکەن بۆ لای پرس و مافەکانی ژنان و یان ئەو زوڵم و نابەرانبەریەی کە دەرحەق بە ژنانی کورد دەکرێ راکێشن؟

* **شوعلە قادری**: لەگەڵ ئەوەی دا کە هەموو حیزبە کوردیەکان رێکخراوێکیان بە ناوی جۆراجۆر بۆ ژنان پێک هێناوە بەڵام ئەگەر دۆستان لە حیزبەکان دا لێم زویر نەبن دەبێ بڵێم کە زۆربەیان وەک تەبلیغات بۆ خۆیان باسی پرسی ژن دەکەن و پرسی ژن هەر لە پەراوێز دایە. دیارە با ئەو راستیەش بڵێم کە بە حەق ئێستا زۆر زیاتر لە جاران مەیدان دەدرێ بە باسەکانی پرسی ژن و لە کۆڕوکۆبوونەوەکان دا زۆرتر باس لە یەکسانی نیوان ژن و پیاو دەکرێ، بەڵام هیچ

یەک لەو ڕێکخراوانەی کە حیزبەکان دایانمەزراندوون سەربەخۆ نینە.

* **پرسیار**: وەک دوا وتە چ پەیامێکتان هەیە بۆ ژنان و بۆ ئەو مرۆڤانەی داکۆکی لە مافی ژن دەکەن؟

* **شوعلە قادری**: وەک دوا وتە پێم خۆشە ئیشارە بەوە بکەم کە کێشەی ژنان و پرسی ژنان تەنیا کێشەی مێینە نیە بەڵکوو هەم ژن و هەم پیاو دەگرێتەوە. ئەوە هەر کاری ڕێکخراوەی ژنان نیەو هەر بە ژنان ئەو ئاڵ و گۆڕە لە کۆمەڵگا دا پێک نایەت. بۆیە دەبێ ڕێکخراوەکانی ژنان حەول بدەن کە چالاکیەکان هەر رووی لە ژنان نەبێ و هەر لە چواچێوەی ڕێکخراوەی ژنان دا نەمێنێتەوە. دەبێ حەول بدەین کە لە ڕێگای کۆڕو کۆبوونەوەی جۆراجۆر کێشەکە لە زاویەی جۆراوجۆر دا بێنینە بەرباس.

# خاتوو شەونم هەمزەیی



* **پرسیار**: تکایە خۆتان بناسێنن و بفەرموون کە لە کەیەوە تێکەڵ بە خەبات و چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون؟

* **شەونم هەمزەیی**: من شەونم هەمزەیی دەرچوی زانکۆی ئابوری،من بەهۆی ئەوەی کە باوکم ڕێگەی پێشمەرگایەتی گرتە بەر و حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی هەلبژارد، منیش لەو ڕێبازەدا لە دایک بووم و کەم تا زۆر دەوروبەر و ئەو فەزایە یتێیدا ژیاوم کاریگەری هەبووە لەسەر ژیانم، چالاکی سیاسی و کۆمەلایەتی تێکەل بە ژیانمان بووەو کاریگەری لەسەرمان بووە، من کەسێکی سیاسی نیم، بەلام وەک ژنیک هەول دەدەم ژنێکی چالاک بم بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە ژنان هەولی بۆ دەدەن.

* **پرسیار**: پرسی ژن ئەمرۆی کۆمەڵی کوردەواریدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

* **شەونم هەمزەیی**: بە خۆشیەوە ئەمرۆکە دەبینین ژنی کورد توانیویە وەکوو توێژیک لە کۆمەڵگا خۆی بناسێنێت و بە

دامەزراندی کۆرو کۆمەڵ و ڕێکخراوە وەکوو بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی خۆی پێناسە بکات، هەرچەند کۆمەڵگەی پیاوسالاری کوردستان و کولتووری چەن هەزارساڵەی پیاو سالار لەمپەریکی گەورەیە لەم نێوانەدا و تێپەر نەکردنی قوناغی رزگاری نە تەوەیی تارادەیەک بزوتنەوەی ژنانی کوردستانی خستوەتە پەراوێزی بزوتنەوەی نەتەوەیی .بەڵام بەگشتی دەتوانین بڵێن کە بزوتنەوەی ژنانی کوردستان لە سەردەمی ئێستادا رەوتیکی باشی لە بەر گرتووە و گوتاریکی هاوبەش خەریکە لە نێوا ژنان دا پێک دێت، رەنگەر بەرهەمی ئەم هەوڵ و تێکووشانە ئێستا زۆر بەر چاو نەیت بەڵام لە داهاتوویەکی نزیکدا دەبینین کە بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاری ژنانی کورد لە سەر ماف و ویستەکانی خۆیان بەرە بەرە رەنگدانەوەیەکی باشی لە کۆمەڵگە یکوردستان دەبێت.

※ **پرسیار**: چ لە ریزی حیزبەکان دا بن و چ سەربەخۆ بن ئایا کار و چالاکی ژنان و رۆڵ و کارتێکەریان لە ناو حیزبە کوردیەکان چۆن هەڵدەسەنگێن؟

※ **شەونم هەمزەیی**: بزوتنەوە ژنان بزوتنەوەیەکی کارا، چالاک و ئەکتیڤە کە لە ماوەی چەند دەیەی رابردوودا قۆناغ گەلی جۆراو جۆری تێپەڕ کردووە، ئەوەی کە روون و ئاشکرایە ئەوەیە کە کاروچالاکی ژنان چ لە ناو حیزبە کوردیەکان و چ وەکوو رێکخراوەگەلی سەربەخو لە ناخی کۆمەڵگا کاریگەری خۆی هەیە. بۆ وێنە ئەگەر براوانینە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی کوردستان دەبینین کە رادەی ژنانی خوێندەوار لە یەک دوو دەیەی رابردوو گەشەیەکی بەرچاوی کردوەو ئاستی وشیاری کومە ڵگە بەگشتی سەبارەت بە پرسی ژن و مافی ژن رو لە گەشە بووە، لە ئاستی حیزبە کوردیەکانیش دەبینین کە ژنەکان چالاک تر لەجارانن و تا رادەیەک زۆر بە بەراورد لەجاران یەکگرتوو تر و هاودەنگ تر لە جاران داککۆکی لە مافەکانی خۆیان دەکەن کە بۆ وێنە دەتوانین بە کونفرانسی ساڵانەی ژنانی کوردی رۆژهەڵات بکەین کە لەیەک دوو ساڵی رابردوو بە رێوە چووە،

بەگشتی ناتوانیین کاریگەری چالاکی ژنان لە ساڵانی رابردوو لە بەرچاو نەگرین بەڵام سەرەڕای ئەو کارانە کە کراوە کۆمە ڵگەی کوردستان هێشتا لە دەستپێکی رێگەدایە .لە کوردستان کچان خەتەنە دەکرێن، ژن کوشتنی ناموسی هەر بەردەوامە، رادەی خۆ کوژی ژنان بە هۆی کێشە کۆمەڵایەتیی و بنەماڵەییە کان لە ئاستیکی بەرزدایەو بەشدار کردنی ژنان لە پرۆسەی سیاسی کوردستان کە رەنگدانەوی لە حیزبە کوردیەکان بەدی دەکرێت هێشتا لە ئاستیکی خوارەوەیە، کە وابوو بۆ ئەوەی بتوانین لەکۆمەڵگەی کوردەواری یەکسانی و بەرابەری راستەقینەی ژن و پیاوی ببینین رێگەیەکی دوورو درێژمان لە بەردەم دایە و ئەمەش ئەرک و تێکوشانی زۆرتری ژنانی پێویستە تا لە پێناو گەیشتن بە مافەکانیان هەنگاو هەڵگرن.

* **پرسیار**: زۆر جار لە زمان پیاوان و یا بەشێک لە ژنان دەبێسرێ کە ژنان خۆیان لەسەر پرسی ژنان کەم تەرخەمن و زۆر چالاک نینن، ئایا ئەم وتانە راستن؟

* **شەونم هەمزەیی**: کەم تەرخەم بوونی ژنان سەبارەت بە مافەکانیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەساسەن ئاگاداری مافە کانی خۆیان نین. ژنی کورد ئەرکەکانی خۆی باش دەناسێت دەزانێت دەبێ دایکیکی باش بێت بۆ منداڵەکانی، هاوسەریکی باش بێت بۆ مێردەکەی و.... بەڵام کەمتر ژنیکە کە ئاگاداری مافەکانی خۆی بێت مرۆڤ دەتوانێت ئەرکەکانی خۆی بە باشی بەرێوە نەبات یان پشت گوێیان بخات بەڵام ناتوانێ مافەکانی پشت گوێ بخات .ژنی کە ئاگای لە مافەکانی خۆی نەبێت لە بنەماڵەدا دیسان دەبێت هۆی بەرهەم هێنانەوەی کولتوری پیاو سالاری، بۆیە بەڕای من دەبێت بزوتنەوەی ژنان لە سەردەمی ئێستادا هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان لە پێناو وشیار کردنی ژنان لە مافەکانی خۆیان بخەنە گڕ و بە بردنە سەری ئاستی وشیاری کۆمەڵایەتی ژنان، بزوتنەوەی ژنانی کوردستان گشتگیرتر لە جاران بەرەو پێش ببەن.

* **پرسیار**: هەر وەک ئاگادارن هەموو هێزە و رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان رێکخراوێکیان بۆ پرسی ژن بە ناوی جۆراوجۆر پێک هێناوە. ئایا ئەو رێکخراوانە تا چ رادەیەک توانیویانە سەرنجی بیروڕای گشتی و یان رێکخراوە نێونەتەوەییەکان کە داکۆی لە مافی ژنان دەکەن بۆ لای پرس و مافەکانی ژنان و یان ئەو زۆڵم و نابەرانبەریەی کە دەرحەق بە ژنانی کورد دەکرێ راکێشن؟

* **شەونم هەمزەیی**: ئەو رێکخراوانەی ژنانە کە لە نێو حیزبە کوردیەکان پێک هاتوون هەرچەن رەوڵ و کاریگەری خۆیان هەیە بەڵام بەداخەوە بە بەراورد لەگەڵ ئەو ئازادیەی وا هەیانە هێشتا نەیان توانیوە لە چەند بواردا هنگاو جیدی هەڵبگرن، بۆ وێنە لە بواری تواناسازی ژنان دا کۆمەڵێک رێکخراوەی نێو نەتەوەیی هەن کە لە باری ئابوریەوە پشتگیری لە پرسی ژن لە وڵاتە دواکەوتووەکان دەکەن بەداخەوە رێکخراوە سەر بەخوەکانی ژنان لە ناوخوی رۆژهەڵاتی کوردستان بە هوی مەسایلی ئەمنیەتی ناتوانن کەڵکی لێ وەر بگرن، رێکخراوە کانی ژنان لە نێو حیزبە کوردیەکان دەتوانن ببنە پردی پێوەندی رێکخراوە کانی ناوخو و رێکخراوە نێونەتەوەییەکان، کاریک کە تا ئێستا بە شێوەیەکی بەرچاو نەکراوە!دیسان لە باری توانا سازی ژنان ئەم رێکخراوانە بە نیسبەت ئەندامەکانی خۆیانیش تا رادەیەک کەم تەرخەمن و هێندیک نەریتی کۆنی کوردەواری هەن کە وەکوو تابۆ چاویان لێ دەکرێت و ئەم رێکخراوانە تا ئێستا نەیان توانیوە تابۆ شکن بن بە گشتی ئەم رێکخراوانە لە جیاتی ئەوەی دەستپێش خەر بن و بە کومەڵگا رێ نیشان دەر بن وەکوو هێندی کە حیزبەکان لە جیاتیئەوەی خەڵک بە شوێن خۆیاندا بێنن، خۆیان بە دوای خەڵک دەکەون و ئەمە بە قازانجی بزوتنەوەی ژنان نیە، لە

باری کەڵک وەر گرتن لە مێدیایشەوە ئەم رێکخراوانە هێشتا نەیان توانیوە کاریگەریکی ئەوتۆیان لە سەر کۆمەڵگا هەبێت.

⁕ **پرسیار**: وەک دوا وتە چ پەیامێکتان هەیە بۆ ژنان و بۆ ئەو مرۆڤانەی داکۆکی لە مافی ژن دەکەن؟

⁕ **شەونم هەمزەیی**: زۆر جار ئەم رستەمانە بیستووەکە: "ژنان نیوەی کۆمەڵگان بەڵام رەنگە کەمتر ماناکەیمان لە بە رچاو گرتبێت بۆ نەتەوەیەکی ستەم لێ کروا کە هێشتا قۆناغی رزگاری نەتەوەیی تێپەڕ نەکردوە ،پشت گۆێ خستنی نیوە یەک لە کۆمەڵگا کە دایکی ئەو نێوەکەی تریشە دەتوانێت گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکانیش تووشی ناکامی بکات. پرسی ژن لەکۆمەڵگەی کوردەواری زۆرتر لەوەی کە پرسیکی یاسایی و مافخوازانە بێت پرسیکی کولتووریە، کلتووری هەڵەی پیاوسالار کەچەن هەزار ساڵە باڵی بە سەر کورد کێشاوە تەنیا بە هەوڵ و تێکوشانی ژنان بنبڕ نابن و دەبێ پیاوی کوردیش لەم پێناوەدا بۆ گەیشتن بە کۆمەلگەیکی تەندرووست هەنگاو هەڵبگرێت.

## بەڕێز کاوە ئاهەنگەری



⁕ **پرسیار**: تکایە خۆتان بناسێنن و بفەرموون کە لە کەیەوە تێکەڵ بە خەبات و چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون؟

⁕ **کاوە ئاهەنگەری**: پێشەکی سڵاو و حورمەت بۆ جەنابتان و خوێنەرانی بەڕێزی ئەم دیمانەیە. من وەکوو زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵگای کوردی هەر لە سەردەمی منداڵییەوە تێکەڵ بە کێشە و گرفتە سیاسیەکان بوومە. من پێموایە کە کۆمەڵگای کوردی لە باری نەتەوایەتی، کۆمەڵایەتی، چینایەتی و تەنانەت ئایینیش دەچەوسێتەوە، بۆیە ئێمەی کورد زۆربەمان هەر لە منداڵییەوە ئاشنا و تێکەڵ بەو گرفتانەین. من بۆخۆم بە ڕەسمی لە نەورۆزی ١٣٨١ی هەتاوی (ئەوکات لە ئێران دەژیام) بووم بە ئەندامی تەشکیلاتی نهێنی حیزبی دێموکرات. دوای نیشتەجێ بوونم لە وڵاتی بێلژیک لە کۆمیتەی حیزب درێژەم بە تێکۆشاندا و بە دوای لەتبوونی حیزب لە کۆنگرەی چواردەهەمدا بۆ جێگری کومیتە ناوەندی خۆم کاندید کرد و هەڵبژێردرام و لە کۆنگرەی پازدەهەمیش وەک ئەندامی کۆمیتە ناوەندی درێژەم بە تێکۆشان دا. بە دوای کۆنگرەی چواردەوە من بەرپرسی بەشی کاروباری یەکێتی ئوروپا و بەشی پێوەندییە ئێرانییەکانی حیزبم.

⁕ **پرسیار**: پرسی ژن لە کۆمەڵی ئەمرۆی کوردەواریدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

⁕ **کاوە ئاهەنگەری**: بە باوەڕی من دۆخ و چەندوچۆنی ژیانی ژنی کورد هێشتا نەگەیشتووەتە ئاستی پرس بۆ کۆمەڵگا.

بە زمانێکی دیکە نە ژن و نە پیاوی کورد، وەک مەسەلەیەکی چارەسەرنەکراو یان گرفتێک کە پێویستە چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، ناڕواننە پرسی ژنی کورد. جۆرێک کەمتر خەمی یان چاوداخستن دەبینم، بۆیە پێش چوونێکی ئەوتۆش بە دی ناکەم. ئێمە هەرتەنیا نابێ سەیری دۆخی ژیانی ژنی کورد لە هەندەران بکەین کە ئەویش هیچ باش نیە، بەڵکوو مادام باسی ژنی کورد بەگشتی دەکەین، پێویستە ئاوڕ لە دۆخی ژنانی کورد لە شار و گوندەکانی کوردستان بدەینەوە. بەداخەوە باری ژیانی ژنی کورد کە بێشکە و سەرچاوەی شەپۆلێکی فکری و تەشکیلاتی بێ، وەک پرسێکی زیندوو نابینم.

* **پرسیار**: چ لە ریزی حیزبەکاندا بن و چ سەربەخۆ بن ئایا کار و چالاکی ژنان و رۆڵ و کارتێکەرییان لەنێو حیزبە کوردیەکان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

* **کاوە ئاهەنگەری**: لە وڵامی پرسیاری پێشوودا ئاماژەم بە گرفت یان کەمایەسییەک کرد. بۆیە پێموایە کە کۆمەڵگای کوردی بە سیاسی و غەیرە سیاسییەوە ژن وەکوو ژن بە تایبەتمەندی خۆی و وەک مرۆڤ بە مافی تایبەتی خۆیەوە نابینێ. ئەوەش گرفتێکی گەورەیە لە سەر رێی ژنانی کورد بۆ کارتێکەری و رۆڵگێڕانی خۆیان لەنێو کۆمەڵگا و حیزبەکاندا. لێرەدا باسی تێکۆشان و زەحمەت و حزووری ژنان لە ریزی حیزبەکان و خەباتی پڕشکۆی ئەوان نیە، بەڵکوو باس لە کارتێکەریان لە سەر کۆمەڵگای سیاسی و غەیرە سیاسییە. گوتاری سیاسی حیزبی کوردی هەتا ئێستاکەش گووتارێکی پیاوانەیە. چاو لە تەرکیبی جنسییەتی حیزبەکان بە گشتی و رێبەری حیزبەکان بە تایبەتی بکەین، دەبینین کە پیاوانەیە. چاو لە سەفەر و دانیشتنی هەیئەتە حیزبییەکان بۆ کاروباری حیزبی و دیپلۆماسی دەکەین، پیاوانەیە. چاو لە دەزگا و مێکانیزمی پەروەردە و بارهێنانی حیزبەکان دەکەین، پیاوانەیە. بە گشتی کۆمەڵگای کورد خاوەن رۆح و سیمایەکی پیاوانەیە. بۆ کۆتایی هێنان بەو بارودۆخە پێویستە ژنان هاورێ لەگەڵ پیاوانی باوەڕمەند بە مافی مرۆڤ بە پێی پلانێکی درێژخایەن بۆ پێکهێنانی گۆڕان و چاکسازی هەوڵی جیددی و بێ پسانەوە بدەن.

* **پرسیار**: زۆر جار لە زمان پیاوان و یا بەشێک لە ژنان دەبیسرێ کە ژنان خۆیان لەسەر پرسی ژنان کەم تەرخەمن و زۆر چالاک نینن، ئایا ئەم وتانە راستن؟

* **کاوە ئاهەنگەری**: من زۆر لەگەڵ ئەم بۆچوونە نیم. ئەوە ژنان نین کە چالاک نین یان بلێین ژنان بۆخۆیان نایەنە مەیدان، بەڵکوو ئەوە گوتار و بارودۆخ و کەش و هەوای زاڵ بە سەر کۆمەڵگادایە کە ئیزن نادا ژنان هاوشان لەگەڵ پیاوان چالاک بن. ئەم بۆچوونەم وەک ئەوە دێتە بەرچاو کە بلێین کورد لە تاران بۆ بە دەستەوە گرتنی پۆست و رۆڵە

سیاسییەکان کەمتر خەمە. لەڕاستیدا وانیە و ئەوە سیستەم و هەلومەرجە کە ئیزنی حزوورێکی عادڵانە و شیاو بە کورد نادات. بۆ مەسەلەی ژنانیش هەر وایە. بە گشتی ڕامان، گوتار و کرداری پیاوانە زاڵە و جێیەکی بۆ حزووری ژنان نەهێشتوەتەوە. بە باوەری من باشترین پێوانە بۆ ئەم مەبەستە "مرۆڤ بوون: ە کە دەتوانێ زۆر زووتر بۆ گەیشتن بە پارسەنگێک لەم پێوەندییەدا یارمەتیدەرمان بێ.

⁕ **پرسیار**: هەر وەک ئاگادارن هەموو هێز و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان ڕێکخراوێکیان بۆ پرسی ژن بە ناوی جۆراوجۆر پێک هێناوە. ئایا ئەو ڕێکخراوانە تا چ رادەیەک توانیویانە سەرنجی بیرورای گشتی و یان ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان کە داکۆکی لە مافی ژنان دەکەن بۆ لای پرس و مافەکانی ژنان و یان ئەو زۆڵم و نابەرانبەرییەی کە دەرحەق بە ژنانی کورد دەکرێ ڕاکێشن؟

⁕ **کاوە ئاهەنگەری**: لەم پێوەندییەدا ژنانی نێو ریزی حیزبەکان و ئەندامانی ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان توانیویانە لە قەدەر ئیمکانات و دەسترۆیشتوویی خۆیان کار بکەن. ئینسافەن زۆریان زەحمەت کێشاوە و ئێستاکە چەند ڕێکخراوی ژنانی سەر بە حیزبەکانی کوردستان لە ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی وەک SIW بەشدارن. لە ئاستی کوردستانیش، ڕێکخراوەکانی ژنانی سەر بە حیزبە کوردستانییەکان پێکەوە تۆڕێکی هاوکاری و پێوەندی باشیان لەگەڵ یەک هەیە و زۆر جار پێکەوە چالاکی و پروژە بەڕێوە دەبەن. هەندێک ڕێکخراوەی دیکەی تایبەت بە ژنان لە نێوەخۆ و دەرەوەی وڵات هەیە کە چالاکن. بە گشتی ئەم شێوە و رادە لە کار و تێکۆشانە دەتوانێ لە درێژخایەندا لە نێوان ژنان و ڕێکخراوەکانی کوردستانی لە لایەک و بیانییەکان لە لایەکیترەوە بۆ درووستکردنی تۆڕێکی پێوەندی و هاوکاری بەسوود بێ. ئەوەی لەم پێوەندییەدا گرینگە، چالاکتربوون و پرۆفیشناڵکردنی خەباتی سیاسی ژنانی کورد و ڕێکخراوەکانیان لە ئاستی کوردستانی و جیهانیدایە

⁕ **پرسیار**: وەک دوا وتە چ پەیامێکتان هەیە بۆ ژنان و بۆ ئەو مرۆڤانەی داکۆکی لە مافی ژن دەکەن؟

⁕ **کاوە ئاهەنگەری**: پێش هەموو شتێک هیوای سەرکەوتنم هەیە و داوای بەردەوام بوونیان لەم ئەرکە ئینسانی، قورس و گرینگەدا لێدەکەم. بۆ سەرکەوتن لەم خەباتە شیاوەدا زۆر گرینگە کە کوردستان و کورد ئەو جۆرەی کە هەیە بناسرێ و لەسەر ئەساس و بنەمای پێکهاتەی مێژوویی، کولتووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای خۆمان لەو خەباتە بێ پسانەوەیەدا بەردەوام بن.

## وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە بۆ بەڕێز بیژەن قارەمانی ناردرا بوون:

بەڕێز کاک ڕحمان نەقشی سڵاو و ڕێزی تایبەت! کاکە گیان من بە هووی کار و گرفتی ڕۆژانە بەداخەوە نەپرژامە سەر وەڵامی پرسیارەکانتان بوویە داوای لێبوردن دەکەم. ئەم بیانە زۆر بە خیرای ئەم کۆرتە بووچونەم نووسی لە سەر مافی ژن و رۆژی ژن. دیارە من روانینم بۆ مافی ژن و کێشەی ژن جیاواز لە ئەم دروشمانەی کە بە سیما و قەوارەی ژنی دا هەڵدەڵین. ژن بە نێوەی کۆمەڵم دەزانم و بە پی ئەم نیوەیەش دبی تیکەڵ بە بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد بێت، کە جیاواز لە دروشمی حیزبەکانە. بەداخەوە تا ئیستاش رولی ژن لە بزوتنەوەی کوردستان دا دیاری نەکراوە هەر کردویانتە پاشکوی خەباتی پیاوان! دیارە ئێستا لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان بەشداری ژنان لە خەبات شیوەکاری خۆی هەیە کە لەم نیوە دا "باکوور" لە شاخ و لە شار تایبەتمەندی خۆی هەیی و جێگای هیوا و هومیدە بە نیسبەتی داهاتووی ئەم وەڵاتە بەڵام لە بەشەکانی تر وا نییە ........... لە گەڵ ڕیزم بیژەن


**٨ مارس ،، ئای لەم رۆژە! ئەوەش کۆرتە نووسراوەیەکی من لە سەر رۆژی ژن .**



**بیژەن قارەمانی**

ئەمرۆ لە ناکاو کە سەردانی ماڵپەرەکانم کرد و بە ئاسپای پنجرەی "فیسبووک" م کردوە، چاوت رۆژی ڕەش نەبیینی قیامت بوو!!!؟ باس باسی "ژن، مافی ژن، یەکسانی و بەرابەری" بوو، کەس نورەی کەسی نەدەدا! سەرم سوڕمابوو کە چۆن بە رۆژیک

ئەم هەمووە فمینیستە سەریان هەڵدا و ئەم گەشتە مانێفیستەیان لە سەر مافی "ژن" نووسی!؟ خۆ ئەگەر ژنێک باسی ئەم ڕۆژە و مافی ژنی کردوە، باوەڕت هەبێت سەد پیاو زیاتر کومێنتیان داناوە. خۆ ئەگەر ڕێکخراوەیەکی سەر بە ژنان پیامی تایبەتی لەم ڕۆژە دا دابێت، دفتەری سیاسی هەموو حیزبەکان پیامی دوو قات و سێ قاتیان داوە ((چۆن حیزبەکان بەداخەوە دوو یا چەند بەشن))! باشە خۆ ئەمرۆ ٨ مارس هەر چەند کاتژمێری ماوە کۆتایی دیت، سەبینی ٩ مارسە ئەوکات چۆن بیر لە مافی ژن و ئەرک و بەرپرسیاریتی ژن لە کۆمەڵگا دا دەکیتەوە و چ مافیکی بۆ قائیل دبێت!؟ ڕاستە "ژن" لە کۆمەڵگای ئێمە دا دەچەوسیتەوە و تا ئێستاش هەر بەردەوامە و تایبەت بە دەسەڵاتیش نیی، ئەم دیارەیی هەموو جستەی کۆمەڵگای داگرتووە وەک شیرپنجەی لی هاتووە بەڵام "ژن" نیوەی کۆمەڵە و بە پێ ئەم دروشمە دەبی هەوڵ بۆ مافی نەتەویی و ئازادی وەڵات بەدا! ئەگەر ژنی کورد ئەمرۆ بەشداری لە بزوتنەوەی ڕزگایخوازانەی وڵاتەکەی نەکا، بی گۆمان بە مافی یەکسانی خۆی ناگا هەر لە چوارچیوە دروشم دا دمێنیتەوە هەر وەک تا ئێستا ماوتەوە! چوونە پێشی ئاستی بزوتنەوەی ژنان لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان تایبەتمەندی خۆی هەیی، بەڵام حاشا لەوەش ناکری لە کوردستان باکور چ لە شاخ و چ لە شار تیکەڵ بە بزوتنەوەی نەتەویی بووە کە خاڵێکی گرینگی بزوتنەوەی کوردە! ئەم تایبەتمەندی لە بەشەکانی تری کوردستان زۆر کەم ڕەنگە زیاتر ئەرک و مافی ژن لە دەسەڵات و حیزب "دروشم" دیاری دەکا و دەوری سەرکی دەگیڕی. جا بوویە لەم ڕۆژە منێش هەر وەک یەک لە هەرە "فمینیستە توندرەوەکانی ژنی کورد لە تاراوگە" کە لە دروشم دانی بێ کردوە ماندو بوو، هیچ پەیامیکم نیە بۆ ئەم ڕۆژە چۆن دەزانم دەچیتە خانەی "شعار" ژنی کورد زۆر لەوە گەورەترە بە دروشم بەریقەدارەکانی ڕۆژی هەشتی مارس فریووی بەدی! هەشتی مارس بۆ ژنای وڵاتانی پێشکەوتوو ڕۆژی سەرکەووتنە بۆ ژنانی وڵاتی من "دایک، هاوسەر، خۆشک، هاوڕی،......"ڕۆژی نابەرابەری و بێ عەدالەتی، کە دەسەڵات، کۆمەڵگا، حیزب، کەلتوری دواکەوتوو و تەنانەت ژن بۆخۆشی لە خۆی دەکا. مادام کە ژن نیوەی کۆمەڵە دەبی وەک ئەم نیوەیی سەیری مافی خۆی بەکا و هەولێ بۆ بەدا، جا بۆ ژنی کورد سەرەتاییترین ماف مافی نەتەوەیی کە بی گۆمان مافی هاوبەشی "ژن و پیاوە". جێگای خۆیەتی ژنانی ڕۆژهەڵات لەم ڕۆژە دا زیاتر بیر لە داهاتووی کۆمەڵگاکەیان بەکەنەوە کە تووشی چ قەیرانێک بووە بەرەو چ ئاقاریکی نادیار دا تیپەڕ دەبێت. کۆمەڵگای ئێمە بە گەشتی لە ناوخۆ و تاراوگە تووشی قەیران هاتووە ((دیارە ئەم دۆخە لە تاراوگە زۆر زیاتر )) بۆ چارەسەری ئەم وزعە و کۆتایی ئەم تەراژەدیی ئەرکی تاک تاکی کۆمەڵە کە هەولی خۆی بەدا. ژن نیوەی کۆمەڵە "ژن و پیاو" پێک هێنەر و تەواوکەری کۆڵگان! ئەرکی وەک یەک و بەرپرسیارەیتی وەک یەکیان هەیی جا بوویە هەر کۆتاهێک لەم بوارە دا خۆیان لی بەرپرسیارن. هەشت مارس و ئەم هەموو شوعار و مراسمە کۆتایان پی دێت هیچ شتێک ناگۆردریت تا بۆخومان هەولی گۆڕین نەدین. لە بیرتان بێت سەبینی ٩ مارسە ئاو بە ئاور دادەکریت تا ساڵیکی تر و هەشتی مارسیکی تر ..................!




**ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**٨ی مارچی ٢٠١٣**